# ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (455) دووشەممە 2017/5/1 - 11ی گوڵانی 2717 (750) دینار


## پارێزەرەکانی دلین داوای هەڵدانەوەی گۆڕەکەی دەکەن



**ڕووداو- هەولێر**

ئافرەتێکی تەمەن 22 ساڵ بەناوی دلین ئەحمەد حەسەن، دانیشتووی شاری دهۆک، لە ڕووداوێکی تەمژاویدا دەمرێ. ماڵی باوکی ئافرەتەکە دەڵێن کچەیان کوژراوە، بەڵام ماڵە خەزوورانی دەڵێن حەبی خواردووە. فەوزیە سدیق، دایکی دلین بە (ڕووداو)ی گوت "لەلایەن ماڵی خەزووریەوە ئاگادار کراینەوە کە دلین هەندێک حەبی ڤیتامینی خواردووە، بۆیە بردوویانەتە نەخۆشخانە، بەڵام کاتێک چووینە نەخۆشخانە بینیمان چەند شوێنێکی جەستەی ڕەش و شین ببووەوە و نەیدەتوانی قسە بکات و چاویش بکاتەوە. پزیشکێیش پێیگوتم پێناچێت بە حەب خواردن وای لێهاتبێت، بەڵکو زەبرێکی بەرکەوتووە". باوکی دلین سکاڵای لەسەر هاوژینی دلین و خەزوور و خەسووەکەشی تۆمارکردووە. حەوت پارێزەر وەک خۆبەخش کار لە دۆسیەکەیدا دەکەن. پارێزەر هەڤاڵ وەهاب ڕەشید کە یەکێکە لەو پارێزەرانە بە (ڕووداو)ی گوت "لە دادگا کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە هۆکاری مردنی کچەکە خۆکوژی بووبێ، بەڵام ئەمەش دوورە لە ڕاستی، شوێنی ئەشکەنجەدان بە جەستەی دلینەوە دیاربووە". گوتیشی "باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی بزانرێت هۆکاری مردنەکەی چییە، هەڵدانەوەی گۆڕی دلین و لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادی و لیژنەی لێکۆڵینەوەیە کە ئەمەش 100% هۆکاری مردنەکەی دەردەخات".

«12

### حیزبەکان وەڵامی نەخشەڕێگاکەی یەکێتی نادەنەوە
5

### چیرۆکی کوشتنی بنلادن لە زاری بکوژەکەیەوە
4



بەختیار کەریم
### چوار سوارەی گوندی ئیتاڵی
19



بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق:

# شەڕی داعش 15 ملیار دۆلار زیانی لە کەرتی نەوت داوە

«3

بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پلاندانانی عێراق: گەندەڵی لە داهاتی عێراقدا زیاترە لە 50%

36 ملیار دۆلار بۆ کارەبا خەرج کراوە، کەچی ڕۆژانە تەنیا 8 کاژێر کارەبا هەیە

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:
## ئەمریکا دەبێ ناوبژیوانی لەنێوان پەیەدە و پارتی بکات
«6

ڕاپۆرت 7
### لە گەڕەکی عەسکەریی خورماتوو ئەگەر نەڕۆی دەکوژرێی



ڕاپۆرت 4
### لە ترسی دەستدرێژیی داعش، قژی کچەکەی هەڵدەپاچێ

ڕاپۆرتە هەواڵ 2
### لە کوردستان تەنیا 3150 کەس مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان هەیە



تەندروستی 15
### حەبی کرم دەدرێتە قوتابیان



## 131 لە هەولێر دەستگیردەکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لەسەر تەقەی خۆشی لە شەوی بەڕێوەچوونی یاری کلاسیکۆ لە شاری هەولێر و دەورووبەری ڕایگەیاند: "لە هەڵمەتەکەدا تاوەکو ئێستا 131 کەس دەستگیرکراوە، 56 کەسیان لەلایەن پۆلیس و 75یشیان لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون".

عەبدولخالق تەڵعەت، دەڵێت: "کەسانێک لەو شەوەدا دەستگیرکراون چەکیان پێبووە و تەمەنیان 14 و 15 ساڵان بووە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە ئەو چەکانە هی باوک و برایان بووە، کەسانێکیش دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەمان لەگەڵی کردووە بەبێ ئەوەی دوو یانەکە بناسێت لەو شەوەدا هەر لەخۆیەوە تەقەی کردووە" بە گوتەی بەڕێوەبەری پۆلیس هەندێک کەس لەو شەوەدا بە چەکی قورسی وەکو دۆشکە تەقەیان کردووە.



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (455) - دووشەممە 2017/5/1



## پەرلەمانتارێک: دەبێ یاسای هەڵگرتنی چەک لە کوردستان هەموار بکرێ

# لە کوردستان تەنیا 3150 کەس مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان هەیە

### گوتەبێژی پۆلیس:
### لەماوەی 24 کاژێردا 70 کەس بەهۆی چەکی بێ مۆڵەتەوەدەستگیرکراون

**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئەو ئامارانەی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە دراونەتە (ڕووداو)، تەنیا 3150 کەسی مەدەنی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان هەیە، ئەوە لەکاتێکدا لەهیچ شوێنێکی دنیا هێندەی هەرێمی کوردستان چەک لەنێو خەڵکی مەدەنیدا بڵاو نییە. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت لە ماوەی 24 کاژێردا 70 کەسیان لەسەر هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت دەستگیر کردووە.

لە هەرێمی کوردستان زۆر کەم ماڵ هەیە چەکی تێدا نەبێت. زۆر لەوانەشی چەکیان هەیە، سەر بە هیچ هێزێکی ئەمنی یان پێشمەرگە نین، بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) مۆڵەتی چەک هەڵگرتن لە کوردستان تەنیا دراوەتە 3150 کەس (سلێمانی 1500، هەولێر 1200 و دهۆک 450 مۆڵەت).

جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە و کارمەندانی ئاسایش، پۆلیس و دژە تیرۆر، هاووڵاتیی سڤیلیش دەتوانێ داوای مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک بکات، ئەو مۆڵەتەش لەلایەن ئیدارەی پارێزگاکانەوە دەدرێ.

سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت، دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی چەک دراوە بە پارێزگا و ئیدارەکان، ئەمەش بۆ سنووردارکردنی چەکهەڵگرتنە.

بەڵام چەکداری لە هەرێمی کوردستان سنووردار نییە، زۆربەی تاوانەکانی کوشتن، ڕووداوی خۆکوشتن، ڕفاندن، هەڵکوتانە سەر خەڵکی و هەڕەشەکردن لە کوردستان کە ڕۆژانە ڕوودەدەن، بەهۆی چەکەوە دەکرێن. بەهۆی ئەوەی چەک لە زۆربەی ماڵاندا هەیە، کەم ڕۆژ هەیە هەواڵی ڕووداوێکی دڵتەزێن نەبیستی، لە هەرێمی کوردستان، پێشمەرگە و کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکانی وەکو پۆلیس، لە دوای دەوام چەکەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە ماڵەوە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەڵمەتێکیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت کردووە و لە ماوەی 24 کاژێردا 70 کەسیان دەستگیر کردووە کە چەکی بێ مۆڵەتیان هەڵگرتووە. بەڵام ئەم هەڵمەتانە هەمیشە شتێکی کاتی و لەناکاون و زۆربەی جارانیش لە شوێنێکی دیاریکراو دەکرێن، واتە سیاسەتێکی بەردەوامی حکومی نییە بۆ نەهێشتنی دیاردەی چەکداری، وەکو ئەوەی تا ئێستا وەکو کێشەیەکی جددی تەماشا نەکرابێ.

مافپەروەر ئەسعەد ڕەزاق، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر بە وەکالەت باسی مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی چەک دەکات و دەڵێت "ئەو کەسەی داوای مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک دەکات، دەبێ ڕەزامەندی چوار فەرمانگە وەربگرێ (تەندروستی، پۆلیس، ئاسایش و پەنجەمۆر). کەسەکە کێشەی تەندروستی (جەستەیی و دەروونی) نەبێ، پێشتر هیچ تاوانێکی نەکردبێ، دۆسیەی لە ئاسایش نەبێت و پەنجەمۆریشی پێنەکرابێت لەسەر هیچ کەتن و تاوانێک. هەروەها نابێت تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر بێ".

سەبارەت بەو چەکانەی مۆڵەتیان دەدرێتێ، ئەسعەد ڕەزاق گوتی "مۆڵەت تەنیا بە هەڵگرتنی دەمانچە و کلاشینکۆف دەدرێ، هەڵگرتنی چەکی قورس یان چەقۆ، چەکی ڕاو، شیر لە دەرەوەی یاسان".

گوتیشی "خەڵکانێک هەبووە داوای مۆڵەتی چەکی قورسیان کردووە، بەڵام پێمان نەداون".

لە سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڕەپانی تایبەت بە فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی هەیە.

ئەیوب عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ باسی کڕین و فرۆشتنی چەکیان کردووە، بەڵام وەزارەت پێیڕاگەیاندوون بەهۆی ئەوەی پێشمەرگە و هێزە ئەمنیەکان بەشێکی چەک و پێویستیەکانیان لەو شوێنانە دەستدەکەوێ، ناتوانن دایانبخەن".

### سزای هەڵگری چەکی بێ مۆڵەت چییە؟

لە بڕگەی سێی یاسای ژمارە 16ی تایبەت بە چەک کە ساڵی 1993 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە، باسی سزای ئەو کەسانە کراوە کە بەبێ مۆڵەت چەک هەڵدەگرن: "ئەوەی بەبێ مۆڵەتپێدان چەکی ئاگرین یان عەتادەکانی لەژێردەستدا بێ یان هەڵیبگرێ، سزاکەی بەندکردنە کە لە ساڵێک کەمتر نییە، هەروەها غەرامە دەکرێ. ئەگەر مۆڵەتیشی هەبێت، بەڵام لە خۆپیشاندانێک یاخود کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا هەڵیبگرێ، بە هەمانشێوە سزادەدرێ.

شوان شێخ ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە ئەو یاسایە پێویستی بە هەمواركردنەوە هەیە، چونکە تارادەیەک کارئاسانی بۆ هەڵگرتنی چەک دەکات.

## ژنە کلینیکسخۆرەکە قسە بۆ (ڕووداو) دەکات

# 1104 پارچە کلینێکسی خواردووە

### دوای قسەی مەلا عەلی کەوتم

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

(ن.خ) بۆ دابەزاندنی کێشی، پەنای بۆ کلینێکس خواردن برد، بەڵام ژیانی کەوتە مەترسییەوە و پزیشکەکان فریای کەوتن. ئەو ژنە دەڵێت ڕۆژانە لە چوار کاتی جیاوازدا 24 پارچە کلینێکسی خواردووە. دوای 46 ڕۆژ بەردەوامبوون لە خواردنی کلینێکس گەدە و ڕیخۆڵەکانی تووشی ئازار بووە.

(ن) نایشارێتەوە دوای ئەو بانگەشەیەی مەلا عەلی کەڵەک کەوتووە کە خەڵکی هاندەدا کلینیکس بخۆن بۆ دابەزاندنی کێشی لەش "من لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن مەلا عەلی کەڵەکم بینی بانگەشەی بۆ خواردنی کلینکس دەکرد، گوێم لێگرت کە دەیگوت ژنێک بەهۆی خواردنی کلینێکسەوە لە ماوەی مانگێکدا 60 کیلۆگرام لە کێشی دابەزاندووە، منیش کێشی لەشم زۆر بوو، بۆیە بڕیارمدا بیخۆم".

ئەو ژنە ڕۆژانە 24 پارچە کلینێکسی خواردووە و بۆ ماوەی 46 ڕۆژیش لە خواردنی کلینێکس بەردەوام بووە، واتە لە ماوەی ئەو 46 ڕۆژەدا 1104 پارچە کلینێکسی خواردووە.

(ر) کەسێکی نزیکی (ن)ە و بە گلەییەوە باس لە ڕووداوەکە دەکات و گوتی "کاتێک کەسێک ئازارێکی دەبێت هانا بۆ پزیشک و نەخۆشخانە دەبات تاوەکوو چارەسەری بکەن، بەڵام ئەوان دونیایان لە ئێمە گەیاند، ئێمە نەمانزانی چۆن ڕاگەیاندنەکان پێیانزانی و هاتن. پێشموایە ئەوەی کرا تەنیا وەک لێدانێک بوو لە کەسایەتی مەلا عەلی کەڵەک". (ر) دەشڵێت "سوپاسی پزیشکەکانی نەخۆشخانەی ڕۆژهەڵات دەکەین کە زۆر بە نەخۆشەکەمانەوە ماندوو بوون، بەڵام نەدەبوو بابەتەکە ئەوەندە گەورە بکرایە".

سەبارەت بە کاریگەریی خواردنی کلینیکس لەلایەن (ن)ـەوە، (ر) بە ڕووداوی گوت "لەو ماوەیەی (ن) کلینیکسی دەخوارد، زیاتر لە 8 کیلۆگرام کێشی دابەزی". دەشڵێت "شەش کەسی دیکەش دەناسم کە دەستیان بە خواردنی کلینیکس کردووە، یەکێک لەوانە لەنزیکەوە دەناسم کە لە ماوەی یەک مانگدا، 12 کیلۆگرام لە کێشی دابەزیوە".

(ر) سەبارەت بە بارودۆخی تەندروستی (ن) یش گوتی "ئێستا تەندروستی زۆر باشە و لەڕێگەی نازوورەوە توانرا کلینیکسە کەڵەکەبووەکەی ناو سکی دەربهێنن".

(ر) نایشارێتەوە کە دەیویست سکاڵا لەسەر پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە تۆمار بکات، بەڵام دواتر پەشیمان بووەتەوە "لەماوەیەکی زۆر نزیکدا نەخۆشکەوتنی (ن) هەموو میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی، بۆیە سەرەتا بڕیارماندا سکاڵا لەسەر پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە تۆمار بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی پزیشکەکان زۆر زوو بەهانامانەوە هاتن و ماندوو بوون، پاشگەز بووینەوە".

مەلا عەلی کەڵەک کە خۆی وەک شارەزا و تەنانەت پزیشکێکی "پزیشکی نەبەوی" دەناسێنێ، هێشتا سوورە لەسەر بانگەوازکردن بۆ خواردنی کلینێکس و بە داهێنانی خۆی وەسفی دەکات. مەلا عەلی گوتی "ئێستاش سوورین لەسەر ئەو داهێنانە و گوتوومانە پێش خواردنی هەر ژەمە خواردنێک یەک کلینێکس بخۆن، واتە ڕۆژانە سێ کلینێکس بە نیو فنجان زەیتەوە لەگەڵ ئاو دەبێتە چارەسەر بۆ زۆر نەخۆشی".

مەلا عەلی بەسەرسوڕمانەوە باس لەوە دەکات کە خەڵکانێک هەن زێدەڕۆییان لە خواردنی کلینێکس کردووە و نەمردوون "خەڵک هەبووە بەهۆی خواردنی کلینێکسەوە لەماوەی یەک مانگدا 25 کیلۆگرام کێشی دابەزیوە، بە سێ ڕۆژ یەک پاکەت کلینێکسی تەواو کردبوو، پێم سەیر بوو ئەو هەمووەی خوارد و نەشمرد".

مەلا عەلی بڵاوبوونەوەی کەیسی ئەو ئافرەتە بە کارێکی بەئەنقەستی وەزارەتی تەندوستی و پزیشکەکان دەزانێت و دەڵێت "وەزارەتی تەندروستی 65 جار منیان ناردووەتە بەردەم دادگا بۆ لەکەدارکردنم، بەڵام خۆشبەختانە بە سەرکەوتوویی لێی دەرچووم".

پزیشکەکان دەڵێن هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە کە خواردنی کلینێکس سوودی هەبێ. دکتۆر زانیار نوری، پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی هەناو بە (ڕووداو)ی گوت "هەر شتێک بەڵگەی زانستی لەسەر نەبێت، کاریگەریی خراپی بەدواوە دەبێت. لەڕووی زانستییەوە چارەسەر بە کلینێکس بۆ دابەزاندنی کێش یان هەر نەخۆشییەکی دیکە، دوورە لە ڕاستییەوە".

## بو هێژا سەروکێ هەرێما کوردستانێ مەسعود بارزانی زور بەڕێز

سلاڤ و ڕێز..

بەرسڤا داخازا هاوولاتی (حسن نورالدین صالح)

هاوولاتی حسن نورالدین صالح ل ڕوژناما ڕووداو یا ژمارە (450) ل ڕوژا 2017/3/27 بەلاڤکریە کو زورداری لێ دهێتە کرن ژلایێ (شێخ شڤان صالح بارزانی)ڤە بێی کو چ بەلگێن یاسایی هەبن، داخازا وی پێک دهێت ژ شەش خالان ئەم دێ بەرسڤا وی دەین بشێوەکێ دروست و دێ سەلمینین ب بەلگێن یاسایی کو هاتیە سەنەدکرن ژلایەنێن فەرمی.

1- ئەو دبێژیت کو (شێخ شڤان) دوو شوقە ل ئاڤاهیێ وی لسەر ناڤێ خو تومارکرینە بێ کو هیچ ماف هەبیت و بەهایێ وان شوقا (300.000) دولارن.

ئەڤ شوقە هاتینە تومارکرن لدویڤ بڕیارا دادگەها بەرایی یا دهوک یا ژمارە ب/2015 و هەروەسا لدویڤ نڤیسارا ئەنجوومەنێ وەزیران ڕێڤەبەریا گشتی فەرمانگەهێن وار ڕێڤەبەریا باجە، بەلێن کرنا دهوکێ یا ژمارە 2602/ 2014 ل ڕوژا 2015/5/13 کو لدویڤ بڕیارا ژمارە 72/ت ت/2016 یا ئەنجومەنێ دارایی سەروکاتیا تێهەلچوونا ناوچا دهوک و نڤیسارا ژمارە 2717 و2718 ل ڕوژا 2016/6/15 یا وەزارەتا داد/ ڕێڤەبەریا گشتی فەرمانگەهێن داد/ ڕێڤەبەریا جێبەجێکرنا دهوک کو داخاز ژ ڕێڤەبەریا تومارکرنا دهوکێ دکەت هەردو شوقێن ژمارە 2606/1 و1/-2616 13 اسلام بشێوەیەکێ یاسایی بهێنە تومارکرن لسەر ناڤێ (شڤان صباح سلیمان) و هەردو سەنەدێن ژمارە 56/ حزیران 2016/ 508 و 57/حزیران/ 2016 کو سەنەدا تابویێ ملک صرف لسەر ناڤێ (شڤان صباح سلیمان) ب شێوەکێ ڕەسمی هاتینە تومارکرن.

ئەڤ هەمی نڤیسارانە ئەوە یا گوتنا هاولاتی حسن نورالدین، دیار دکەن ئەرێ کەسەک دشێت ملکێ ئێکی لسەر ناڤێ خو تومار بکەت بێ کو هیچ مافەک هەبیت؟

دەربارەی بهایێ شوقا کو دبێژیت (300.000) دولارن، ئەڤەژی چ ڕاستی بو نینە لدویڤ نڤیسارا ژمارە 2602/ 2014 لروژا 2016/6/8 یا وەزارەتا داد/ ڕێڤەبەریا گشتی فەرمانگەها داد/ ڕێڤەبەریا جێبەجێکرنا داد/ دهوک کو کوژمێ ڤان شوقا هاتیە دیارکرن بشێوەکێ فەرمی و یاسایی ئەوژی (61.000.000) دینارن ئەرێ چاوان ئەڤ شوقە هاتینە تومارکرن بێ حەق یانژی بشێوەکێ یاسایی؟ ئەمرێ جەنابێ هەوە ڕێزدار.

2- (حسن نورالدین) دبێژیت کو (شێخ شڤان صباح سلیمان) هێزا ئامادە سوات ئینایە سەر ئاڤاهیێ من.

لدیڤ نڤیسیارا ژمارە 2604/ 2014 لروژا 2016/11/20 وەزارەتا داد/ ڕێڤەبەریا گشتی فەرمانگەها داد/ ڕێڤەبەریا جێبەجێکرنا دهوکێ/ کو ئاراستەی بنگەهێن پولیسێن هێزا ئامادە کریە (سوات) ئەوژی کو دهێتە دیارکرن ژ ڤێ نڤیسارێ کو (حسن نورالدین): + قەرداره. ب- مولکی چول ناکەت. ج- ڕێکێ ل فەرمانبەرێن دادگەهێ دگریتن بێ حەق. د- گەفا ب چەکێ لێ دکەت.

ئەرێ کێ هێزا ئامادە (سوات) ئینایە سەر ئاڤاهیێ؟ شێخ شڤانی یانژی لایەنێن فەرمی و یێن پەیوەندیدار؟ ئەرێ گوتنێت کیژ لایەنی دروستن؟ بەرسڤ بو جەنابێ هەوەیە ڕێزدار.

3- (حسن نورالدین) دبێژیت ل 2016/12/1 ل دەمێ ئەز ژ ئەورووپا دزڤریم هاتمە دەستەسەرکرن ل فروکەخانەیا هەولێرێ ب هانایا ترومبێلەکێ کو ئەز گرتم.

ئەڤە چ ڕاستی بو ڤێ گوتنێ نینن چونکی لدویڤ بڕیارا وەزارەتا داد/ ڕێڤەبەریا گشتی فەرمانگەها داد/ ڕێڤەبەریا جێبەجێکرنا دهوکێ/ یا ژمارە 2604/ 2014 ل ڕوژا 2016/8/14 کو ئاراستەی دادگەها لێکولینا دهوکێ دکەت بو دەستەسەرکرنا تاوانباری ل ڕوژا 2016/11/13 دادوەرێ ڤەکولینا دهوکێ یاداشتا دەستەسەرکرنا بو تاوانبار (حسن نورالدین) دەرئێخست لدویڤ مادد (242) ژ یاسا سزادانا عیراقێ.

پرسیار: ئەرێ (حسن نورالدین) هاتیە دەستەسەرکرن ل فروکەخانا هەولێرێ بوهانا ترومبێلێ بو هەکو ئەو دبێژیت ئانژی لدویڤ وان بەلگێت هاتینە پێشکێشکرن ژلایێ مەڤە؟ ئەمر بو جەنابێ هەوە یێ ڕێزدار.

4- حسن نورالدین دبێژیت نوکەژی (شێخ شڤان شێخ صباح بارزانی) داخازا مولکێ من دکەت ل ڕوژا 2016/4/13 سکالایەک هاتە تومارکرن ژلایێ (شێخ شڤان) ژ پێش (جمیل رمزان) ڤە نەک ڕاستەوخو بو حسن نورالدین ئەڤەژی لدویڤ دوسیێیا ژمارە (316/ب/2016) و لدویڤ ماددێت یاسایی ژمارە (316 و 362) یاسا شارستانی کو (شێخ شڤان) مافێ هەی سکالا تومار بکەت ژ پێش جەمیلی ڤە، ئەڤ مافەژی ژلایێ یاسایێ ڤە یێ هاتیە دان بو هەر هاولاتیەکی.

5- هاوولاتی (حسن نورالدین) دبێژیت حاکمی گوتە من ئەگەرژی نەشێیە ئێکی بێژە خودێ حەقێ من ژێ چێکەت. داخاز ژ جەنابێ هەوەیێ ڕێزدار دکەین کو حسن نورالدین ناڤێ وی دادوەری ئاشکرا بکەت و ڤەکولین دگەل بهێتە کرنێ ئەرێ ئەڤ گوتنە ڕاستە یانژی نە؟

6- حسن نورالدین دبێژیت دادگەها دهوکێ کەتینە بن کارتێکرنا شێخ شڤانی ڤە، داخاز ژ جەنابێ وەیێ ڕێزدار دکەین کو ڤەکولین بهێتەکرن و ئەڤ گوتنە بێتە سەلماندن ژلایێ حسن نورالدین ڤە بەرەڤاژی ڤێ چەندێ دێ بەرپرسیاربیت بەرامبەر یاسا.

بو زانین ئەم دێ سکالایەکێ تومارکەین ل دادگەها ڤەکولینا دهوکێ لسەر حسن نورالدین، چونکی بێ بەلگە ڕابوینە ب بەلاڤکرنا گوتنێن نە ڕاست و تەشهیرکرنا سمعا مە و دادوەر و دادگەهێ و لایەنێن فەرمی و حکومی.

مە دڤێت بو جەنابێ هەوەیێن ڕێزدار ڕون بکەین کو پشتی هاوولاتی حسن نورالدین بێهیڤی بووی ژ بڕیارێن دادگەهێ کو دبەرژەوەندیا ویدا نە دەرکەت ڕابو ب سەرەدانا پاراستنا دهوکێ و هەولێرێ و مەکتەب سەروک ل هەولێرێ و نڤیسینگەها سەروک وەزیران و نڤیسینگەها پەرلەمانی لقا دهوک و ڤان هەمی لایەنا جابا مە فرێکر پشتی دانوستاندن مە ل گەل کری و ئەڤ هەمی بەلگێن یاسایی مە پێشکێش کرین کو دویڤچوون هاتە کرنێ ژلایێ وانڤە ئەم هاتینە ئاگەهدارکرن کو کێشە ب کوتایی هات، چونکی کێشەکا یاساییە و دادگەهێ بڕیارا لسەر دا د بەرژەوەندیا مەدا.

لدویماهیێ داخازێ ژ جەنابی هەوەیێ ڕێزدار دکەین کو ڤەکولین بهێتە کرن دگوتن و بەلگەیێن هەردوو لایەنا و بڕیارەکا دادوەرانە بهێتە دان ژلایێ جەنابێ هەوەڤە و سزادانا لایەنێ کەمتەرخەم و ئەم ژی ژلایێ خوڤە ئامادەینە بو جێبەجێکرنا هەمی مەرجێن یاسایی چونکی کەس ل کوردستانێ ژ یاسایێ بەرزتر نینە... و هەر سەرکەفتی بن و ئەمرێ جەنابێ هەوە.

**پارێزەر نزار توفیق بامەرنی**
**بریکارێ شێخ شڤان شێخ صباح بارزانی**



إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
المديرية العامة للدوائر العدلية
مديرية تنفيذ دهوك

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Justice

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوک

No:
Date: 8 / 6 / 2016

ژمارە/ ٢٦٠٤ / ٢٠١٤
ڕێکەوت/ ١٨ / ٣ / ٢٧١٦ ی کوردی

بۆ / ڕێڤەبەریا تۆمارکرنا خانووبەرا - دهۆک

ب / ڕاکرنا نیشانا دەستەسەرکرنێ وتۆمارکرنا مۆلکی

ئاماژە بنڤیسارا مە یا ژمارە (٢٦٠٤/٢٠١٤) لرێکەفتی (٢٠١٥/١/٢٨)
ونڤیسارا هەوە یا ژمارە (٤٨٠) لرێکەفتی (٢٠١٥/١/٢٨)
بڕیار هاتە دان نیشانا دەستەسەرکرنێ ڕاکەن لسەر هەردوو مۆلکێن ژمارە (٢٦١٩/١) و (٢٦٥٦/١) کەرتێ (١٣/ مالطا اسلام) ئەوێن تۆمارکرین بناڤێ قەرداڕ (حسن نورالدین صالح) وبهێنە تۆمارکرن بناڤێ بکرێ قەردەر (شڤان صباح سلیمان) کو بو کەفتیە برێکا سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا لروژا (٢٠١٦/٥/١٥) بکوژمێ (٦١,٠٠٠,٠٠٠) شێست وئێك ملیون دینار، هیڤی یە مۆلکێ ئاماژە پێکری بهێتە تۆمارکرن بناڤێ بکرێ لسەری دیارکری ونیشان کرن دتۆمارێن هەوەدا وئاگەهداریا مە بکەن ... دگەل ڕێزگرتنێ ...

هدى زاهد سليمان
(جێ بەجێ کاری داد)

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 455 ) - دووشەممە 2017/5/1



## سەعدی پیرە: موفاجەئەمان دەبێت

ڕووداو- هەولێر

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕایگەیاند، بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان "موفاجەئەمان" دەبێت، بەبێ ئەوەی ئاشکرای بکات.هەروەها کاوە محەممەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت، نەک پەرلەمانی عێراق، ئەگەر پێویست بکات کاراکردنەوەی پەرلەمان دەبەینە ئەنجوومەنی ئاسایش. سەعدی ئەحمەد پیرە لە بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆی کەناڵی ڕووداودا باسی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کرد و گوتی "لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ پارتی باسمان لە کاراکردنەوەی پەرلەمان کردووە، هەرچەندە پارتی ڕەتینەکردووەتەوە پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بەڵام جارێ پەلەیان نییە. وەکو یەکێتی پرۆژەمان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان هەیە و موفاجەئەی تێدا دەبێت، بۆ زەمینەسازیش لەگەڵ لایەنەکان گفتوگۆ پێویستە".

### بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق:

# شەڕی داعش 15 ملیار دۆلار زیانی لە کەرتی نەوت داوە

سالی ڕابردوو زیاتر لە 45 ملیار دۆلار بۆ کڕینی پێداویستی چووەتە دەرەوە

بانکی ناوەندیی عێراق:

یەدەگی عێراق لە 2013 گەیشتبووە 90 ملیار دۆلار، کەچی ئێستا 53 ملیارە

36 ملیار دۆلار بۆ کارەبا خەرج کراوە، کەچی هێشتا کارەبای نیشتیمانی لە ڕۆژێکدا 6 بۆ 8 کاژێرە

هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر



زیاتر لە نیوەی ئەو پارەیەی عێراق لە ساڵی ڕابردوودا لە داهاتی ناوخۆ و فرۆشتنی نەوت دەستی کەوتووە، بۆ کڕینی پێداویستی چووەتە دەرەوە. ئێستا بەرپرسانی عێراق سەرقاڵی داڕشتنەوەی پلانێکی پێنج ساڵین بۆ بونیاتنانەوەی عێراق.

حکومەتی عێراق بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە شاری هەولێر گفتوگۆ لەسەر داڕشتنی پلانێکی پێنج ساڵی دەکەن. وەزارەتی پلاندانانیش دەڵێت جێبەجێکردنی پلانەکە پێویستی بە 400 ملیار دۆلارە، بەڵام هەرێمی کوردستان بەشێک نییە لە پلانەکە.

د.مەحموود داغر، بەڕێوەبەری دارایی لە بانکی ناوەندیی عێراق کە یەکێک بوو لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەرخستنی پلانەکە ئاسان نییە، چونکە ساڵانە بە ملیارەها دۆلار لە پارەی عێراق دەچێتە دەرەوە".

داغر بە ئامار و داتا قسە دەکات و دەڵێت "یەدەگی عێراق لە 2013 گەیشتبووە 90 ملیار دۆلار، کەچی ئێستا 53 ملیار دۆلارە".

حکومەتی عێراق بۆ دابینکردنی 95%ی بودجەی ساڵانە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێ. وەک بەڕێوەبەرە داراییەکەی بانکی ناوەندی دەڵێت :"تەنیا ساڵی ڕابردوو 45 ملیار دۆلار بۆ کڕینی کاڵا چووەتە دەرەوە". ئەمە لە کاتێکدایە کە ساڵی ڕابردوو بودجەی عێراق 70 ملیار دۆلار بووە.

بەرپرسانی عێراق پێش ڕاپۆرتەکانی شەفافیەتی نێودەوڵەتی دەکەون لەسەر گەندەڵی و ڕیزبەندی وڵاتەکەیان لە لیستی وڵاتە ناشەفافەکاندا. بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پلاندانانی عێراق کە لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوو، بە (ڕووداو)ی گوت "گەندەڵی و دزینی داهاتی عێراق ئەوەندە زۆرە حیساب ناکرێ". گوتیشی "دەزانین ڕێژەی گەندەڵی لە داهاتی عێراق زیاترە لە 50%. ئەو ڕێژەیەش ئێجگار زۆرە".

بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پلاندانانی عێراق

گەندەڵی لە داهاتی عێراقدا زیاترە لە 50%

ئەو وەزارەتی کارەبای عێراقی بە نموونە هێنایەوە و گوتی "تاوەکو ئێستا تەنیا لە کەرتی کارەبا 36 ملیار دۆلار خەرج کراوە، کەچی ڕۆژانە کارەبای نیشتیمانی تەنیا 6 بۆ 8 کاژێرە، تۆ ئەو هەموو پارەیە خەرج بکەی و کارەبات نەبێ ئەوە چی پێدەڵێن جگە لە دزی و گەندەڵی!". گوتیشی "لە گەندەڵی و دزینی پارە مەترسیدارتر لە عێراق دانانی خەڵکانێکە کە کاریان بەس دزینی پارەیە".

عێراق ئێستا سەرقاڵی داڕشتنەوەی گەورەترین پلانە بۆ ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژێرخانەکەی، کە بە پلانی (پێنج ساڵە) ناودەبرێ. عەلائەدین جەعفەر، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی سیاسەتی ئابووری لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "پلانەکە بۆ ئەوەیە عێراق چۆن داهاتی زیاد بکات و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێ".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پلاندانانی عێراق وەکو تەخمین باسی بودجەی ئەو پلانە پێنج ساڵییە دەکات و دەڵێت "تەخمین دەکرێ لە نێوان 350 بۆ 400 ملیار دۆلاری پێویست بێ".

بەشێکی سەرەکی داڕشتنەوەی ئەو پلانە بەهاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بووژاندنەوەی عێراقی دوای داعشە. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق باسی ئاماری گەورەی ئەو زیانانە دەکەن کە بەر ناوچەکانی شەڕ کەوتوون.

ئیستەبرەق ئیبراهیم، بریکاری وەزارەتی نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە بە (ڕووداو)ی گوت "80%ی ئەو شارانەی شەڕی داعشیان تێدا کراوە وێران بوون". ئیستەبرەق کە وەک خۆی دەڵێت 39 ساڵە لەو وەزارەتەیە، گوتی "زۆربەی شارەکان بەجۆرێک تێکچوون کاولکاری بەهەموو کەرتەکانی ژیانەوە دیارە، بەتایبەت شاری ڕومادی لەهەموو شارەکانی دیکە زیاتر زیانی بەرکەوتووە".

تاوەکو ئێستا شەڕی داعش کۆتایی نەهاتووە، بەتایبەت ئێستا شەڕ لە مووسڵ دەکرێ و هێشتا شەڕی حەویجەش دەستی پێنەکردووە. بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارانەی شەڕیان تێدا کراوە، بریکاری وەزارەتی نیشتەجێبوون و ئاوادانکردنەوە دەڵێت پێویستیان بە 70 ملیار دۆلارە.

شەڕی داعش بە تەنیا زیانی بە باڵەخانە و ڕێگاوبانی عێراق نەگەیاندووە، بەڵکو یەکێک لە گەورەترین پاڵاوگەکانی نەوتی عێراق بەهۆی شەڕی داعشەوە تێکچووە.

زیا جەعفەر، بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو زیانەی بەهۆی هاتنی داعشەوە بەر کەرتی نەوتی عێراق کەوتووە زیاتر لە 15 ملیار دۆلارە، تەنیا لە پاڵاوگەی بێجی نزیکەی 10 ملیار دۆلار بووە".

زیا جەعفەر زانیاری نوێ لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عێراق ئاشکرا دەکات و دەڵێت "عێراق پلانی هەیە بۆ پێنج ساڵی دیکە هەناردەی نەوت بگەیەنێتە حەوت ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا".

یەدەگی نەوتی عێراق بە نەوتی هەرێمی کوردستانەوە 152 ملیار بەرمیلە. بەگوێرەی ئامارەکانی بانکی ناوەندیی عێراق کە بە (ڕووداو) دراون، لە ساڵێکدا عێراق زیاتر لە 25 ملیار دۆلار دەستحەقی کۆمپانیا نەوتییەکانی داوە. زیا جەعفەر دەڵێت "بۆ ئەوەی عێراق کڕیارەکانی خۆی لەدەست نەدات نرخی نەوتەکەی 4 بۆ 5 دۆلار لە نرخی نەوتی برێنت هەرزانتر دەفرۆشێ".

### پارتی: نامەی چوار پەرلەمانتارەکە داوای پشتگیریی گەندەڵی دەکات نەک دژایەتی

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

نامەیەکی چوار پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکانی گۆڕان، یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو، بۆ پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا، قسەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، دوای ئەوەی دەرکەوت نامەکە هەڵەی زەقی تێداکراوە. گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت ئەوان لە نامەکەیاندا لە جیاتی ئەوەی داوای دژایەتی گەندەڵی بکەن، داوای پشتگیریی گەندەڵییان کردووە.

نامەکە کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە و واژۆی پەرلەمانتاران عەلی حەمەساڵح (گۆڕان) عیزەت سابیر (یەکێتی) شێرکۆ جەودەت (یەکگرتوو) و سۆران عومەر (کۆمەڵ)ی بەسەرەوەیە، بەهۆی ئەو هەڵە زۆرانەی لە نامەکەدا هەبوون، بووە جێی باسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

#### سەرۆک و جێگری سەرۆک وەڵامی یەکدی دەدەنەوە

ڕۆژی 2017/4/27 ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بە ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڵاوکردەوە و بێ ئاگایی ئەوانی لە گەشتی ئەو چوارە پەرلەمانتارە ڕاگەیاند. هەر هەمان ڕۆژ نووسینگەی ڕۆژنامەوانیی سەرۆکی پەرلەمان لە سلێمانی وەڵامی ئەو ڕوونکردنەوەیەی دایەوە و گوتی "ئەو ڕوونکردنەوەیە گوزارشت لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ناکات و هیچ بەهایەکی نییە. سەرۆکی پەرلەمان ئاگاداری سەردانی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکانە، سەردانەکەشیان بە نووسراوی ڕەسمی نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان پشتڕاست کراوەتەوە".

بەڵام شێرکۆ جەودەت، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "من بە شەخسی داوەتکرابووم نەک وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو".

فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بە پەرلەمانتارێک بەشداری ئەو شاندەیە لە زمانی سەرۆکی فراکسیۆنەکەوە بێ ئاگاییان لەو سەردانە دەربڕی و ڕەتیانکردەوە نوێنەرایەتی ئەوان بکات.

بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هیچ نوێنەرێکمان بە فەرمی نەناردووەتە پەرلەمانی ئەورووپا. ئەو نامەیەشی کە ئاراستەی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا کراوە، تەنیا گوزارشت لە هەڵوێستی ئەو کەسانە دەکات کە واژۆیان کردووە، نەک هەڵوێستی فەرمی فراکسیۆنی یەکێتی".

#### شێرکۆ جەودەت: گرنگ ناوەڕۆکی نامەکەیە


To: The Precedency of European Parliament
Subject: Support Requisition

Wish you all the best.

We as parliament members and on behalf of the four main political parties in Iraq-Kurdistan Region which represents 58 of 111 seats of the parliament ,asking for your supports in the below main points:

1- Activate the parliament of Iraq –Kurdistan region, because it had been blocked illegally by militaries in October 12, 2015 till now.
2- Democratic process in the Iraq-Kurdistan region went back to the first quarter of democracy because of the illegal control of the regional precedential position.
3- Your supports to the Iraq-Kurdistan region regarding security, financial supports, refugees,...etc are very important but it should spend on a transparent and accountable ways to protect it from the high level of corruptions.
4- The high level of corruption in the Iraq-Kurdistan region needs your supports for real and strategic reforms in the sectors of (Economy, Oil and Gas, Rule of Low, Services Infrastructures...etc).
5- Kurdistan Regional Government not distributed the public sector salaries for five months and this has very bad effects on the living conditions of the citizens.
6- Peaceful solutions for the internal political problems in the Iraq-Kurdistan region.

We are sure that you will do your possible best efforts to support us in the above main points.

Thanks again for your efforts and wish you all the best.

Mr.Aly Hama Salih (Goran Movement)
Dr.Ezzat Sabir (Patriotic Union of Kurdistan)
Dr.Sherko Jawdat (Kurdistan Islamic Union)
Mr.Soran Omar (Islamic Group)

پارتی قسەی خۆی هەیە لەسەر سەردانی ئەو شاندە بۆ دەرەوە. محەممەد عەلی گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم سەردانە شەخسیە و بە ڕێکارە یاساییەکانی چوونی شاند بۆ دەرەوەی کوردستان نەڕۆیشتووە، جگە لەوە ئێمە زۆر نیگەرانین لە دابەزینی ئاستی پرۆتۆکۆلی شاندەکە و کۆبوونەوەکانی".

جیا لە ناکۆکیی فراکسیۆنەکان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر سەردانی ئەو چوار پەرلەمانتارە بۆ ئەورووپا، یاداشتەکەی ئەو چوار پەرلەمانتارە زۆرترین قسەی لەسەر کراوە. هەندێک دەڵێن هەڵەکانی نێو نامەکە نەنگییە بۆ دیبلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان. بەشێکی دیکەش زەقکردنەوەی هەڵەی نێو نامەکە بە بێبایەخکردنی نێوەڕۆکی نامەکە دەزانن کە باسیان لە چاکسازی، گەندەڵی و کاراکردنەوەی پەرلەمان کردووە.

گوتەبێژی پارتی کە دەڵێت ماستەر و دکتۆرای بە ئینگلیزی خوێندووە و شارەزایی لەو زمانەدا هەیە، دەڵێت " ئەو نامەیە زۆر لاوازە و تەعبیرەکانی زۆربەی هەڵەیە، ئەو زمانەی نامەکەی پێ نووسراوە ئینگلیزی نییە. زۆربەی داواکاری و خاڵەکانی نامەکە مانای پێچەوانەیان داوە. بۆ نموونە لە شوێنێک لە جیاتی ئەوەی داوای بنبڕکردنی گەندەڵی بکەن کەچی داوای پشتگیریان لە گەندەڵی کردووە".

لەبارەی ئەو هەڵانەی لە نامەی ئەو چوار پەرلەمانتارەدا ڕوویداوە، شێرکۆ جەودەت دەڵێ: "هیچ شتێک بێ هەڵەو کەموکوڕیی نابێت، گرنگ ناوەڕۆکەکەیە". شێرکۆ جەودەت هەروەها دەڵێت "نامەکە ڕەشنووس بووە و هەندێک لە هاوکارانمان هەڵەیان کردبوو، پاشان بۆمان ڕاستکردنەوە، نوسخە ڕاستەکە پێشکەشکراوە، نەک ئەوەی دزەی کردووە و بڵاوبووەتەوە".

بەهرۆز جەعفەر، خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە بەدواداچوونی بۆ ئەو نامەیە کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"نامەکە جگە لەوەی چەندین هەڵەی زمانەوانیی تێدایە، لە هەمان کاتدا ناوەڕۆکەکەشێ باتڵە، چونکە نووسیویانە بە ناوی چوار پارت و فراکسیۆنەوە، کەچی فراکسیۆنێکی وەکو یەکێتی لێی ئاگادار نییە".

پارێزگار وەڵامی نەدانەوە

### مۆڵەتەکەی ئەنجوومەن بۆ پارێزگاری دهۆک تەواو بوو

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک:

ئەگەر پارێزگار وەڵامان نەداتەوە، وەرگرتنەوەی متمانە لە جێگرەکەی دەخەینە کارنامەی ئەنجوومەن

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە نووسراوێک داوای لە پارێزگاری دهۆک کردووە کە سێ ناو بۆ پۆستی جێگری پارێزگای دەستنیشانبکەن بۆیان ڕەوانە بکەن، بۆ ئەوەی "جێگرێکی شەرعی" لە ئەنجوومەن هەڵبژێرن. بەڵام دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر نووسراوەکە، هێشتا وەڵامی نەداونەتەوە. جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێت ئەگەر پارێزگاری دهۆک وەڵامان نەداتەوە، لێسەندنەوەی متمانە لە جێگری پارێزگار دەخەینە کارنامەی ئەنجوومەن.

نزیکەی سێ ساڵە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک هەڵبژێردراوە و پارێزگاریش لەلایەن ئەو ئەنجوومەنە دیاری کراوە، بەڵام جێگرێکی پارێزگاری پێشوو هەر لە پۆستەکەی خۆیدا ماوەتەوە و لەلایەن ئەنجوومەنی نوێوە متمانەی پێنەدراوە.

بەپێی یاسای ژمارە سێی ساڵی 2009 (یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان) لە ماددە شەشدا هاتووە :سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەگەڵ دوو جێگری پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوەبەر ناحیەکان دەبێ لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگایی دهۆک پەسەند بکرێن.

ئیدریس هەرکی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگایی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "لە ڕۆژی 2017/3/7 نووسراوێکمان بۆ پارێزگاری دهۆک ناردووە کە لە ماوەی 15 ڕۆژدا ناوی سێ کەسمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی یەکێکیان وەکو جێگری شەرعی پارێزگاری دهۆک دەستنیشان بکەین، بەڵام هەتا ئێستا پارێزگار وەڵامی نووسراوەکەی ئێمەی نەداوەتەوە".

ئیدریس هەرکی باسی هەنگاوی دوای ئەوە ئاگادارکردنەوەیەی کرد و گوتی "بەپێی یاسا ئەگەر وەڵامان نەدەنەوە، مەسەلەی وەرگرتنەوەی متمانە لە جێگری پارێزگار دەخەینە کارنامەی ئەنجوومەن و متمانەی لێوەردەگرینەوە".

پارێزگاری دهۆک دوو جێگری هەیە، یەکێک لەوانە پێش

#### سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک ئیستیحقاقی خەڵکی زاخۆیە

شەش مانگ درایە یەکگرتوو ئیسلامی کوردستان و لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکیش متمانەی پێدرا، بەڵام جێگرەکەی دیکەیان کە لە پشکی پارتییە نزیکەی چوار ساڵە ئەو پۆستەی وەرگرتووە و متمانەی ئەنجوومەنی نوێی پێنەدراوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی گوت پارێزگار ڕازی بووە کەسێکی دیکە بە جێگری پارێزگار دابنرێ، بەڵام لەسەر کاندیدەکان یەکلایی نەبووەتەوە، چونکە بەشێک لە بەرپرسانی کارگێڕی پارێزگای دهۆک پێیان باشە ئەو پۆستە بدرێتە مەسیحییەک، بەڵام حیزب پێی باشە کەسێکی زاخۆیی لەو پۆستە دابنرێ. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئێستا لقی پارتی لە ئاکرێ ئەوانیش هاتوونەتە سەر خەت و دەڵێن دەبێ ئەو پۆستە بدرێتە ئاکرەییەکان".

هشیار گولی، سەرۆکی فراکسیونی پارتی دیموکراتی کوردستان کە زاخۆییە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە وەکو فراکسیونی پارتی ئەو پۆستە بە مافی خەڵکی زاخۆ دەزانین، چونکە سەرەتا وا بە خەڵکی زاخۆ گوترابوو کە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی دهۆک دەدەنە خەڵکی زاخۆ، لە پای ئەو دەنگە زۆرانەی پارتی لە هەڵبژاردنەکان لە قەزای زاخۆ بەدەستی هێنابوو، بەڵام دواتر پۆستەکە درایە کوردێکی ئێزدی".



## بارزانی داوای یەکلاکردنەوەی ناوی پێشمەرگە لە دوو دەزگا دەکات

رووداو- هەولێر

رۆژی یەکشەممە 2017/4/30 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی حکومەت و هەردوو دەزگای ئەیلوول و پێشمەرگە دێرینەکانی کرد، قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانیش ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو. بەگوێرەی راگەیێندراوێکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لەو کۆبوونەوەیەدا تیمی حکومەت "راپۆرتی خۆی لەبارەی هۆکاری دواکەوتنی چارەسەرکردن و جێبەجێکردنی داواکانی هەردوو دەزگای ئەیلوول و پێشمەرگە دێرینەکان خستووەتەڕوو". لە کۆبوونەوەکەدا بارزانی جەختیکردووەتەوە "پێویستە هەردوولا تەفاهومی یەکدی بکەن، لە یەکلاییکردنەوەی ناوی پێشمەرگەکان و موستەحەقاتیان رەچاوی دادپەروەری بکرێت و ماندووبوون و خەباتی پێشمەرگەکانپشتگوێنەخرێت".

راپۆرت
رووداو
ژمارە (455) - دووشەممە 2017/5/1

کراوە بە کتێب

# چیرۆکی کوشتنی بنلادن لە زاری بکوژەکەیەوە

رووداو- هەولێر

مانگی ئایاری 2011، تیمێکی هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکا ئەرکی راوکردنی داواکراوترین پیاوی سەر گۆی زەوییان پێدرا. ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە ئوسامە بنلادن، سەرۆکی رێکخراوی قاعیدە بوو کە لە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمیدا لە ناوچەی ئەبوت ئاباد لە باکووری رۆژهەڵاتی پاکستان خۆی حەشار دابوو. شەش ساڵ دواتر چیرۆکی ئەو ئۆپەراسیۆنە لەلایەن ئەو کەسەی بنلادنی کوشتووە، لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاودەکرێتەوە.

رۆبەرت ئۆنەیل، تەمەن 41 ساڵ کە مەدالیای شانازیشی پێدراوە، لە کتێبی "زی ئۆپەرەیتەر- ئەنجامدەری ئۆپەراسیۆن"، وردەکاری ئەو شەوە دەگێڕێتەوە کە بە تفەنگەکەی دەستی کۆتایی بە ژیانی بنلادن هێنا. کتێبەکەی ئۆنەیل کە هەفتەی رابردوو بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکی 400 ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەو جەنگاوەرە ئەمریکییەی تێدایە کە سەرتۆپیان ئۆپەراسیۆنەکەی کوشتنی سەرۆکی قاعیدە بوو.

بەپێی گێڕانەوەی ئۆنەیل، کاتێک دەرگا پۆڵاییەکەیان تەقاندبووەوە، بینیبوویان لە پشت دەرگاکەوە دیوارێکی دیکە هەیە. لەو کاتەدا ئۆنەیل هەستی کردبوو ئەم دەرگا ساختەیە بەو مانایەیە کە بنلادن لەو باڵەخانەیەدایە. کاتێکیش دواجار توانیبوویان بچنە نێو باڵەخانەکەوە، هەستی بەوە کردبوو گەڕان بەدوای بنلادن، کە نزیکەی 10 ساڵی خایاندبوو، خەریکە کۆتایی دێت.

ئۆنەیل لە کتێبەکەدا دەڵێت "بە خۆمم گوت کوڕە خۆ گەیشتینێ، ئەمە خانووەکەی بنلادنە. هەستم کرد رەنگە بە زیندوویی لەم شوێنە دەرنەچین، بەڵام ئەمە ساتەوەختێکی مێژووییە و دەبێ چێژی لێوەربگرم".

دواتر تیمی ئۆپەراسیۆنەکە دەستیان بە گەڕان لە نێو باڵەخانە سێ قاتەکە کردبوو، لە کاتی پشکنینەکەشدا هەر ئافرەت و منداڵێکیان بینیبایە کەلەپچەیان دەکرد. دواجاریش بۆیان دەکەوتبوو چوار ژن و حەڤدە منداڵی بنلادن لەو باڵەخانەیەدا دەژین.

بەڵام رووداوی گەورەی ئەو شەوە دۆزینەوە و کوشتنی ئوسامە بووە کە بەپێی تەکتیکە بەراییەکە بۆ جێبەجێکردنەکەی دەبووایە چاوەڕێی هێزی زیاتر بکەن. بەڵام ئۆنەیل دوودڵ بووە. لە بەشێک لە کتێبەکەدا، ئۆنەیل بەم جۆرە باسی ئەو ساتەوەختە دەکات کە بڕیاری دابوو خۆی کارەکە تەواو بکات "بیرێک بە مێشکمدا هات، وەکوو دەنگێک لە ناو خۆمدا بیستمەوە. چیدی تاقەتی ئەو هەموو نیگەرانییەم نەماوە. بە خۆمم گوت با چارەی بکەین، مەسەلەکە ئازایەتی نەبوو، بەڵکو ئەوە بوو تاقەتم نەمابوو. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئیدی ماندوو بووم تاقەتی چاوەڕوانیم نەماوە". بۆیەش دەستێکی لە شانی نیشانشکێنەکە دابوو، وەکوو ئاماژەیەک کە با بڕۆین و ئەویش رازی بوو.






بە گوێرەی گێڕانەوەی ئۆنەیل، لە نهۆمی سەرەوەی باڵەخانەکە چاویان بە دوو ئافرەت کەوتبوو، نیشانشکێنەکە لە ترسی ئەوەی نەکا خۆکوژ بن، خۆی بەسەر هەردوو ئافرەتەکەدا دابوو، بۆ ئەوەی ئەگەر تەقینەوە ئۆنەیل بتوانێ زیندوو بمێنێ و چانسی ئەوەی هەبێ کارەکە تەواو بکات، بەڵام ئافرەتەکان بۆمبیان پێوە نەبوو.

لەو کاتەدا ئۆنەیل روودەکاتە ئەو ژوورەی بنلادنی لێبوو. بەپێی وەسفی کۆنە سەربازەکەی ئەمریکا "بنلادن لە نزیک دەرگاکە و لە تەنیشت تەختی خەوەکە وەستابوو. باڵابەرزتر و لاوازتر بوو لەوەی چاوەڕێم دەکرد، ریشی کورتتر بوو و قژیشی سپیتر لەوەی مەزەندەم دەکرد. ئافرەتێک لە پێشی وەستابوو، دەستی ئوسامە لەسەر شانی ئافرەتەکە بوو، بەڵام لە کەمتر لە یەک چرکەدا نیشانەم گرت و دووجار دەستم بە پەلە پیتکەکەدا کێشا. سەری بنلادن شەق بوو و کەوت. گوللەیەکی دیکەشم بەسەرییەوە نا، ئەوەیان بۆ دڵنیایی بوو".

بنلادن نەیدەزانی بەر لە کوژرانی، خالیدی کوڕی لە نهۆمی خوارتر کوژراوە. تیمی ئۆپەراسیۆنەکە پێشتر لەلایەن شرۆڤەکاری هەواڵگرییەوە ئاگادار کرابوونەوە کە رەنگە خالد لەو باڵەخانەیەدا بێت. بەڵام کوڕە 23 ساڵەکەی بنلادن نەیزانیبوو ئەوانەی هاتوونەتە نێو باڵەخانەکەوە هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکان.

لە رووداوەکەدا، یەکەمجار خالد لەسەر قاڵدرمەیەک دانیشتبوو، بەڵام پاش هەستکردن بە مەترسی خۆی لە پشت محەجەرەکان شاردبووەوە. بە گوێرەی کتێبەکە "لەو کاتەدا یەکێک لە ئەندامانی تیمەکە بە عەرەبی بانگی خالیدی کردبوو". خالیدیش سەری دەرکردبوو و گوتبووی "چییە؟"، هەر ئەمەش دوایین وشەی بوو بەر لەوەی نیشانشکێنەکە گوللەیەک بە سەری خالیدەوە بنێ. بەپێی گێڕانەوەی ئۆنەیل گوللەکە بەر چەناگەی خالید کەوت و لە پشت سەرییەوە دەرچوو و کەوت بە زەویدا.

ئۆنەیل باسی نیگەرانی سەربازانی بەشدار لە ئۆپەراسیۆنەکەش دەکات، بۆ نموونە باسی ئەوە دەکات یەکێک لە سەربازەکان ئافرەتێکی کوشتبوو، لەبەر ئەوەی ئافرەتەکە لە ناکاو خۆی خستبووە پێش پیاوێک کە سەربازە ئەمریکییەکە دەیویست تەقەی لێبکات. سەربازەکە نیگەرانی ئەوە بووە ئەم رووداوە دواتر کێشەی بۆ دروستبکات.

سەبارەت بە دۆخی دەروونی خۆی دوای کوشتنی بن لادن، ئۆنەیل دەگێڕێتەوە "مێشکم بۆ یەک لەحزە هیچی تێدا نەمابوو، تاوەکوو یەکێک لە هاوکارانم هاتە ژوورەکەوە و گوتی تۆ ئوسامە بن لادنت کوشت".




بکوژی بنلادن:

## ئەوکاتەی کوشتم دەستی لەسەر شانی ژنەکەی بوو

# لە ترسی دەستدرێژیی داعش، قژی کچەکەی هەڵدەپاچێ

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

پیاوەکان بە ریشێکی درێژەوە و ژنەکانیش بەشێکیان هێشتا ئەو پەچە رەشەیان لانەدابوو کە داعش بە زۆر بەسەریدا سەپاندبوون، ئەمان لەم ماوە درێژەی کە لەبن دەستی داعشدا بەسەریان بردووە، بە تەواوی دەقیان بەو شێوە ژیانەوە گرتووە کە داعش بەسەر خەڵکی ناوچەکانی بندەستی خۆیدا سەپاندوون، ئەم کوردە ئێزدییانە لەگەڵ خۆیان چەندین چیرۆکی تراژیدییان هێناوەتەوە.

رۆژی 2017/4/29 هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر زەوی و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئاسمانەوە، توانییان 36 کوردی ئێزدی لە شارۆچکەی بەعاجی ژێر دەستی چەکدارانی داعش رزگار بکەن. ئەوان لە دوای 2014/8/3 و دوای داگیرکردنی شنگال، لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێنرابوون.

ئەو 36 کەسە گەیێنرابوونە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری دهۆک، کاتێک (رووداو) قسەی لەگەڵ کردن، هێشتا ترس لە داعش لە روخسارياندا بەدی دەکرا.

خاتێ، ژنێکی تەمەن 45 ساڵە، زوو زوو سێ منداڵەکەی لە باوەش دەگرێ وەک ئەوەی ترسی هەبێ دووبارە داعش بیانرفێنێ. ئەو ژنە چیرۆکی رفاندنیانی لەلایەن داعشەوە بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "ئەو رۆژەی داعش هاتە شنگال، ئێمە بەرەو چیای شنگال هەڵاتین، دواتر عەرەبێکی شنگال تەلەفۆنی بۆ کردین و گوتی بگەڕێنەوە داعش هیچتان لێ ناکات، بەڵام کە گەڕاینەوە داعش دەستگیری کردین و بردیانین بۆ قوتابخانەیەک، لەوێ ژن و پیاوەکانیان لە یەکدی جیاکردەوە و ژن و منداڵەکانیان بەرەو تەلعەفەر برد".

ئەو ژنە دەڵێت لەو ماوەیەی لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بووە، هەشت شوێنیان پێکراوە، دواتر لەگەڵ سێ منداڵەکەی لە رەققە لە ماڵی داعشێکی بە رەگەز سعودی دانراوە. ئەو ژنەکە دەڵێت "داعشەکە سێ کچەکەی لەسەر ناوی خۆی تۆمارکردن".

بەڵام زۆر ناخایەنێ ئەو چەکدارەی داعش دەکوژرێ. خاتێ دەڵێت "ئەو چەکدارە ژنێکی دیکەی هەبوو، ژنەکە دوای کوژرانی مێردەکەی، پێیگوتم لە پێناوی مێردەکەم خۆت و منداڵەکانت ئازادن. دواتر لە رێگەی کەسێکەوە هاتینە ناوچەی بەعاج".

یەکێک لە کچەکانی خاتێ، تەمەنی تەنیا نۆ ساڵ بووە، بەڵام دەڵێت چەکدارێکی داعش چاوی تێبڕیبوو. خاتێ گوتی "رۆژێکیان چەکدارێکی داعش هاتە لامان، سەیری کچە تەمەن نۆ ساڵانەکەمی کرد و گوتی ئەوە زۆر جوانە، بەڵام ئێستا بە پەلەم و دواتر دێمەوە. بەر لەوەی چەکدارەکە بگەڕێتەوە، قژیم بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین بڕی، جلێکی شڕیشم لەبەر کرد، بە کچەکەمم گوت ئەگەر چەکدارەکە هاتەوە خۆت وەکو شێت لێ بکە".

بە گوتەی خاتێ، چەکدارەکە دوای سێ رۆژ گەڕاوەتەوە و پرسیاری کچەکەی کردووە، بەڵام ئەو کچەی نەناسیوەتەوە. خاتێ دەڵێت چەندین جار کچەکەی بەو جۆرە لە دەستدرێژیی چەکدارانی داعش رزگار کردووە.

ئەو ژنە لەگەڵ شەش منداڵەکەی رزگار کراون، بەڵام هێشتا چارەنووسی هاوژینەکەی دیار نییە. ئەو دەڵێت "هەر سەرەتا هاوژینەکەم لە ئێمە جیاکرایەوە، هیچ لەبارەی چارەنووسی ئەو نازانم".



(فۆتۆ: رووداو)

### لە ترسی کوشتن بووە موسوڵمان

لەو 36 کەسەی رزگارکران 26شیان منداڵ بوون، لەگەڵ پێنج ژن و پێنج پیاو. ئەحمەد یەکێکە لە رزگاربووان، ئەو کە سەرجەم خێزانەکەی لە چنگی داعش رزگارکراون، چیرۆکی زیندوومانەوەی خۆی و خێزانەکەی باسکرد و گوتی "کاتێک کەوتینە دەستی داعش، داوایان لێکردین ببینە موسوڵمان بۆ ئەوەی ژیانمان پارێزراو بێ، ئێمەش بۆ پاراستنی نامووس و کەرامەتی خۆمان بووینە موسوڵمان. پاشان ئێمەیان بردە نزیک بەعاج و لەوێ کشتوکاڵیان پێدەکردین".

ئەحمەد و ئەوانەی بووبوونە موسوڵمان لەژێر چاودێرییەکی توندی چەکدارانی داعشدا بوون، دەبووایە هەموو ئەرکە ئاینییەکان جێبەجێ بکەن. ئەحمەد دەڵێت "دەبووایە هەر پێنج فەرزەکە بچینە مزگەوت و بە جەماعەت نوێژ بکەین. ئەوەی نەبووایە بە موسوڵمان ژیانی سەلامەت نەبوو".

ئەحمەد و ژمارەیەک کوردی ئێزدی تاوەکو ماوەیەکیش دوای کۆمەڵکوژییەکەی داعش هەر لە کۆچۆ هێڵدرابوونەوە. ئەو دەڵێت "داعش 400 کەسی لە کۆچۆ کوشت، بۆنی تەرمەکان بە شارۆچکەکەدا بڵاوبوبووەوە، هەفتەیەک بوو نەماندەتوانی نان بخۆین".

ئەحمەد قەت ئەو کارەساتانەی بیر ناچنەوە کە داعش بەسەر کچان و ژنانی ئێزدی هێناون و نموونەیەک باس دەکات و دەڵێت "خانووەکەی تەنیشتم هەشت کچی ئێزدی تێدابوون، شەوان بە چاوی خۆم دەمبینی دوو دوو چەکدارانی داعش دەهاتن کچێکیان لەگەڵ خۆیان دەبرد و بەیانیش دەیانهێنانەوە، من دڵنیام دەستدرێژییان دەکردنە سەر".

ئەحمەد زانیاری لەبارەی ئەو گەنج و منداڵە کوڕانە ئاشکرا دەکات کە لەلای داعشن و دەڵێت "راهێنانیان پێدەکردن. چەند رۆژێک بەر لەوەی ئازاد بکرێین، پیاوێک پێیگوتم 20 گەنج و منداڵی ئێزدی لە نزیک تەلعەفەر بۆ داعش شەڕ دەکەن. یەکێک لەو منداڵانەش کە داعش راهێنانی پێکردوون، لە شەڕدا کوژراوە".

ئەحمەد باسی رەوشی داعش دەکات پاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و دەڵێت "داعش بەمدواییە ورەی تەواو رووخابوو، زۆربەیان ژن و منداڵەکانیان بەرەو سووریا و تورکیا برد، ئێستا بەس داعشە بیانییەکان ماون، عەرەبەکانی ناوچەکە زۆربەیان چەکیان داناوە".

سەبارەت بە گوزەرانی خەڵکیش لە سایەی داعش. ئەحمەد گوتی "خواردن زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوت، بە تایبەتی لەو چەند مانگەی دواییدا، مانگانە هەر کەسێک تەنیا دوو کیلۆ ئاردی وەردەگرت".

پیاوێکی کوردی ئێزدی:

## بۆ پاراستنی نامووس و کەرامەتم بە ناچاری بوومە موسوڵمان

# هیچ حیزبێک وەڵامی نەخشەڕێگاکەی یەکێتی نەداوەتەوە

## سەعدی ئەحمەد پیرە:
## نەخشەڕێگامان بۆ یەکێتی و یەکێتییەکان نووسیوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە نەخشەڕێگایەکدا دیدی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دیاری کرد کە لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕاندا سەریانهەڵداوە، نەخشەڕێگەکەشی بۆ زۆربەی حیزبەکان ناردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا وا دەردەکەوێ تەنیا یەکێتی خۆی ڕازی بێت بەسەر ئەو نەخشەیەدا ڕێگا ببڕێ.

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "دەکرێ بگوترێ نەخشەڕێگای یەکێتی بەدەستی ئێمە نەگەیشتووە تاوەکو وەڵامی بدەینەوە"، ناوبراو ڕەتیکردەوە بزووتنەوەی گۆڕان شتێکی بەدەستەوە بێ، وەک وەڵام ئاراستەی یەکێتی بکاتەوە لەبارەی نەخشەڕێگاکەی. بەڵام لەماوەی ڕابردوو، بەرپرسانی بزووتنەوەکە لەڕێگەی نووسین و وتاری تاکەکەسییەوە، نەک نەخشەڕێگاکەیان بەدەرچە و ڕزگارکەر نەزانی، بگرە هەڵوێستی یەکێتییان لەبارەی نزیکایەتی لە پارتی و گۆڕان بەیەک مەودا، سەرکۆنە کرد.

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان، نائومێدی بەشێک لە سەرکردە و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکەی بەرامبەر یەکێتی نەشاردەوە "نەخشەڕێگای یەکێتی بۆ کاتکوشتن دانراوە و بە دیدی ئێمە یەکێتی تەنانەت ئامادە نییە ڕێککەوتننامەی نێوان خۆیی و گۆڕانیش جێبەجێ بکات، نەک نەخشەڕێگا". ئەو هەڵسووڕاوەکەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتیشی "دەبێ یەکێتی بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی دەباشان، ئەوکات بەشێک لە کێشەکان خۆیان چارەسەر دەبن".

هەرچەندە گۆڕان دەڵێت نەخشەڕێگاکەی یەکێتیان بە دەست نەگەیشتووە، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "نەخشەڕێگاکەمان بۆ سەرجەم حیزبەکان ناردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ حیزبێک وەڵامی نەداوینەتەوە".

نەخشە ڕێگاکەی یەکێتی، لە 8 خاڵ پێکهاتووە. لە سەرەتای مانگی شوباتی ڕابردوو دوای هەوڵ و تەقەللای زۆر بۆ ئەوەی سەرکردایەتی حیزبەکە وردە ناکۆکییەکانیان ڕێگەی کۆبوونەوەیەکیان لێنەگرێ، ئەو پرۆژەیان بەرهەمهێنا و جگە لە پابەندکردنی یەکدی بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی نێوخۆیان، داوایان کردووە بۆ گۆڕینی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان و دابەشکردنەوەیان تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو.

تەمەنی قوڵبوونەوەی ململانێ نێوخۆییەکانی باشووری کوردستان، کە گەیشتووەتە ڕۆژێک تەنانەت لەسەر هیچ شتێک نەتوانن ڕێکبکەون، نزیکدەبێتەوە لە دوو ساڵ. لەنێو ئەو ململانێیەدا، ململانێی پرۆژە و نەخشەڕێگاکانیش پەیدابوون. بەجۆرێک ئەوانەی دەست و قاچیان لەنێو کێشەکاندایە، دەخوازن دەستوخەتی ئەوانیش بکرێتە بنەمای ڕێککەوتن.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێیوایە وەڵامنەدانەوەی نەخشەڕێگاکەیان لەلایەن حیزبەکانەوە نەنگی سایسی نییە و واوەتر لەوەش دەڵێ "خۆ ئێمە پرۆژەمان بۆ حیزبەکان و وەڵامی ئەوان نەنووسیوە تاوەکو چاوەڕێی وەڵامی لایەنەکان بین، یان پێویست بێ لایەنەکان وەڵامی بدەنەوە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، گوتی ئێمە نەخشەڕێگامان بۆ یەکێتییەکان نووسیوە "دید و بۆچوونی یەکێتیمان بۆ شێوازی چارەسەری کێشەکان دیاری کردووە و بۆ ئەوە نووسیومانە هەر کەسە و لە ئاوازێک نەخوێنێ، نەک چاوەڕێ بین حیزبەکان وەڵامی ئێمە بدەنەوە، گوتومانە یەکێتی پێیوایە کێشە نێوخۆییەکانی کوردستان و ئاوا چارەسەر دەبن".

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوونەوە .لە کۆبوونەوەکەدا کێشە نێوخۆییەکان، پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتی و گۆڕان، گشتپرسی و نەخشەڕێگای یەکێتی، باسکران.

ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە، نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "بەشێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوە گوتیان دەبێ یەکێتی گشتپرسی بەهەند وەربگرێ، بەڵام کاراکردنەوەی پەرلەمانیش هەروا". گوتیشی "نەخشەڕێگای یەکێتی گفتوگۆی زۆری لەبارەوە نەکرا، بەڵام داواکرا یەکێتی لەسەر ئەو بنەمایە کێشەکان چارەسەر بکات".

نەخشەڕێگاکەی یەکێتی،بەڵێی زۆرینەی سەرکردایەتی ئەو حیزبەی پێنەبوو، بۆیە دوای کەمتر لە سێ هەفتە جارێکی دیکە سەرکردایەتی یەکێتی بۆ گۆڕانکاریی تێیدا کۆبوونەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکانیش هێشتا واینەکرد حزبەکان بەباش یان خراپ قسەیەکی لەبارەوە بکەن.



کامەران بابان زادە، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی هێشتا کۆمەڵی ئیسلامی لەو بارەیەوە وەڵامی یەکێتی نەداوەتەوە "ئەمڕۆ دووشەممە 2017/5/1 سەرکردایەتی کۆمەڵ کۆدەبێتەوە، بەڵام دیار نییە باسی ئەو پرۆژەیە بکرێ یان نا". گوتیشی "ڕای کۆمەڵی ئیسلامی لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا دیاری دەکرێ لەبارەی هەر پرسێکی گرنگ". هەروەها یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش تاوەکو ئێستا لە بارەی نەخشەڕێگاکەیەوە وەڵامی یەکێتی نەداوەتەوە".

ڕۆژی 2017/4/23 مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. دوای کۆبوونەوەکەش ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە لە کۆبوونەوەکە باسی سێ تەوەرکراوە کە دواییینیان پەیوەندی بە نەخشەڕێگاکەی یەکێتییەوە هەبووە. وەک لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە "پرۆژە (نەخشەڕێگا)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای دیراسەکردنی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆی هەمەلایەنەی لەسەربکرێت و وەڵام بدرێتەوە".

پارتی چاوەڕوانی ئەوە لە یەکێتی دەکات، پێکەوە جارێکی دیکە گوڕ و تین بدەنەوە بە پرۆسەی سیاسی و دیدێکی هاوبەش لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی دروستبکەن، بەڵام کاراکردنەوەی پەرلەمان مەرجی بزووتنەوەی گۆڕانە بۆ ئەوەی لەنێو کۆمیتەی ئامادەکارییەکانی گشتپرسیدا ئەندام بێ. هەر بۆیە بەپێی ئەو زانیاریانەی لە چەند سەرچاوەیەکی پارتییەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، پارتی بە یەکێتی گوتووە "ئەولەویەت بەلای ئەوانەوە ئەنجامدانی گشتپرسی و پرسە نەتەوەییەکانە و بە میکانیزمێکی نوێش، کاراکردنەوەی پەرلەمان پەسەند دەکەن کە میکانیزمە نوێیەکەش گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە".

## ڕووداو ناوی نوێنەری لایەنەکان بۆ کۆمیتەی گشتپرسی بڵاودەکاتەوە

# پارتی و یەکێتی نوێنەریان بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتپرسی نەناردووە



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

زۆربەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ کۆبوونەوەی بەرفراوانی لایەنە سیاسییەکان بۆ دروستکردنی کۆمیتەیەکی تایبەت بە گشتپرسی دەستنیشان کردووە و ناوەکانیان ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام پارتی و یەکێتی تاوەکو ئێستا نوێنەری خۆیان بۆ ئەو کۆمیتەیە نەناردووە.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، حیزبە کوردستانییەکانی ڕاسپاردووە، نوێنەری خۆیان بۆ لیژنەی باڵای ئەنجامدانی گشتپرسی لە کوردستان دەستنیشان بکەن، بۆ ئەوەی کۆمیتەیەک بۆ ئەو مەبەستە دروستبکرێ. د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو "پەیوەندیم بە هەموو حیزبەکانەوە کردووە بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە، بۆئەوەی نوێنەری خۆیان بۆ لیژنەی باڵای گشتپرسی دیاری بکەن". بەڵام بەپێی بەدواداچوونی ڕووداو، تاوەکو ئێستا پارتی و یەکێتی کە پتر لە هەموو حیزبەکان سوورن لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی، نوێنەری خۆیان بۆ ئەو لیژنەیە نەناردووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەتا باسی ئەنجامدانی گشتپرسی کرد و دوای ئەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لەگەڵ پارتی بوونە شەریکی ئەو پرسە و پێکەوە سەردانی حیزبەکانیان کرد، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان و بەرەی تورکمانی ئامادە نەبوون پێشوازی لە شاندی هاوبەشی ئەو دوو حیزبە بکەن.

پارتی و یەکێتی لە دوایین کۆبوونەوەی نێوانیان کە ڕۆژی 2017/4/23 لە پیرمام بەڕێوەچوو، بڕیاریان لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە پرۆسەی گشتپرسی دا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی 10 ڕۆژ بەسەر ئەو کۆبوونەوەیەدا، هێشتا نوێنەریان بۆ ئەو کۆمیتەیە دیاری نەکردووە.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەوە بە کێشە نازانێت و بە (ڕووداو)ی گوت : "ئێمە و پارتی لە ئایندەیەکی نزیکدا نوێنەرەکانمان دیاری دەکەین، ئەوە کێشەیەک نییە".

بزووتنەوەی گۆڕان هەر زوو وەڵامی داواکارییەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی دایەوە و ڕایگەیاند ئەوان نوێنەر بۆ کۆمیتەکە نانێرن. ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە هەفتەی ڕابردوو بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە بەدڵنیاییەوە نوێنەری خۆمان بۆ ئەو لیژنەیە نانێرین، چونکە ئەم پرۆسەیە بابەتێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، ئیشی پەرلەمانە بڕیاری لێبدات".

کۆمەڵی ئیسلامی یەکێکی دیکەیە لەو لایەنانەی داوای لێکراوە نوێنەر بۆ کۆمیتەکە بنێرێ. ڕێبوار حەمەد، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"لەگەڵ شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی گفتوگۆمان لەسەر گشتپرسی کردووە، داوای نوێنەری ئێمەیان کردووە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامی کۆتاییمان نەداوەتەوە و نوێنەرمان دیاری نەکردووە".

بزووتنەوەی ئیسلامی نوێنەری خۆی بۆ ئەو لیژنەیە دەستنیشان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا ناوەکەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەناردووە. عەبدوڵڵا وەرتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت: "تاوەکو ئێستا هەنگاوێک بۆ دروستکردنی ئەو کۆمیتە باڵایە نەنراوە، ئەگەرچی بە فەرمی داوا لە ئێمە کراوە نوێنەری خۆمان بۆ ئەو کۆمیتەیە دەستنیشان بکەین، بەڵام بەهۆی بێدەنگی لایەنەکان دروستکردنی کۆمیتەکە هەنگاوی عەمەلی بۆ نەنراوە".

جگە لەو حیزبانەی نوێنەریان لە حکومەت هەیە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوای لە حیزبەکانی نێو پەرلەمانیش کردووە نوێنەری خۆیان دەستنیشان بکەن.

بەڵێن عەبدوڵڵا، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حیزبی زەحمەتکێشان کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە نوێنەری خۆمان بۆ کۆمیتەکە دەستنیشان کردووە و بڕیاریشە لەو کۆبوونەوەیە کۆمیتەکە دروستبکرێت بۆ ئەوەی هەنگاوەکان و میکانیزمەکانی گشتپرسی دیاری بکات".

### تورکمان 3 نوێنەریان ناردووە

جگە لە بەرەی تورکمانی کە بایکۆتی کۆبوونەوەی شاندی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کردووە، زۆربەی لایەنە تورکمانییەکان لەسەر میکانیزمی بەشداریکردنیان لەو کۆبوونەوەیە بۆ دروستکردنی کۆمیتەی گشتپرسی ڕێککەوتوون.

محەممەد ئیلخانی، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان بە (ڕووداو)ی گوت : "زۆربەی حیزبە تورکمانییەکان لەسەر شێوازی بەشداریکردنی پێکهاتەی تورکمان لەو کۆمیتانەی دروستدەکرێت بۆ گشتپرسی ڕێککەوتووین، ئێمە سەرۆک و کەسی یەکەمی ئەو حیزبانەی لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەریان هەیە، بەشداری کۆمیتەکان دەکەین".

محەممەد ئیلخانی گوتیشی :"سێ کەس لە سێ پارت و لایەنی تورکمانی بەشداری کۆبوونەوە و شاندی کۆمیتەکان دەکەین، چونکە یەک کۆمیتە دروست ناکرێت بەڵکو چەند کۆمیتەیەکە، یەکێک سەردانی بەغدا دەکات، یەکێکی دیکە سەردانی وڵاتانی دراوسێ و ئەورووپا، بۆیە هەر کەسێک لە پێکهاتەی تورکمان بەپێی شارەزایی لەو کۆمیتانە بەشدار دەبێت".

### کریستیانەکان خۆیان یەکلانەکردووەتەوە

حیزبە کریستیانەکان سەرەڕای ئەوەی داوای نوێنەریان لێکراوە، بەڵام هێشتا وەڵامی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان نەداوەتەوە. ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری حیزبی بەیت نەهرێن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە 8 پارتی کلدۆ ئاشووری و سریانین لە گفتوگۆداین لە نێوان خۆمان، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نوێنەری خۆمان دیاری دەکەین".

### ناوی نوێنەری لایەنەکان بۆ کۆمیتەی گشتپرسی

خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی
عەبدوڵڵا وەرتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی
هەندرێن ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان
سادق جەباری، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
بەهمەن حوسێن، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
هاوکار مەحموود، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
محەممەد ئیلخانی، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان، نوێنەری تورکمانەکان
ماجید بازرگان، سەرۆکی لیستی هەولێری تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان، نوێنەری تورکمانەکان.
مونا قەهوەچی، جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمانی، نوێنەری تورکمانەکان



## شۆڕشگێڕ دەچنەوە سەر سنوور

ڕووداو- سۆران

دوای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، خەباتی چەکداری بردەوە نزیک سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێستا بە درێژایی 60 کیلۆمەتر لە نزیک سنوورەکانی ڕۆژهەڵات جێگیر بوونە و تەنیا سێ کیلۆمەتر لە هێزەکانی ئێرانەوە دوورن. خەلیل فەتاحی، فەرماندەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شاخ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئامانجی سەرەکیمان پەیوەندی گرتنە لەگەڵ ڕێکخستنەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ئامانجەی لە پێناوی دامەزراوین، لێرە باشتر بۆمان جێبەجێدەکرێت و لە خەڵکی خۆمان نزیکین و دەتوانین زۆر لەو کارانەی ئێستا هەوڵی بۆ دەدەین، لێرە وەدەستیان خەین نەک لە شار".

### گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:

# ئەمریکا دەبێ ناوبژیوانی لەنێوان پەیەدە و پارتی دیموکراتی کوردستان بکات

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، ئەمریکا ژمارەیەک هێزی لە نزیک شارۆچکەی دێربیسێ لە پارێزگای حەسەکە و سەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا جێگیر کرد. فەرماندەکانی یەپەگە ئەو هێزە بە "ئاشتیپارێز" وەسف دەکەن. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ئەسۆشێیتد پرێسیش، سوپای تورکیا لە ڕۆژی شەممەوە هێزێکی زۆری لەسەر سنوورەکانی تورکیا و سووریا جێگیر کردووە.

ئەم جموجۆڵانە لە دوای هێرشەکەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووی هێزی ئاسمانیی تورکیا بۆ سەر شنگال و چیای قەرەچووغ دێن کە ژمارەیەک شەهید و بریندار پێشمەرگە و شەڕڤانی لێکەوتەوە. ئەو جموجۆڵ و ئاڵۆزییانە هاوکاتن لەگەڵ بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوەتی شاری ڕەققە. پرسیاری سەرەکی لە ڕەوشێکی ئاوهادا ئەوەیە ئەم ئاڵۆزییانە چ کاریگەرییەک لەسەر ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ڕەققە و قۆناغی دوای گرتنەوە دادەنێن. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە دوایین ڕاپۆرتیدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی داوە.

> گرتنەوەی ڕەققە کێشەی نوێ دەخولقێنێ

> یەپەگە بەرگەی هێرشەکانی تورکیا ناگرێ

#### یەپەگە هاوپەیمانێکی بەکێشە

لە ئەیلوولی 2014وە یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) هاوبەشێکی سەرەکیی ئەمریکان بۆ جەنگی دژی داعش لە سووریا، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێیوایە: "ئەم هاوبەشییە سەرکەوتنی باشی لەدژی چەکدارانی داعش بەدەستهێناوە، بەڵام ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەپەگەشی بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان کردووە". بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، یەپەگە لەلایەکەوە "هاوبەشێکی جەوهەریی واشنتنە. لە لایەکی دیکەشەوە هاوبەشێکی کێشەسازە، چونکە ئەو هێزە لقی سەربازیی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە لە سووریا".

لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ و نیوەی ڕابردوودا هێزەکانی یەپەگە لەژێر چەتر و ناوی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) کاردەکەن کە هەر بەدەستپێشخەریی یەپەگە لە تشرینی یەکەمی 2015 ڕاگەیەندرا. ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیران ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەرچی هەسەدە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر چەکداری عەرەب ڕابکێشێ، بەڵام ئەو هێزە هەتا ئێستاش "لەژێر فەرماندەیی یەپەگەدان و پشت بەو شەڕڤانانە دەبەستن کە پەکەکە ڕاهێنانی پێکردوون و بڕبڕەی پشتی هەسەدەش پێکدەهێنن".

ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیران کە لە ئاکامی چوار لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ شنگال، سووریا و قەندیل و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا و ئەمریکا کراوە، ئەوە دەخاتەڕوو کە "پێناچێ یەپەگە لە داهاتوویەکی نزیکدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ "پارتی دایک (پەکەکە) بپچڕێنێ". ڕاپۆرتەکە دەشڵێت کادیرە مەشقپێکراوەکانی پەکەکە (کە زۆربەیان کوردی سووریان) پۆستە سەرەکییەکانی یەپەگە و فەرماندەیی هەسەدە و پۆستە حکومییە سەرەکییەکانی ڕۆژئاڤای کوردستانیان لەدەستە.

ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکات "شەڕ و پێکدادانی نێوان تورکیا و پەکەکە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ یەپەگە و شەڕی دژی تیرۆری ئەمریکا لە سووریا". چونکە ئەگەر تورکیا دەست بۆ هێرشی گەورەتر لە هێرشەکەی سەر شنگال و قەرەچووغ بەرێ "ئەوە بەربەستی جیدی بۆ هێرشەکەی هەسەدە بۆ سەر ڕەققە دروست دەکات، چونکە لەو حاڵەتەدا یەپەگە ناچار دەبێ ئاراستەی هێزەکانی بۆ بەرگری لە (ناوچەکانی) خۆی بگۆڕێ".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە "بەپێچەوانەی ناوچە شاخاوییەکانی ژێر کۆنترۆڵی پەکەکە لە تورکیا و باکووری عێراق، ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەپەگە لە سووریا بەشێوەیەکی بەرچاو تەختن، بۆیەش بۆ شەڕی پارتیزانی دەستنادەن کە شەڕڤانانی یەپەگە تێیدا کارامەن". ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە "ئەگەر تورکیا بڕیاری هێرشێکی بەرفراوان لەدژی یەپەگە بدات، پەکەکە و لقەکانی کارێکی ئەوتۆیان لەدەست نایەت بۆ ڕێگرتن لە پێشڕەویی خێرای سوپای تورکیا". ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیران دەشڵێت کە بۆ ڕێگرتن لە هێرشی هێزەکانی تورکیا، یەپەگە پشتی بە وجوودی هێزەکانی ئەمریکا و ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕووسیا بەستووە، بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە "ئەمە گرەوێکە کە هەتا دێت مەترسیدارتر دەبێ".

لە دوای هێرشەکەی قەرەچووخ، بەرپرسانی ئەمریکی هەڵوێستی توندیان لەدژی هێرشەکە نواند، تەنانەت بەرپرسانی واشنتن ڕەخنەی ئەوەشیان لە ئەنقەرە گرتبوو کە ئەمریکا پێش هێرشەکان دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەو هەنگاوە دەربڕیوە، دواتریش کاتی بە هێزەکانی ئەمریکا نەداوە لە شوێنی بۆردومانەکە دوورتر بکەونەوە. بەپێی (وۆڵ ستریت جورناڵ) هێزەکانی ئەمریکا تەنیا شەش میل لە شوێنی بۆردومانەکەوە دوور بوون.

سەرەڕای ئەم هەڵوێستە توندانەی واشنتن لەدژی ئەنقەرە، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێیوایە دواجار ئەمریکا "پەیوەندییەکانی خۆی و تورکیا بە گرنگتر دەزانێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی". ڕاپۆرتەکە دەشڵێت کە هەر ئەوەی ئەمریکا نەیتوانی ڕێ لە هێرشەکەی سەر قەرەچووغ و شنگال بگرێ "هۆشدارییەکە لەوەی کە دەشێ لە داهاتوودا چی ڕوویدات". ڕاپۆرتەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "کاتێک بنکە و بارەگاکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا کۆنترۆڵ کرانەوە و تەحەدای گرووپە جیهادییەکان کەمبووەوە، یەپەگە دەشێ خۆی لە ڕەوشێکی مەترسیداردا ببینێتەوە".

چونکە ئەگەر پێکدادانی نێوان هێزەکانی پەکەکە و سوپای تورکیا تەشەنە بستێنێ، ئەوە "ئیمکانی جموجۆڵی بەرفراوانی تورکیا لەدژی یەپەگە لە سووریاش هەیە. لەوانەشە ئەگەرە بەهێزترەکە ئەوەبێ کە تورکیا لەدیوی سنووری عێراق دەستبکاتەوە کە تێیدا پەکەکە وجوودێکی بەرچاوی لە ناوچەی شنگال هەیە".



(فۆتۆ: AFP)

وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، تورکیا پەیوەندییە قووڵەکانی نێوان ئێران و پەکەکە لە نزیک سنوورەکانی خۆی بە هەڕەشەیەک دەزانێ و "ترسی ئەوەی لێ نیشتووە چیای شنگال ببێ بە بنکەیەکی لۆجیستیکی بۆ پەکەکە".

#### دێرەزوور تەحەددا گەورەکەیە نەک ڕەققە:

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هەرچەندە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەموو سەرنجی خۆیان خستووەتە سەر ڕەققەی پایتەختی داعش، بەڵام داهاتووی دێرەزوور "هەم بۆ چارەنووسی داعش و هەم بۆ ڕەوتی جەنگەکە گرنگترە" لە هی ڕەققە. دیوی ڕۆژئاوای دێرەزوور و فڕۆکەخانەی شارەکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ڕژێمدایە، بەڵام ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی دێرەزوور لە ژێر دەستی داعشدایە. دێرەزوور بایەخێکی ستراتیژیی بۆ داعش هەیە، لەبەر ئەوەی شارۆچکەکانی دیوی باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە خاڵی پێکەوە بەستنەوەی ڕۆژهەڵاتی سووریا و ڕۆژئاوای عێراقن. جیا لەمە دێرەزوور شوێنی کێڵگە نەوتییە گەورەکانی سووریایە، بۆیە هەر هێزێک کۆنترۆڵی بکات، لە دانوستاندنەکانی سووریادا دەتوانێ وەکوو خاڵێکی بەهێز بەکاری بهێنێ.

تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە پێیانوایە "هەوڵدان بۆ ئەوەی هێزەکانی هەسەدە بە شێوەیەکی بنەڕەتی شارەکە بگرنەوە هەنگاوێکی یەکجار مەترسیدارە"، چونکە داعش دەتوانێ ناوبانگی هەسەدە بەوەی هێزێکی کوردی تێیدا باڵادەستە بەکاربهێنێ و لەم ڕێگەیەشەوە تەنانەت دژبەرەکانی خۆیشی لەدژی هێزەکانی سووریای دیموکرات هانبدات. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەگەر دێرەزووریش بەسەرکەوتوویی کۆنترۆڵ بکرێتەوە، گرفتی داهاتوو چۆنێتی بەڕێوەبردنی ناوچەکە دەبێت، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئەم شارە پێویستی بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و عەشایەریی زۆر ئاڵۆزتر لەو ناوچانە هەیە کە لەژێر کۆنترۆڵی پەیەدەدان.

ڕاپۆرتەکە پێیوایە ئەمریکا ناتوانێ ڕێگە بدات دێرەزوور لە لایەن هێزەکانی لایەنگری ڕژێمی سووریاوە کۆنترۆڵ بکرێ، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی لەدیوی عێراق میلیشیا شیعەکان ناوچەیەکی بەرچاویان لە پارێزگای مووسڵ بەدەستە، ئەوە ئێران دەتوانێ وەکوو کۆریدۆرێک لە تارانەوە بۆ سووریا بەکاریبهێنێ، لە کاتێکدا ئەم کۆریدۆرە باشترە لەو ڕێڕەوەی دەشێ بە شنگال و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەپەگە لە سووریا تێپەڕێ.

#### پێشنیازەکانی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:

**یەکەم:** بەرپرسانی ئەمریکی زوو زوو لەگەڵ فەرماندەکانی یەپەگە و بەرپرسانی پەیەدە دادەنیشن، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە بەرپرسانی ئەمریکی دەبێ یەپەگە لەوە تێبگەیەنن کە ئەوان لەناو کۆمەڵێک بەربەستی جیۆپۆلیتیکیدا کاردەکەن.

**دووەم:** ئەمریکا دەتوانێ ناوبژیوانی لەنێوان یەپەگە و پارتی دیموکراتی کوردستان بکات. دەبێ ڕێککەوتن بکرێ، پەکەکە لە شنگال بکشێتەوە و لە بەرامبەریشدا پارتی بە تەواوەتی سنوورەکان بکاتەوە.

# بەرەی یەکگرتووی کورد بە مەرج پشتیوانی لە ڕوحانی دەکات



فوئاد حەقیقی
ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی 2017/4/21 بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان دەستی پێکرد، بەرە بەرە دیوارەکان بە پۆستەری بەربژێرەکان دادەپۆشرێن. بەربژێرەکان هەر لە ئێستاوە کەوتوونەتە گەڕان و سەردانەکانیان. ئەو شوێنەی کە بانگەشەی هەڵبژاردنی تێدا زۆر گەرمە، تۆڕی کۆمەڵایەتی تەلەگرامە کە تاکە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ڕێگەپێدراوە لە ئێران.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر چوار ساڵ جارێک بەدیار بەڵێنی بەربژێرەکانەوە چاوەڕێی هەڵبژاردن دەکات. ئەوان لە ڕابردوودا زۆر بەربژێریان تاقیکردنەوە، بەربژێرەکانیش بەڵێنی زۆریان پێدان، بەڵام کورد دەڵێن هیچ لە بەربژێرەکان ئەو بەڵێنانە جێبەجێ ناکەن کە پێیان دەدەن.

کوردی ڕۆژهەڵات، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی داهاتووی ئێران بژارەی زۆری لە بەردەست نییە. دەبێت لەنێوان بایکۆتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، دەنگدان بە حەسەن ڕوحانی کە پابەندی بەڵێنەکانی نەبووە و بناژۆخوازان کە باوەڕیان بە داواکارییەکانی کورد نییە، یەکێکیان هەڵبژێرن.

هەر ئەوە ئێستا کوردی بەسەر چەندین بۆچوونی جیاوازدا دابەشکردووە. بەرەی یەکگرتووی کورد، کە تەنیا ڕێکخستنێکە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکی دەکات، بە پێچەوانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێشتا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەربژێرەکان ڕانەگەیاندووە.

د.ئازاد موحەممەدیانی، گوتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد بە (ڕووداو)ی گوت "هێشتا خۆمان یەکلانەکردووەتەوە کە پشتگیری لە کام بەربژێر بکەین"، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هێشتا لەگەڵ بەربژێرەکان قسەیان نەکردووە، بۆ ئەوەی بزانن مل بۆ مەرجەکانی بەرە دەدەن یا نا.

بەرەی یەکگرتووی کورد داوای لە بەربژێرە ڕیفۆرمخواز و میانڕەوەکان کردووە لەگەڵیان دابنیشن. بەرە خۆی لە ڕیفۆرمخوازان نزیکتر دەزانێ و دەڵێن ئەوان زیاتر گوێ بۆ داواکارییەکانمان دەگرن.

بەڵام کێشەی بەرە و چالاکانی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ میانڕەو و ڕیفۆرمخوازەکان ئەوەیە کە حەسەن ڕوحانی، لە خولی پێشووی هەڵبژاردندا، کۆمەڵێک بەڵێنی بە کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دابوو، بەڵام زۆربەیانی جێبەجێ نەکردووە.

ئازاد موحەممەدیانی دەڵێ: "بۆ پشتگیری لە ڕوحانی گەرەنتیمان دەوێ". بابەتێک کە زۆر کەس لە چالاکڤانانی دیکەی کورد پێداگری لەسەر دەکەن و دەڵێن: نابێت کورد چەکی سپی بە حەسەن ڕوحانی بدات.

د.کەریم فەتاحپوور، نوێنەری پێشووی ورمێ لە پەرلەمانی ئێران، دەڵێ "لەو دۆخەی ئێستا و لەنێو ئەو بەربژێرانەدا کە ئێستا هەن، حەسەن ڕوحانی لە هەموویان گونجاوترە".

حەسەن ڕوحانی لە خولی پێشوودا بەیاننامەیەکی بە هەوڵی چالاکڤانانی کورد دەرکرد، لە بەیاننامەکەدا کۆمەڵێک بەڵێنی بە چالاکڤانان دابوو، ئەگەر

#### پەرلەمانتارێکی پێشووی کورد: ڕووحانی گونجاوترین بەربژێرە کورد دەنگی پێ بدات

بەڵێنەکانی جێبەجێکردبان، ڕەنگە لەو هەڵبژاردنەدا کورد بەبێ سێ و دوو پشتگیریيان بکردبایەوە.

دیارترین بەڵێنەکانی ڕوحانی بریتی بوون لە خوێندن بە زمانی دایک، دانانی بەرپرسانی کورد لە فەرمانگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ پەرەپێدانی ناوچە پشتگوێخراوەکان، نەهێشتنی ڕوانگەی ئەمنی و جیاوازیکردن، بەڵام حەسەن ڕوحانی بە کەمترینیانەوە پابەند بووە. کەریم فەتاحپوور دەڵێ "ڕوحانی لە چارەسەرکردنی پرسە ناوخۆییەکاندا، بە پێچەوانەی پرسەکانی دەرەوە، سەرکەوتوو نەبووە".

کێشەی کورد ئەمجارە ئەوەیە کە بەربژێرەکانی دیکەش هیچ شتێکیان بۆ کورد نییە و ئەمەش ڕەنگە جارێکی دیکە کورد بخاتەوە باوەشی حەسەن ڕوحانی.

بەگوتەی ئازاد موحەممەدیانی، بەربژێرە بناژۆخوازەکان جێگە و پێگەیەک بۆ ماف و داواکاری کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان ڕەچاو ناکەن و داواکاری کورد لە بیروباوەڕی ئەواندا جێی نابێتەوە.

هەڵوێستی بناژۆخوازەکان و بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانی ڕوحانی وایان کردووە، بازنەی یاریکردنی کورد سنووردار بێ. کەریم فەتاحپوور پێیوایە ئاستی بەشداریی خەڵک لەم خولەی هەڵبژاردندا دوور نییە نزم بێت. ئەو دەڵێ: "پابەندنەبوونی ڕوحانی بە بەڵێنەکانی خەڵکی بێ هیوا کردووە".

لەگەڵ ئەوەشدا چالاکانی کورد پێیانوایە، لە سەردەمی ڕوحانیدا هەندێ کرانەوە هەبووە، باری ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد بە حوکمی هەشت ساڵەی مەحموود ئەحمەدی نەژاد، زۆر توند نەبووە.

جگە لەمانە هەندێ کەس دیاریکردنی باڵیۆزێکی کوردی سوننە و کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە خوێندنی زمانی کوردی لە زانکۆی سنە وەک خاڵی ئەرێنی ڕوحانی دەزانن. بۆیە پێیانوایە دەبێت بۆ ئەو خولەش پشتگیری بکرێتەوە.

بەپێچەوانەوە شەش حیزبی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان — دوو دیموکرات، سێ کۆمەڵە و سازمانی خەبات- ئەمساڵ بە پێچەوانەی هەموو هەڵبژاردنەکانی دیکە، پێکەوە هەڵبژاردنیان بایکۆت کردووە و داوایان لە خەڵک کردووە نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام کۆدار کە بە لقی پەکەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێ، داوای لە خەڵک کردووە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن.

# لە گەڕەکی عەسکەریی خورماتوو ئەگەر نەڕۆی دەکوژرێی



عەدنان سەید حوسێن
رووداو- هەولێر

کاروانێک ئۆتۆمبێلی حەشدی شەعبی کە هەموو جۆرە چەکێکیان پێبوو، ڕۆنگ ساید لە شەقامی سەرەکی شاری خورماتووی (پێشتر زۆرینە کورد) خۆیان کرد بە یەکێک لەگەڕەکەکانی شارۆچکەکەدا، لەو بەشەی بۆ خۆیان جیاکردووەتەوە.

مانگی ئابی 2014 شەش هێزی حەشدی شەعبی لە شاری خورماتوو جێگیرکران کە بریتی بوون لە: (سەرایا سەلام، حیزبوڵڵا، هێزەکانی بەدر، خۆراسانییەکان، عەسایبی ئەهلی حەق و هێزەکانی سەر بە حیزبی دەعوە)، بەگوتەی بەرپرسێکی یەکێتی لەو شارۆچکەیە، ئەو هێزانە ناوچەی دەسەڵاتیان بەیاتە، بەڵام بارەگایان لەنێو گەڕەکە تورکمانییەکانی خورماتوو هەیە.

هەندێک لەو هێزانە بەردەوام هۆکار بوونە بۆ دروستبوونی کێشە لەنێو خورماتوو و دەوروبەری، بەتایبەتی هێزەکانی عەسایب. حەسەن بارام، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە خورماتوو دەڵێت: "بە تەنیشت ئەوانەوە کۆمەڵێک گرووپی مافیایی دروستبوون کە بەردەوام سەرانە وەردەگرن خەڵک دەڕفێنن، تەنیا مانگی رابردوو 14 کەس رفێندراون کە چارەنووسی چوار کەسیان هێشتا دیار نییە. ئەوە جگە لەوەی زیاد لەجارێک دەستدرێژی کراوەتە سەر هاووڵاتیانی کورد و عەرەب، ئەوەی لەگەڕەکی عەسکەری بووبێت، لەسەر ماڵەکەی دەنووسرا نەڕۆی دەکوژرێی".

سەبارەت بەبوونی بەڵگەیەک لەسەر ئەو کارانە، بارام گوتی: "ئەگەر رفاندنی خەڵک لەلایەن ئەو هێزانەشەوە نەکرابێ، هێزگەلێک کردوویانە کە لەژێر سێبەری ئەوان و لە سنووری ئەواندان".

ژمارەی دانیشتووانی کورد لە سەنتەری شاری خورماتووو پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق، بۆ 38% بەرز بووەوە، بەڵام ئامارە نافەرمییەکان دەڵێن لە دوای هاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی، ڕێژەی کورد بۆ نزیکەی 20% دابەزیوە.

حەشدی شەعبی لەدوای نزیکبوونەوەی داعش لە بەغدا لە حوزیرانی 2014 ، بە فتوایەکی عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکان دامەزرا و دەیان هەزار کەسی شیعە مەزهەب لە بەغداو شارەکانی باشووری عێراقەوە خۆیان تێدا ناونووس کرد.

حەسەن جیهاد ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق فتواکەی سیستانی بۆ ساتی دەرچوونی بەگرنگ دەزانێ، هەڵەی گەورەش لەوەدا دەبینێت کە لە 26ی نۆڤەمبەری 2016 ئەو هێزە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بە فەرمی ناسێنرا. حەسەن جیهاد دەڵێت: "ئەوان دەتوانن هەموو شتێکیان هەبێت، هەر لەکڵاشینکۆفەوە تا دەگاتە فڕۆکە، سنوورێکی دیاریکراوی جوگرافییان بۆ دەستنیشان نەکراوە، دەتوانن لە هەموو شوێنێک بن".

هەیکەلی حەشدی شەعبی لەسەر هەمان هەیکەلی بەشێک لەو میلیشیا چەکدارانە دروستبووە کە دوای 2005 لە عێراقدا چالاک بوون. بەپێی ئامارەکان تاوەکو ئێستا 67 گرووپ لە ژێر ناوی حەشدی شەعبی دامەزراون.

ئەگەرچی ئامارێکی دروست نییە لەبارەی ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی، بەڵام ژمارەکە بە نزیکەیی بە 118 هەزار کەس مەزەندە دەکرێت کە 60 هەزاریان بە کردەوە لە شەڕدان و ئەوانی دیکە یان وەهمین، یان توانای جەستەییان ڕێگەیان پێنادات لە شەڕەکاندا بەشدار بن و زیاتر لە شارەکانی خۆیاندا دەمێننەوە.

## گرووپە دیارەکانی حەشدی شەعبی

دیارترین گرووپەکانی حەشدی شەعبی بریتین لە سەرایا سەلامە، لە هەمان گرووپی سوپای مەهدی پێکهاتووە کە کاتی خۆی موقتەدا سەدر لە ساڵی 2007 هەڵیپەساردبوو، بەڵام دووبارە و لە 11ی حوزەیرانی 2014 دا، دوو ڕۆژ پێش فەتواکەی سیستانی ڕاگەیەنرا.

یەکێکی دیکە لەو هێزانە ڕێکخراوی بەدرە کە ناسراوترین و پڕ جەماوەرترین گرووپی حەشدی شەعبییە و ژمارەیان بە 12 هەزار چەکدار مەزەندە دەکرێ، مێژووی ئەم گرووپە دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی رابردوو کە ئەوکات باڵی سەربازیی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بوو.

**لە 67 گرووپی حەشدی شەعبی تەنیا 18یان شوێنکەوتەی سیستانین**

هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوەکە لە سەرەتای 2012 لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی جیابووەوە و هاوپەیمانیی لەگەڵ نووری مالیکی دامەزراند و گرووپەکەش راستەوخۆ لەلایەن مالیکییەوە پشتیوانی دەکرێ.

لەدوای فەتوای سیستانی بەدەیان هەزار گەنجی عێراقی پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکەوە کردووە، بەهۆی بەشداریکردنی سەرکردەکانیشیان لەشەڕی عێراق – ئێران خاوەنی ئەزموونێکی زۆری شەڕکردنن. ڕێکخراوی بەدر خاوەنی چەکی قورسە و بەمەش ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە شەڕی داعشدا. جگە لەوەی بەهۆی پەیوەندیی پتەوی عامری لەگەڵ قاسم سولەیمانی سەرکردەی فەیلەقی قودس، ئەو چەکانەی لەئێرانەوە دێت بۆ گرووپەکانی حەشد، لەڕێگەی ئەوانەوە تێپەڕ دەبێ.

حیزبوڵڵا: ئەم گرووپە سەرکردەکانی ناسراو نین و هەماهەنگییان تەنیا لەڕێگەی ئێرانەوەیە، ساڵی 2007 بە بەیاننامەیەک شەڕی لەگەڵ ئەمریکییەکان ڕاگەیاند، چەکی سووک و مامناوەندیان هەیە و هەندێکجار هێزی تۆپهاوێژی ئێرانی بەچەکی قورس پاڵپشتییان دەکات.

عەسائیبی ئەهلی حەق: ئەمەش یەکێکە لەگرووپە دیارەکان و ساڵی 2007 دوای هەڵپەساردنی سوپای مەهدی لەلایەن قەیس خەزعەلی و ئەکرەم کەعبی ڕاگەیەنرا. ئەو گرووپە زۆرتر بۆ چەک پشت بە سوپای عێراقی دەبەستن.

بزووتنەوەی نوجەبا: ساڵی 2013 لە عەسایب جیابوونەتەوە و لیوای عەمار بن یاسریان لە سوریا چالاکە و وەلائیان بۆ عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەیە.

لە دیارترین گرووپەکانی شەڕکەریش کەتیبەی سەیدولشوهەدا بە سەرکردایەتی ئەبو مستەفا شەیبانی، فەیلەقی ئەلوەعد ئەلسادق بە سەرپەرشتی محەممەد تەمیمی، سەرایای خۆراسانی عەلی یاسری، هێزەکانی محەممەد باقر سەدر، لیوای ئەبولفەزڵ، لیوای ئیمام حوسێن و کەتائیبی ئیمام عەلین.

## مەترسییە گەورەکە

ئایا شەڕی داهاتووی کورد لەگەڵ حەشدی شەعبی دەبێت؟ بەرپرسانی حەشدی شەعبی هەمیشە ئەگەری ڕوودانی شەڕی نێوان کورد و شیعە ڕەتدەکەنەوە. بەڵام حەسەن جیهاد دەڵێت "هەر گرووپێک هەڵوێستێکی جیاوازی هەیە بەرامبەر کورد، بۆ نموونە خەزعەلی زۆر توند قسە دەکات، عامری هەر جارەو بەشێوەیەکە، ئەوە مەترسییەکان زیاتر دەکات، چونکە مەرجەعیەتی سەربازیی جیاوازیان هەیە".

داواکارییەک لەنێو بەشێک لە سیاسییەکانی کورددا هەیە کە ئایەتوڵڵا سیستانی شەڕی کورد بە فەتوایەک لە حەشدی شەعبی حەرام بکات، ئەوەش پێناچێت ئاسان بێت، چونکە لە کۆی 67 گرووپی حەشدی شەعبی تەنیا 18یان شوێنکەوتەی سیستانین.

بەبڕوای حەسەن جیهاد، دەبێت کورد و هێزەکانی دیکەش بچنە لای سیستانی "ئەگەر ئایەتوڵڵا سیستانی فەتوایەکی لەوجۆرە بدات، هیچ لایەک ناتوانێت شەڕ بکات، چونکە ڕەتکردنەوە و کارنەکردن بە فەتواکە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئەو هێزە لەکاتێکدا ئەوان هێزگەلێکن ئامانجی سیاسییان هەیە و پێویستیان بەدەنگی خەڵکە".

**بەستراوە بە چارەنووسی گشتپرسییەکەی کوردستانەوە**

# پێش کۆتایی ئەمساڵ بڕیار لە بەشداریی کورد لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەدرێ

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

**کۆمەڵ:**
**دەبێ هەموو حیزبەکان بەیەکەوە بڕیار بدەن**

هێشتا حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق، وەڵامی یەکلاکەرەوەی لە بارزانی وەرنەگرتووە ئاخۆ پۆستەکانی بەغدا پڕ دەکاتەوە یان نا، بەڵام لە کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ ئەو شاندەی موقتەدا سەدر رەوانەی هەولێری کردبوون، نیازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکەوت کە هێشتنەوەی ئەو پۆستانەیە وەک ئێستا تاوەکو ئەو کاتەی چارەنووسی سیاسی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەوێت بەبارێکدا. ئێستا پارتی تاوتوێی هەنگاوی دوای گشتپرسی دەکات کە ئەویش مەسەلەی بەشداریکردنە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە نیسانی داهاتوو.

پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ حیزبەکەی دڵنیابووەتەوە لەوەی ئامادەکاریی شیعەکانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە جۆرێکە کە زۆرینەی سیاسی دروستبکرێ "ئەوەش مانای بونیادنانی حکومەتێکی تاکڕەو دەگەیەنێ".

ئەردەڵان نورەدین، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق لە بەردەم پارتیدا بە "ئەگەرێکی کراوە"، دەزانێت و دەڵێت "هەر ئەوەشە وایکردووە پارتی تاوەکو ئێستا وەڵامی داواکارییەکانی بەغدا نەداتەوە بۆ پڕکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکانی لە بەغدا".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار دەستی کەوتوون، لەو چەند کۆبوونەوە هاوبەشەی پارتی و یەکێتی بۆ ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی گشتپرسی کردوویانە، باسیان لەوەش کردووە کە گشتپرسییەکە دەکەوێتە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەگەرەکانیشیان تاوتوێ کردووە لە بارەی کاردانەوەی بەغدا و چڕکردنەوەی گوشارەکان لەسەر هەرێمی کوردستان.

بەرپرسێکی باڵای یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "بەشداریکردن و بەشداری‌نەکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقمان هەڵگرتووە بۆ دوای ئەنجامدانی گشتپرسی". سەرچاوەکەی یەکێتی گوتیشی "یەکێتی و پارتی ئەگەر پێکەوە بابەتی ریفراندۆم یەکلا بکەنەوە، مەسەلەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقیش هەر بەیەکەوە لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان یەکلایی دەکەنەوە".

تاوەکو ئێستا پارتی و یەکێتی سوورن لەسەر ئەوەی گشتپرسیی بکرێ و تەنانەت لەسەر کاتەکەشی هاوڕان کە ئەمساڵ بکرێ، هەرچەندە دەنگە ناڕازییەکان لە بەغداوە زۆرتر دەبن، بەڵام ئەگەر کورد بیر لە جێهێشتنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکاتەوە، ئەوکات بەغدا بەتەواوی دەست لە کورد دەشوات.



زانا رووستایی، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "وەک گفتوگۆی فەرمی ئەم پرسە هێشتا قسەی لەسەر نەکراوە. بەڵام من پێموایە کورد ئەمجارەش بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە دەکات".

تاوەکو ئێستا تەنیا پارتی مەسەلەی ئەگەری بەشداری‌نەکردنی لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق وروژاندووە. زانا رووستایی دەڵێت "پارتی جار جار باسی ئەوە دەکەن کە بەشداریی نەکەن، بەڵام ئەگەر لەو ساڵەدا کورد بەرەو سەربەخۆیی نەڕوات پارتیش بەشداریی دەکات، چونکە بژارەی دیکەی نییە".

ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵی ئیسلامی ڕێگایەکی دیکە دەبینێتەوە لەبەردەم بەشداری‌نەکردنی کورد لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق "دەبێ گشتپرسی کرابێ، هەروەها هەموو حیزبە کوردستانییەکان بەیەکەوە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە بەشداریی ناکەن و پێکیشەوە بڕیار بدەن".

لە ساڵی 2003ەوە کە سەددام حوسێن لەسەر کار لادراوە، کورد بەشداریی لە سەرجەم ئەو هەڵبژاردنانەدا کردووە کە لە عێراق بەڕێوەچوون. بەپێی بەرکەوتەی خۆشی پۆستی وەرگرتووە، بەڵام ئەوە یەکەمین جارە قسەوباسی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی بەغدا دێتە ئاراوە.

مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو، هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە عێراق بەڕێوەدەچێ، ئێستا هەڵبژاردن لە کەرکووکیش بووەتە گرێی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و بەغدا کە بەغدا نایەوێ لەو پارێزگایە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا بکرێ.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە "ئەگەر بەغدا ئەنجامی گشتپرسییەکەی کوردستان پەسەند بکات، ئەوکات پێشوازی نێودەوڵەتیشی لێدەکرێت و ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکە خێرا دەبێ و ئەوکات کورد پێویستی بەو هەڵبژاردنە نییە"، بەڵام گوتیشی "کۆمەڵێک بەرژەوەندی زۆریش هێشتا لە بەغدان و بەبێ بەشداریی لەو هەڵبژاردنە ، لەدەستدەچن"

وەک ئەردەڵان نورەدین باسی دەکات "پارتی بەتەنیا زۆرتر لە 20 پۆستی بەغدای جێهێشتووە". تاوەکو ئێستاش چەند جارێک داواکارییەکانی بەغدای پشتگوێ خستووە بۆ پڕکردنەوەیان". پارتی هەر تێبینی لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوو هەیە، چونکە بە دروستکردنی زۆرینەی سیاسی لەلایەن شیعەکانەوە، بوونی کورد لە بەغدا بوونێکی لاواز دەبێ".

مەحموود محەممەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا بە (رووداو)ی گوتبوو "ئەو گشتپرسییە چارەنووسی ئێمە لەگەڵ بەغدا یەکلادەکاتەوە، پێشێلکردنی تەوافوق و پەنابردنە بەر زۆرینە و کەمینە بنەماکانی دەوڵەتی لە عێراق هەڵوەشاندەوە، بۆیە پارتی بە جیددی دوای ئەو گشتپرسییە تاوتوێی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکات".

## بایۆمەتری بۆ پێشمەرگە درێژکرایەوە

ڕووداو- هەولێر

لیژنەی باڵای پڕۆژەی بایۆمەتری مووچە، بڕیاری دا وادەی تۆمارکردنی ناوی مووچەخۆرانی کەرتی سەربازی بۆ ماوەیەک درێژبکرێتەوە، چونکە تاوەکو ئێستا 20%ی هێزەکان ناوی خۆیان تۆمارنەکردووە. سەفین غەفوور، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پڕۆژەی بایۆمەتری بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تۆمارکردنی ناوی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان لە پڕۆژەی بایۆمەتری بۆ ماوەیەک درێژکرایەوە، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی هێشتا بەشێک لە هێزە سەربازییەکان ناوی خۆیان تۆمارنەکردووە. لە 2017/3/1 ناونووسینی فەرمانبەران و کارمەندانی کەرتی سەربازی دەستیپێکردەوە، تاوەکو ئێستاش 80%یان ناوی خۆیان تۆمارکردووە. هەرچەندە سەفین غەفوور وادەی درێژکردنەوەکەی ئاشکرانەکرد، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، ماوەی درێژکردنەوەکە تەنیا بۆ دوو هەفتە دەبێت.



ڕووداو
ئابووری
ژمارە ( 455 ) - دووشەممە 2017/5/1

### وەزارەتی کشتوکاڵ باجی دەخاتە سەر

# کڕین و فرۆشتن بە مۆڵەتەکانی هاوردەکردنی ئاژەڵ دەکرێت

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت زانیارییان هەیە هەندێک بازرگان و کۆمپانیا کڕین و فرۆشتن بەو مۆڵەتانە دەکەن کە وەزارەتی کشتوکاڵ بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستی پارێزگاکان لە گۆشتی سوور، بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ دەیدات، بۆیە بڕیاریانداوە پێداچوونەوە بە پێدانی مۆڵەت بکەن و باجیش بخەنە سەر هاوردەکردنی ئاژەڵ.

وەزارەتی کشتوکاڵ بەپشتبەستن بەستانداردی جیهانی، پێویستیی هەر تاکێکی هەرێمی کوردستانی لە گۆشتی سوور بە 14.4 کیلۆگرام لەساڵێکدا خەملاندوو. بەو پێیە هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 80 هەزار و 842 تۆن گۆشتی سوورە، بەڵام بەرهەمی ناوخۆ ناگاتە ئەو ئاستە، بۆیە لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە مانگانە مۆڵەت بە هاوردەکردنی بڕێک گۆشتی بەستوو و ئاژەڵ (بۆ سەربڕین) دەدرێت.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری، جگە لە هاوردەکردنی هەزاران تۆن گۆشتی سووری بەستوو، لە سێ ساڵ و چوار مانگی ڕابردوودا نزیکەی 400 هەزار ڕەشەوڵاغ لە وڵاتانی جۆرجیا و ڕۆمانیا، ئۆکراین و چەند وڵاتێکی دیکەوە هاوردەی کوردستان کراوە، ساڵ بەساڵیش بازرگانیی هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو لەو وڵاتانە بۆ هەرێمی کوردستان زیادی کردووە بە جۆرێک لە ساڵی 2014 دا 46.350 سەر ئاژەڵ هاوردە کراوە، کەچی لە ساڵی ڕابردوودا گەیشتووەتە 175.850 ئاژەڵ.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (ڕووداو)ی گوت "لە ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە سەربڕخانەکان 71 هەزار و 500 تۆن گۆشتی سوور بەرهەمهاتووە کە نیوەی بەرهەمی خۆماڵی بووە. ئەوەی دیکەش هەندێک بە فەرمی و هەندێکیشی بە قاچاغ هاوردە کراوە".

ڕەمەزان محەممەد پێیوایە ئەگەر پڕۆژەی هاوچەرخ دروست بکرێت و سنوورێک بۆ هاوردەکردن دابنرێت و حکومەتیش کەمێک هاوکاریی ئاژەڵداران بکات، لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەرێمی کوردستان دەگاتە ئاستی خۆبژێوی".

ڕەمەزان محەممەد گوتی "هاوردەکردنی ئەم هەموو ئاژەڵە زیندووە بۆ هەرێمی کوردستان لەژێر هەر ناو و مەبەستێک بێت زیان بە ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت، چونکە پارە دەچێتە دەرەوە، هەروەها هەندێک لەو ئاژەڵانەش نەخۆشیی لەگەڵ خۆیان دێنن، بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشییەکیش لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی هەزاران ئاژەڵی خۆماڵی".

بۆ مۆڵەتدان بە هاوردەکردنی ئاژەڵ بۆ سەربڕین، بەڕێوەبەرایەتیی سامانی ئاژەڵ پشت بە نووسراوی پارێزگاکان دەبەستێ. مۆڵەتیش تەنیا بەو کەسانە دەدات کە کۆمپانیای تایبەت بە هاوردەکردنی ئاژەڵ یان شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵیان هەیە، مەرجی دووبارە پێدانەوەی مۆڵەتیش هێنانی نووسراوی کوشتارگەکانە کە ئاژەڵەکانی لێ سەربڕیون، بەڵام وەک ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "هاوردەکردنی ئاژەڵ بووەتە بازرگانییەکی گەرم بۆ کۆمپانیاکان، تەنیا لە هەولێر نزیکەی 200 تاوەکو 300 کۆمپانیا بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو دامەزراوە، هەندێ لە کۆمپانیاکان دوای وەرگرتنی مۆڵەت جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە، بۆیە هەست دەکەین کڕین و فرۆشتن بە مۆڵەتەکان دەکرێت".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵی ڕابردوو 742.090 سەر مەڕ و بزن و 116.830 سەر ڕەشەوڵاخ لە کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان سەربڕدراون.

دکتۆر مقیداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ و سەرپەرشتیاری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئاژەڵی خۆماڵی بەشی ناوخۆ ناکات، بۆیە ناچارین پشت بە گۆشتی هاوردەی بەستوو یان گۆشتی فرێش یان هێنانی ئاژەڵی زیندوو ببەستین، هێنانی گۆشتی فرێش زەحمەتە، چونکە ماوەی ئێکسپایەربوونی 72 کاژێرە، لەوانەشە لەگەڵ گۆشتی خۆماڵی تێکەڵ بکرێت، بۆیە هاوردەکردنی قەدەغەکراوە و تەنیا گۆشتی بەستوو و ئاژەڵی زیندوو ڕێگەی پێدراوە".



(فۆتۆ: ڕووداو)

### بازرگانی بەمۆڵەتەکان دەکرێت

دکتۆر خالس ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "ڕێنمایی هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو و گۆشتی بەستوو زیاتر لە سێ جار هەموار کراوەتەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان دابینکردنی پێداویستیی هاووڵاتیان لە گۆشتی سوور و بەبازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی بدۆزینەوە، بەڵام وەک لە داتاکان دەردەکەوێت، بازرگانیی هاوردەکردنی ئاژەڵ لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەراورد بە ڕابردوو زۆر زیادی کردووە".

دکتۆر خالس گوتی "ئەگەر لە ڕەهەندی بازرگانییەوە سەیری ئەو زیادبوونە بکەین، دڵخۆشین کە هەرێمی کوردستان بووەتە سەنتەرێکی بازرگانی بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بۆ هەموو عێراق، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو سەرچاوەیەکە بۆ بڵاوبوونەوەی دەیان نەخۆشی مەترسیدار، بۆیە ئێمە لە هەوڵی ڕێکخستنەوەیداین بۆ ئەوەی هاوردەکردنی ئەم ئاژەڵانە لە ڕێنماییەکانی ئێمە دەرنەچێت".

بەپێی ڕێنماییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێویستی پارێزگان لە گۆشتی سوور، تەنیا ڕێگە بەو کۆمپانیایانە دەدرێت کە تایبەتن بە هاوردەکردنی ئاژەڵ، دوای هێنانی ئاژەڵەکانیش دەبێت لە کوشتارگەکان سەر ببڕدرێن، ئەگەر کۆمپانیاکە پابەند نەبوو، جارێکی دیکە مۆڵەتی هاوردەکردنی پێنادرێت. دکتۆر خالس دەڵێت "بۆمان دەرکەوتووە هەندێ لە کۆمپانیاکان، مۆڵەتەکانیان دەفرۆشنەوە، هەندێکی دیکەیان ئاژەڵەکان بە بازرگانەکانی شارەکانی عێراق دەفرۆشنەوە".

د.عەبدولئەمیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بۆمان دەرکەوتووە فەوزایەک لە هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو هەیە، نزیکەی 10%ی ئەو ئاژەڵانەی بە مەبەستی دابینکردنی گۆشتی سووری پارێزگاکان مۆڵەتی هاوردەکردنیان پێدراوە لە کوشتارگەکان سەربڕدراون، ئەوانی دیکە کەس نازانێت بازرگان و کۆمپانیاکان بە چ شوێنێکیان فرۆشتووە".

بەبڕوای د.عەبدولئەمیر ڕێنماییەکانی مۆڵەتی هاوردەکردنی ئاژەڵ پێویستی بەهەموارکردنەوە هەیە، چونکە دەڵێت "کۆمپانیا هەیە تا دوێنێ کاری ڕێکخستنی حەج و عومرە بووە، یان کۆمپانیای کڕین و فرۆشتنی خانوو بووە، ئێستا ئاژەڵ هاوردە دەکات".

سەبارەت بە چارەسەری ئەو گرفتە. د.عەبدولئەمیر گوتی "پێشنیازمان کردووە، دوای لەبەرچاوگرتنی بڕی پێویستی پارێزگاکان لە گۆشتی سوور، بڕێک باج بخرێتە سەر ئاژەڵی هاوردەکراو، بە مەرجێک ئاژەڵەکان بۆ ماوەی 21 ڕۆژ لە کەرەنتین بهێڵدرێنەوە".

وا بڕیارە لیژنەی ڕاوێژکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ لە مانگی ئایار بۆ ڕێکخستنەوەی هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو کۆببێتەوە و لەوێ ڕێنماییەکانی هاوردەکردن هەموار بکاتەوە و باجیش بخاتە سەر ئاژەڵی هاوردەکراو.

### بۆ کۆنترۆڵکردنی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماددەی کیمیایی

# وەزارەتی کشتوکاڵ سەرپەرشتیار بۆ خانووی پلاستیکی دادەنێت

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بە ئامانجی گەشەپێدانی بەرهەم، کۆنترۆڵکردنی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماددە کیمیاوییەکان و بەرهەمهێنانی خۆراکێکی دروست بۆ هاووڵاتیان، وەزارەتی کشتوکاڵ بەنیازە سەرپەرشتیار بۆ خانووە پلاستیکییەکان دابنێ. بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵیش دەڵێت "لە دانانی سەرپەرشتیارەکان ئەولەویەت بە دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگە کشتوکاڵییەکان دەدرێت کە تاوەکو ئێستا دانەمەزێنراون".

بەپشتبەستن بە یاسای پاراستن و پێشخستنی بەربوومی کشتوکاڵی، ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەسەر پێشنیازی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی و کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی، ڕەشنووسی گرێبەستی کارکردنی ئەندازیارانی کشتوکاڵی وەک سەرپەشتیار لە خانووە پلاستکییەکان پەسەند کرد.

بەپێی ڕەشنووسی پڕۆژەکە، لەمەودوا هەر خاوەن پڕۆژەیەکی خانووی پلاستیکی کە مۆڵەتی هەبێت و ژمارەی خانووەکانی لە پێنج زیاتر بێ، دەبێت گرێبەستێک لەگەڵ ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بکات، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی خانووەکانی بکات.

د.ئەنوەر عومەر، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت "ئامانجمان لە دانانی ئەو سەرپەشتیارانە ئەوەیە کۆنترۆڵی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماددە کیمیاییەکان بکەین لە خانووە پلاستیکییەکان، چونکە زیاد بەکارهێنانی هەر ماددەیەکی کیمیایی کاریگەریی خراپ لەسەر بەروبووم دادەنێ، بەتایبەتی ئەگەر ماددە کیمیاییەکە قڕکەری ماوە درێژخایەن، یان هۆرمۆنی گەشە بێ".

هۆیەکی دیکەشی بە گوتەی د.ئەنوەر ئەوەیە کە ڕێنمایی چاندن و چۆنیەتی زیادکردنی بەرهەم و کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان پێشکەش بە خاوەنی خانووە پلاستیکییەکان دەکرێ، هەروەها دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگە کشتوکاڵییەکان، ئەولەویەتیش دەدرێتە ئەو دەرچووانەی کە تاوەکوو ئێستا دانەمەزێنراون.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، لە سێ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای قەیرانی دارایی، 4.479 خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، ئێستا ژمارەی خانووە پلاستیکییەکان گەیشتووەتە 12.386 خانوو، پشکی شێری ئەم زیادبوونەش بەر پارێزگای سلێمانی کەوتووە کە نزیکەی 8000 خانووی پلاستیکی تێدایە.

کامل داود، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی، دەڵێت گەشەسەندنی خانووە پلاستیکییەکان بەجۆرێکە لەوانەیە لە داهاتوودا گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەممان بۆ دروست ببێت و ناچار بین بەشێک لە بەرهەمەکانمان هەناردەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکەین، بۆیە داوایان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و گومرگی سەوزەی سلێمانی کردووە، تاقیگەیەک دابمەزرێنن، پشکنین بۆ ڕێژەی ژەهر و کواڵیتی بەربوومەکان بکەن تاوەکو لە داهاتوودا هەر وڵاتێک داوای بەرهەمی کرد گرفتی پشکنینیان نەبێت.

کامل داود نایشارێتەوە هەندێک لە خاوەن خانووە پلاستیکییەکان بە شێوەیەکی ناپرۆفیشناڵ سەوزە بەرهەمدێنن و دەڵێت "خانووەکان لەلایەن جووتیاری شارەزا و ناشارەزا بەڕێوەدەبرێن، بۆیە ئەگەر چاودێرییەکی باش نەکرێن، ئەگەری زۆرە جووتیاران دەرمانی قڕکەری خراپ بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان و مێرووە زیانبەخشەکان بەکاربهێنن، ئەوەش بە زیان بۆ خۆیان و هاووڵاتیان تەواو دەبێت".

کامل داود کە یەکێک بووە لەوانەی بابەتی دانانی سەرپەرشتیاری بۆ خانووە پلاستییەکانیان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ پێشنیاز کردووە، سەبارەت بە بۆچوونی خاوەن خانووەکان دەڵێت "زۆربەی خاوەن خانووە پلاستیکییەکان ئامادەن وەک سەرپەرشتیار گرێبەست لەگەڵ دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگە کشتوکاڵییەکان بکەن، بەمەرجێک سەرەتا وەزارەتی کشتوکاڵ خولی ڕاهێنان و شیاندن بۆ ئەو ئەندازیارانە بکاتەوە و لێپرسراوێتی هەڵەی سەرپەرشتیارەکانیش بگرێتە ئەستۆ، ئەگەر زیانی بەکێڵگەی جووتیار گەیاند".

### 95% یان بێ مۆڵەتن

یەکێک لە مەرجەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ دانانی سەرپەرشتیارەکان، مۆڵەتە. واتە پڕۆژەکە دەبێ مۆڵەتی هەبێ، بەڵام کامیل داود دەڵێت "بەهۆی ئەو ڕۆتینەی لە وەرگرتنی مۆڵەت هەیە 95%ی ئەو خانووە پلاستیکیانەی لە سلێمانی هەن بێ مۆڵەتن".

بۆ پاراستنی تەندرووستیی هاووڵاتیان و بەرهەمهێنانی خۆراکێکی دروست، پێشتر وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی تیمی کشتوکاڵی پارێزگاکانەوە چاودێریی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی دەکرد کە لەنێو خانووی پلاستیکی بەرهەم دەهاتن، ڕێگەی نەدەدا بەهیچ شێوەیەک قڕکەری ماوە درێژخایەن و هۆرمۆن بۆ گەشە بەکاربێت، بەڵام ماوەی دوو ساڵە بەهۆی قەیرانی دارایی، چاودێریی کێڵگەکان زۆر سست بووە، لە هەندێ ناوچە هەر نەماوە.

ڕزگار محەممەد ئاغا، بەڕێوەبەری باخداری لە سلێمانی دەڵێت "ئامانجی یەکەممان لە پڕۆژەی دانانی سەرپەرشتیار بۆ خانووە پلاستیکییەکان ئەوەیە خۆراکێکی تەندروست بۆ هاوڵاتیان دابین بکەین و لەڕێگەی بەزانستی چاندن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان، تێچووی بەرهەمهێنانی بەروبووم لەخانووە پلاستیکییەکان کەمبکەینەوە و بەرهەمیش زیاد بکەین".

بەگوێرەی پڕۆژەکە کرێی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن پڕۆژە دەبێت. ڕزگار محەممەد ئاغا دەڵێت "بۆ ئەوەی بارگرانی زۆر نەکەوێتە سەر خاوەن پڕۆژە، پێشنیازمان کردووە، هەر ئەندازیارێک سەرپەرشتیی 50 خانوو بکات و بۆ هەر خانوێکیش 10 هەزار دینار وەربگرێت".



(فۆتۆ: ڕووداو)

### ئەزموونی ئیسپانیا لە کوردستان

چاندنی سەوزە لەژێر خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژی نییە، بیرۆکەکە دوای سەردانی تیمێکی پسپۆڕ لە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ شاری مۆرسیای ئیسپانیا لە کۆتایی 2006 دروستبوو، ساڵی دواتر وەزارەتی کشتوکاڵ پڕۆژەکەی پەسەند کرد و 224 خانووی پلاستیکی بەخۆڕایی بەسەر جووتیاراندا دابەش کرا، دوای دەرکەوتنی سوودە ئابوورییەکانی، جوتیاران ڕوویان لە چاندنی سەوزە لەژێر خانووی پلاستیکی کرد. ئێستا چەند کۆمپانیایەکی تایبەت بە دروستکردنی خانووی پلاستیکی لە کوردستان دامەزراون، ساڵ بەساڵیش ژمارەی خانووە پلاستیکییەکان زیاتر دەبن.

## نیسان کۆتاییەکی خۆشی بۆ بازاڕەکانی نەوت نەبوو

# نرخی نەوت لە مانگی ئایاردا چۆن دەبێت؟

ڕووداو – هەولێر

هەڵبەز و دابەزی نرخەکانی نەوت لە ماوەی چوار هەفتەی ڕابردوودا بە دابەزینی ڕێژەیی نرخی نەوت لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی نیسان کۆتایی هات. لە دوایین ڕۆژی مانگی ئاداردا نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی برێنت 52.83 دۆلار بوو، بەڵام لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی نیساندا نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت 51.73 دۆلار بوو.

نرخەکانی نەوت لەو مانگەدا گۆڕانکاریی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، بەرزترین ئاستی نرخی نەوتی برێنت لەو مانگەدا 56.23 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بووە کە لە ڕۆژی 11ی نیسان تۆمار کراوە. نزمترین نرخیش 51.44 دۆلار بووە کە سێ ڕۆژ بەر لە کۆتایی مانگی نیسان بووە. لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا نرخەکانی نەوت بەشێوەیەکی بەردەوام ڕوویان لە هەڵکشان بووە، لە ماوەی یەک هەفتەدا لە 53.12 دۆلارەوە (لە ڕۆژی 3ی نیسان) بۆ 56.23 دۆلار (لە ڕۆژی 11ی نیسان) بەرزبووەتەوە. بەڵام لە دوای ئەو هەفتەیە نرخەکانی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لە دابەزین بووە.

ئەو هۆکارانەی وایانکرد نرخی نەوت لە مانگی نیساندا هەڵکشێ و دابەزێ، لەو مانگەشدا هەن، بەڵام بازاڕی نەوت لە مانگی ئایاردا چاوی لەسەر دوو ڕووداوی گەورەیە کە دەکرێ کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر نرخەکانی نەوت دابنێن.

### کۆبوونەوەی ئۆپێک

ڕۆژی 25ی ئایار، وەزیرانی نەوت و وزەی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (OPEC) لە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکە لە ڤیەننا کۆدەبنەوە. چاوەڕێ دەکرێ لەو کۆبوونەوەیەدا وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە بڕیار لەسەر درێژکردنەوە یان ڕاگرتنی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بدەن.

تەمەر ئیسنەر، بەڕێوەبەری بەشی وزەی کۆمپانیای ڕاوێژکاری بازرگانی نەزدەک، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی مارکێت وۆچ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "کۆبوونەوەکەی ئۆپێک گەورەترین پاڵنەری نرخەکان دەبێ لە مانگی ئایاردا. لێدوانی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک و ڕووسیا سەبارەت بە پابەندییان بە درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە لە سێ هەفتەی یەکەمی ئەو مانگەدا بازاڕەکانی نەوت دەجووڵێنێ".

زۆربەی وڵاتانی بەشداری ڕێککەوتنەکە لە ئێستاوە پشتگیری لە درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی شەش مانگی دیکە (واتە هەتا کۆتایی 2017) دەکەن. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، ئۆپێک و ژمارەیەک وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بە بڕی نزیکەی 1.8 ملیۆن بەرمیل کەم دەکەنەوە. ڕێککەوتنەکە کە بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام دەبێ، لە مانگی یەکەمی 2017ەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن و لە کۆتایی مانگی حوزەیران ماوەکەی تەواو دەبێ، بۆیە هەموو چاوەکان لە ماوەی زیاتر لە سێ هەفتەی داهاتوودا لەسەر کۆبوونەوەکەی ئۆپێک دەبێ.

### نەوتی لیتە و ئاستی نەوتی ئەمبارەکان

لە پاش بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت بۆ سەرووی 40 دۆلار، پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکا خەریکە سەرلەنوێ هەڵدەستێتەوە. جاراند ریستاد، سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی وزەی ریستاد ئێنێرجیی نەرویجی، بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند "ئەگەر نرخەکانی نەوت لە نێوان 50 بۆ 55 دۆلار بمێننەوە، چاوەڕێ دەکرێ تێکڕای گەشەی مانگانەی بەرهەمی نەوتی لیتەی ئەمریکا لەمساڵ و ساڵی داهاتوودا هەتا 100 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بچێت". پێشتر ئیدارەی زانیاریی وزەی ئەمریکا (EIA) پێشبینی کردبوو ئەو ژمارەیە بۆ ئەمساڵ 29 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا و بۆ ساڵی داهاتوو 57 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بێ.

ئەو جۆرە داتا و مەزندانە تەنیا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و کورتخایەن لەسەر بازاڕەکانی وزە دانانێن، بەڵکو دەکرێ کاریگەری لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەکەی 25ی مانگیش دابنێن کە یان ئەوەتا کۆتایی بە ڕێککەوتنەکە بهێنن، یان ڕێژەی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانیان کە لە ڕێککەوتنەکەی تشرینی دووەمدا هاتووە، دابەزێنن.



ئامانجی سەرەکی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک کەمکردنەوەی ئاستی نەوتی کۆگاکان بوو، بۆیە داتا و مەزندەکان لەو بارەیەوە کاریگەریی بەرچاو لەسەر نرخەکانی نەوت دادەنێن.

### هەڵبژاردنەکانی ئێران

شەش ڕۆژ بەر لە کۆبوونەوە چارەنووسسازەکەی ئۆپێک، لە ئێران خولی دوازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەڕێوەدەچێ، کە تێیدا حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێستای ئێران، چانسی سەرکەوتنی لە هەر پێنج کاندیدەکەی دیکە زیاترە. تەمەر ئیسنەر دەڵێت هەتا ئێستا هەڵبژاردنەکانی ئێران وەکوو هۆکارێک بۆ بەرزبوونەوە یان دابەزینی نرخەکانی نەوت پشتگوێ خراوە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئاکامی چاوەڕواننەکراو لە هەڵبژاردن و گشتپرسییەکان بەدیکراوە، لەوانەش گشتپرسیی جودابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا و گشتپرسیی هەمواری دەستووری ئیتاڵیا لە 2016 و گشتپرسیی هەمواری دەستووری تورکیا لە مانگی ڕابردوو.

ئیسنەر دەڵێت وەبەرهێنەرەکان بە نیگەرانییەوە چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەن، لەبەر ئەوەی "ئەگەر یەکێک لە کاندیدەکانی باڵی موحافەزەکار لە هەڵبژاردنی ئێراندا سەربکەوێت (ئیبراهیم ڕەئیسی یان محەممەد باقر قالیباف)، ئەوە نرخەکانی نەوت بەرز دەکاتەوە، چونکە لەگەڵ سەرکەوتنی موحافەزەکارەکاندا چاوەڕێ دەکرێ ئەمریکا سزا ئەتۆمییەکان بەسەر ئێراندا بسەپێنێتەوە". کە بەشێکی زۆریان پەیوەندییان بە کەرتی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی ئێرانەوە هەیە.

ئێستا ئێران پاش سعودیە و عێراق، سێیەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێکە. ئێران کە ماوەی ساڵێک و سێ مانگە سزا ئەتۆمییەکانی لەسەر هەڵگیراوە و بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی بۆ نزیکەی چوار ملیۆن بەرزکردووەتەوە، لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکدا بەشدار نییە.

قەیرانی نیمچە دوورگەی کۆریا

ئەگەری شەڕ لە نیمچە دوورگەی کۆریا ئێستا لە هەموو کاتێک زیاترە. ئەو ناوچەیەی کە مەترسی لەسەرە بە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی داخوازیی لەسەر نەوت دادەنرێ. ئەگەر شەڕ لەو ناوچەیە ڕووبدات چالاکی و گەشەی ئابووری هەر یەک لە وڵاتانی کۆریای باشوور، چین و ژاپۆن ڕادەوەستێ. چین دووەم ئابووری و دووەم بەکارهێنەری نەوتی جیهانە و ڕۆژانە 11.32 ملیۆن بەرمیل نەوت بەکاردەهێنێ کە بەشی زۆری لە دەرەوە هاوردە دەکات. چین ڕۆژانە زیاتر لە چوار ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێ و حەوت ملیۆن بەرمیلەکەی دیکەی لە دەرەوە دەهێنێ.

ژاپۆن سێیەم وڵاتی هاوردەکاری نەوتە لە جیهاندا و ڕۆژانە 3.8 ملیۆن بەرمیل نەوت هاوردە دەکات، زۆربەشی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هاوردە دەکرێ. ژاپۆن یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕاستەوخۆ مەترسی هێرشی مووشەکی و ئەتۆمیی کۆریای باکووری لەسەرە.

کۆریای باشوور دەیەم وڵاتی هاوردەکاری نەوتە لە جیهاندا. ساڵی 2016 ڕۆژانە زیاتر لە 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەکارهێناوە. نزیکەی 82%ی نەوتی ئەو وڵاتەش لەلایەن وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەندامانی ئۆپێکەوە دابین دەکرێ.

شەڕ و کێشە ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا، بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە یەمەن و لێدانی بنکەی شوعەیرات لە ڕۆژئاوای سووریا، نرخەکانی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوە. لە دوایین ڕۆژەکانی ئەم مانگەشدا کێشەی نێوان حکومەت و کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی لیبیا، نرخەکانی نەوتی بەرزکردەوە.

ئۆپێک نزیکەی 35%ی نەوتی جیهان دابین دەکات، خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهانیشە. هەر بۆیە ئاساییە وەبەرهێنەران نیگەران بن لەوەی ئاڵۆزییەکان لەو ناوچەیە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت هەبێ. هەتا ئێستا دیار نییە هەنگاوی داهاتووی ئەمریکا لە سووریا چی دەبێ، یان کێشەکەی نێوان حکومەت و کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی لیبیا بە کوێ دەگات کە لەسەر دەسەڵاتی واژۆکردنی گرێبەستەکانی نەوتە.

# شارەزایان: ئێران و عێراق براوەی یەکەمی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکن

ڕووداو – هەولێر



بیژەن زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران، ڕۆژی شەممە 29ی نیسان ڕایگەیاند، وڵاتەکەی ئامادەیە هەتا کۆتایی ساڵی 2017 سنوورێک بۆ بەرهەمهێنانی نەوت دابنێ، بۆ ئەوەی ئۆپێک بتوانێ ڕێککەوتنەکەی هەتا کۆتایی ئەمساڵ درێژ بکاتەوە، بەمەش پشتگیری لە هەوڵەکانی سعودیە بۆ درێژکردنەوەی ڕێککەوتنی ئۆپێک دەکات.

ئێران لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە سوود لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا وەربگرێ کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن، بەڵام زەنگەنە ئاشکرای کرد کە ئێران لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوان ئۆپێک و ژمارەیەک وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک، بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی لە 3.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ڕاگرتووە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی، وەزیری نەوتی سعودیە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی وڵاتانی ئۆپێک ڕازی بکات بەوەی ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی شەش مانگی دیکەش درێژ بکەنەوە. سعودیە کە ڕکابەری سیاسی سەرەکیی ئێرانە لە ناوچەکەدا، گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێک و گەورەترین هەناردەکاری نەوتی جیهانیشە، بەوپێیەش لە ڕێککەوتنەکەی نێوان ئۆپێک و 11 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێکدا پشکی شێری بەرکەوتووە. بە گوێرەی داتاکانی وەزارەتی وزەی سعودیە و ئۆپێک، ڕیاز لە هەندێک مانگدا 700 هەزار بەرمیلی لە بەرهەمی ڕۆژانەی وڵاتەکەی کەم کردووەتەوە.

ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک و ژمارەیەک وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک لە مانگی یەکی 2017ەوە جێبەجێ کراوە و لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا ماوەکەی تەواو دەبێ. بۆیە لێدوانەکەی وەزیری نەوتی ئێران هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بۆ سعودییەکان.

زەنگەنە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە هیواکانی درێژکردنەوەی ڕێککەوتنە نەوتییەکە گوتی "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاماژەی پۆزەتیڤمان لە ئەندامانی ئۆپێک و بەشدارانی دەرەوەی ئۆپێک پێگەیشتووە کە ئەو وڵاتانە ئامادەن ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان هەتا کۆتایی نیوەی دووەمی 2017 درێژ بکەنەوە".

لە چەند مانگی ڕابردوودا پێشبینی دەکرا توانای بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە نێوان 3.8 بۆ 4 ملیۆن بەرمیل بێ و ئەگەر بیانەوێ ئەو سەقفە تێپەڕێنن، پێویستیان بە وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای بیانی دەبێ، بۆیە زەنگەنە لە پرێس کۆنفرانسەکەیدا ئەمریکا و ڕێوشوێنە توندە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتەی بەوە تۆمەتبار کرد کە ڕێگرن لەوەی وەبەرهێنەران بێن و کەرتی نەوت و غازی ئێران ببووژێننەوە.

لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5+1، ئێران ئامادە بووە سروشتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی لە سەربازییەوە بۆ مەدەنی بگۆڕێ، لە بەرامبەریشدا ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕازی بوون بەوەی سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەو وڵاتە لابدەن، بەڵام لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا هیچ ئاماژەیەک بە لادانی سزاکانی پەیوەندیدار بە سیستەمی مووشەکی یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هاوکاریکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان نەدراوە. ئەوەش ئەرکی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کارکردن لەگەڵ ئێران سەخت دەکات، لەبەر ئەوەی سوپای پاسداران (کە دەگوترێ بەرپرسیاری یەکەمە لە سیستەمە مووشەکییەکە و هاوکاریکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان) لە زۆرینەی بەشەکانی کەرتی نەوت و غازی ئێراندا پشکی بەرچاوی هەیە.

هەتا ئێستا دیار نییە سعودیە مەرجی نوێی بۆ قۆناغی دووەمی ڕێککەوتنە نەوتییەکە هەیە یان نا. کریستۆف ڕویڵ، بەرپرسی بەشی توێژینەوەی دەزگای وەبەرهێنانی ئەبوزەبی، لە کۆنفرانسێکدا لە دوبەی ڕایگەیاند "هەتا ئێستا ئەگەر باسی براوە و دۆڕاوی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک بکەین، دەتوانین ئێران و عێراق بە براوە لەقەڵەم بدەین". بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، ئێران و عێراق لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا ئاستی هەناردەی وڵاتەکانیان بۆ چین بەرز کردووەتەوە، بەڵام ئاستی هەناردەی سعودیە دابەزیوە. لەلایەکی دیکەشەوە سعودییەکان بۆ ململانێکردن لەگەڵ تاران و بەغدا ناچار بوون نرخی نەوتی خاوی خۆیان لە بازاڕەکانی ئاسیا کەم بکەنەوە.

چاوەڕێ دەکرێ ئەم هەفتەیە سعودیە نرخی نەوتی وڵاتەکەی بۆ وڵاتانی ئاسیایی دیاری بکات و چاوەڕێ دەکرێ ئێران و عێراقیش پاش سعودیە بە نرخەکانی خۆیاندا بچنەوە. ئێدوارد بێڵ، شرۆڤەکاری نەوت و کاڵاکان لە کۆمپانیای ڕاوێژکاریی (NBD) لە دوبەی، جەخت لەوە دەکاتەوە "شەڕ لەسەر پشکەکانی بازاڕ هێشتا تەواو نەبووە". کێشەی پشکەکان یەکێک لەو کێشە سەرەکییانە بوو کە لە ساڵی 2014ەوە ڕێگر بوو لەوەی وڵاتانی ئۆپێک بتوانن لەسەر سڕکردن یان کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ڕێکبکەون.

بەڵام شەڕی پشکەکان تەنیا لە نێوان ئەندامانی ئۆپێکدا نییە، بەڵکو ئێستا نەوتی دەریای باکووریشی هاتووەتەسەر. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆیتەرز، بەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی نەوتی ئۆپێک لە چوار مانگی ڕابردوودا چین پەنای بۆ نەوتی دەریای باکوور بردووە.

بەگوێرەی داتاکانی ڕۆیتەرز، چین لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا 38 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە دەریای باکوور هاوردە کردووە، ساڵی 2016 لە هەمان ماوەدا تەنیا هەشت ملیۆن بەرمیلی لەو ناوچەیەوە هاوردە کردبوو. دەریای باکوور لقێکە لە زەریای ئەتڵەسی جیابووەتەوە و دەکەوێتە نێوان بەریتانیا، سکاندەناڤیا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا و فەرەنسا. بەپێی ئەو ژمارە نوێیانە، چین لە پاش بەریتانیا دووەم گەورەترین بەکارهێنەری نەوتی دەریای باکوورە.

پێشتر نەوتی دەریای باکوور بەوە بەناوبانگ بوو کە تێچووی دەرهێنانەکەی زۆرە. بەڵام بەپێی کۆمەڵێک ڕێنمایی نوێ باج و خەرجی گواستنەوەی ئەو نەوتە کەمکراوەتەوە. بەگوێرەی داتاکانی بەشی وزەی ئاژانسی ڕۆیتەرز، ئەمساڵ تێکڕای توانای پاڵاوتنی وڵاتانی ئاسیایی بە بڕی 450 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز دەبێتەوە، بۆ ئەوەش پێویستیان بە سەرچاوەی نوێی دابینکردنی نەوتی خاو هەیە.



## هەولێرەکەی سەباح زۆر جوانە

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ سەباح جەوهەر خەریکی کارێکی هونەرییە کە گۆرانییەکە لەسەر پێکەوەژیان لە هەولێر. سەباح جەوهەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شاری هەولێر بە شاری پێکەوەژیان و فرە کولتووری ناسراوە، باوەشی هەولێر هەمیشە کراوەیە بۆ خەڵکی لێقەوماو، بۆیە گۆرانییەکم بەناوی خوایە چەند جوانە، تۆمار کردووە". سەباح دەشڵێت: "ئەم گۆرانییە لە تێکستی حەمەسەعید ئیبراهیمە و ئاوازی گۆرانییەکەش خۆم دامناوە. هونەرمەندی ناوداری عێراقی ئەحمەد جۆزی، دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە و بڕیارە هەر لە هەولێر ڤیدیۆکلیپێکی بۆ بکەین".



## بەنان حوسێن کامل، دیزاینەری جلوبەرگ و نەوەی سەدام حوسێن بۆ (ڕووداو):

# سەددام باپیرەیەکی زۆر باش بوو بۆ من

بەنان حوسێن کامیل، نەوەی سەددام حوسێنە. ئەگەرچی باوکی (حوسێن کامیل) بە بڕیاری باپیری (سەددام حوسێن) کوژرا، بەڵام هێشتا شانازی بە ڕابردووی باپیرییەوە دەکات. بەنان بە پێچەوانەی بنەماڵەکەی کە شەیدای دەسەڵات بوون، بوارێکی تەواو جیاواز لە سیاسەتی هەڵبژاردووە و ڕووی لە جیهانی دیزاین و فاشیۆن کردووە. بەنان حوسێن، لە ڕۆژی نەورۆزی ئەمساڵدا لە میهرەجانی ڕێکخراوی قەندیل وەکو باشترین دیزاینەر هەڵبژێردرا. (ڕووداو) دوای فێستیڤاڵەکە لە عەممانی پایتەختی ئوردن لەنێو ماڵەکەیدا ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**دەرباز یونس**
**ڕووداو- عەممان**

**ڕووداو: تۆ دیزاینەرێکی جلوبەرگی عێراقیت، بیرۆکە و مۆدێلی کارەکانت لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیام بۆ دیزاینکردنی جلوبەرگ هەبوو، چەندین کراسم دیزاین کردوون، بەڵام نەمفرۆشتوون و نمایشیشم نەکردوون، پێشتر کارەکانم تەنیا بۆ خۆم بوون، لە هەموو بۆنەکاندا خۆم بۆ خۆم دیزاینی جلوبەرگەکانم دەکرد، دواتر بڕیارم دا بە پرۆفیشناڵی کار بکەم، بۆیە دوای ئەو ڕێگایانە کەوتم کە دەمگەیەننە ئامانجەکەم لە داهاتوودا.

**ڕووداو: لە کەیەوە دەستت بەکار کردووە لە بواری دیزاینی جلوبەرگ؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** سەرەتای کارکردنم بەڕاستی دەگەڕێتەوە بۆ دوایین قۆناغەکانی خوێندنم لە قوتابخانە، لە قوتابخانەی کامبریج دەمخوێند و پێویست بوو پرۆژەیەک پێشکەش بکەم، کراسی پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیەم بۆ خۆم دیزاینم کرد و لەوەوە حەزی زیاترم بۆ کارکردن دروستبوو.

**ڕووداو: تۆ نەوەی سەرۆکی پێشووی عێراقیت، چۆن لەم ژینگەیەوە هاتیتە نێو بواری فاشن و دیزاینکردنی جلوبەرگ؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** ڕێگەی کارکردنی باوک و باپیرم زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو. بەڵام ڕۆڵی دایکم زۆر زۆر گرنگ بوو. دایکم لە بواری جۆراوجۆردا بەهرەی هەیە. خۆیشی لە بواری دیزاینکردندا بەتوانایە، بۆیە ڕەنگە من ئەو خولیایەم لەو وەرگرتبێت. باوک و باپیریشم لە ڕابردوودا هەمیشە ڕێزیان لەوە گرتووە کە ئێمە چیمان دەوێت و چی دەکەین، ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە من بتوانم بڕیار بدەم لەوەی چی دەکەم.

**ڕووداو: هەڵبژاردن و کارکردنت لە بواری دیزاین و فاشندا، ڕاکردن نەبووە لە ڕابردووی سیاسیی بنەماڵەکەت؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** نا بە هیچ شێوەیەک بە پێچەوانەوە من شانازی بە ڕابردووی سیاسی بنەماڵەکەمەوە دەکەم، شانازی دەکەم بە باوک و باپیر و خاڵەکانم.

**ڕووداو: لە جلوبەرگەکانتدا دیزاینی کراس و جلوبەرگی عێراقی هەن؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** ڕاستییەکەی من زیاتر کار لەسەر ڕەنگ دەکەم. ئەمەش ڕێگەیەکی دیکەیە. کار لەسەر جلوبەرگی نەتەوەیی ناکەم، بەڵام بۆنا لە داهاتوودا دەتوانم کاری لەسەر بکەم.

**ڕووداو: بێگومان جلوبەرگی کوردیت بینیوە، بیرۆکەت هەیە کە جلوبەرگی کوردی دیزاین بکەیت لە داهاتوو؟**

## نزیکترین دوو هاوڕێی من کوردن

## ئێستا بیرۆکەی کاری سیاسیم نییە

**بەنان حوسێن کامیل:** بە دڵنیاییەوە، کورد برای ئێمەن و بەشێکن لە ئێمە، بە بەردەوامی سەیری دەکەم و جلوبەرگی کوردیش لای من زۆر جوانە. نزیکترین دوو هاوڕێی من کوردن، بۆیە هەمیشە کولتووری کوردی دەبینم و زۆر لام کولتوورێکی جوانە. زۆر حەز دەکەم، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان جلوبەرگی کوردی دیزاین بکەم بە دڵنیاییەوە گوزارشتەکان زیاتر لە ڕەنگەوە پیشان دەدەم، بە شێوەیەک دیزاینی دەکەم کە دڵخۆشی پیشان بدات، جلوبەرگێکی وەرگیراو لە کولتوور و سروشتی کوردستان بێت.

**ڕووداو: دایکت، ڕەغد سەدام حوسێن، هاوکاریت دەکات لە کارەکانتدا؟**

## کار لەسەر جلوبەرگی نەتەوەیی ناکەم

## ئەگەر ژیانم پارێزراو بێ سەردانی کوردستان دەکەم

**بەنان حوسێن کامیل:** پاڵپشتیم دەکات و دەستم دەگرێت، دایکم هەمیشە هێزم پێدەبەخشێت، ڕێگە نادات هەرگیز لە هەنگاوێک بترسم کە دەستی پێدەکەم، بێگومان لە هەموو کارێک بۆچوونی وەردەگرم، بەڵام لە دوورینی جلوبەرگدا هاوکاریم ناکات، خۆم دەیکەم.

**ڕووداو: چاودێریی هەواڵ و گۆڕانکارییە سیاسییەکان دەکەیت لە عێراق؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** بە بەردەوامی چاودێری ناکەم، بەڵام هەواڵی وڵاتەکەم لای من زۆر گرنگە. حەز دەکەم عێراق بە جوانترین وێنە ببینم لە هەواڵەکاندا، بەڵام کە ئێستا کەسێک هەواڵەکانی عێراق دەبیستێت خەم دەخوات، هیچ هەواڵێک لە بارەی عێراق نابیستم کە من چاوەڕێی دەکەم.

**ڕووداو: هیچ بیرۆکەیەکت هەیە لە داهاتوودا کاری سیاسی بکەی؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** من لە بنەماڵەیەکی سیاسی گەورە بووم، ئێستا بیرۆکەی کاری سیاسیم نییە، ناشزانم لە داهاتوو چی ڕوودەدات.

**ڕووداو: سەددام حوسێنی باپیرەت هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەوەکانی چۆن بوو؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** باپیرەیەکی زۆر باش بوو بۆ من، ئەگەرچی هەمیشە سەرقاڵی کاری بەڕێوەبردنی وڵات بوو، بەڵام هەمیشە ئاگاداری ژیانی ئێمەش بوو.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ داپیرت (ساجیدە) چۆنە؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** داپیرەم خۆشەویستی منە و ئافرەتێکی نموونەیی بەهێزە بۆ من.

**ڕووداو: هیچ بیرۆکەیەکت هەیە بگەڕێیتەوە عێراق یان سەردانی عێراق بکەیتەوە؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا سەردانی دەکەمەوە، چونکە عێراق وڵاتی منە، بەڵام ئەوە کاتێک ڕوودەدات کە عێراق ببێتە وڵاتێکی دادپەروەر، وڵاتێک کە خوێناوی نەبێت، وڵاتێکی تائیفی نەبێت، ئەو کاتە بەدڵنیاییەوە دەگەڕێمەوە بە هەموو شەرەفەوە، ئەوەی کە ئێستا ناتوانم بگەڕێمەوە عێراق ڕێگر نییە لە خۆشەویستیم بۆ وڵاتەکەم.

**ڕووداو: پێتوایە حکومەتی عێراق ڕێگری بکەن لە گەڕانەوەی تۆ بۆ عێراق، ئێستا یان داهاتوو؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** ئێستا بە دڵنیاییەوە ڕێگری هەیە.

**ڕووداو: ئەی بیرۆکەت هەیە کە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەیت؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** کوردستان بەشێکە لە ئێمە و بەشێکیشە لە عێراق، بێگومان سەردانی کوردستان دەکەم ئەگەر لەوێ ژیانم پارێزراو بێت، چونکە دەزانن ئەگەری هەیە ژیانی من پارێزراو نەبێت بەهۆی ئەو شتانەی کە باسمانکردن، بەدڵنیاییەوە ئەمە دڵخۆشم دەکات، چونکە پێموایە نابێت شوێنێک هەبێت لە عێراق کە عێراقییەکان نەتوانن سەردانی بکەن.

**ڕووداو: ئێستا لە هەرێمی کوردستان، هەوڵێک هەیە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تۆ وەک نەوەی سەدام حوسێن، پشتگیریی دەکەیت یاخود نا؟**

**بەنان حوسێن کامیل:** ئێمە لە ڕابردوو هەمیشە پشتگیریی کوردمان کردووە، وەکو گوتم ئێمە وەکو برا واین، یادی نەورۆزمان کردووەتەوە وەک ئەوەی ئێوەی کورد یادتان کردووەتەوە، سێ ڕۆژ پشووی فەرمی بوو، دووەمین پیاوی دەوڵەت هەمیشە یادی نەورۆزی دەکردەوە، بەڵام لەبارەی بۆچوونی سیاسییەوە من ڕێگەم پێنەدراوە بۆچوونی خۆم بڵێم، هیوا دەخوازم هەموو عێراق جێگیر بێت و ئاسایش تێیدا بەرقەرار بێت و خەڵکەکەی بە ئازادی بژین کە شایانی ئەوەن.

## هەزان سۆرانی تاقیدەکاتەوە

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

هەزان ئەتەش، کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان، بڕیارە ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکاتەوە. هەزان کە ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە، بە (ڕووداو)ی گوت "بەنیازم لە دوو هەفتەی داهاتوودا ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکەمەوە کە لە شەش تراک پێکهاتووە. هەموو کارەکانی تەواو بووە، بەڵام چاوەڕێ دەکەین کلیپەکەی تەواو بێت، ئینجا بڵاوی بکەینەوە". دەربارەی ناوەڕۆکی ئەلبوومەکەش گوتی "لەم ئەلبوومەدا گۆرانییەکم بە شێوەزاری سۆرانی گوتووە، سێ گۆرانی دیکەم بە کرمانجی تۆمار کردووە، هەروەها گۆرانییەکیشم بە تورکی تۆمار کردووە، گۆرانییەکەی دیکەش تێکەڵە لە کرمانجی و سۆرانی".





## دیلانار گەنجان فێری گۆرانیگوتن دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

دیلانار یڵدز، کچە گۆرانیبێژی کورد ڕایگەیاند کە نوێترین کاری هونەریی ئەو گۆرانییەکە بە شێوەزاری سۆرانی. دیلانار لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تازەترین کاری هونەریم گۆرانییەکە بە شێوەزاری سۆرانی کە لە ئاواز و تێکستی ئەردەوان برادۆستییە، گۆرانییەکی خێرایە و ئێستا ئامادەکاری دەکەین بۆ وێنەگرتنی کلیپی گۆرانییەکە". دیلانار تاوەکو ئێستا چەند کۆنسێرتێکی لە کوردستان کردووە کە هەندێکیان بۆ پێشمەرگە بوون و دەڵێت بۆ ئەو کۆنسێرتانە پارە وەرناگرێ. گوتیشی بەنیازە دوو کۆنسێرت لە ئەڵمانیا بکات. دیلانار لە ئیستانبوڵ هونەری دەنگی خوێندووە، بۆیە ئێستا پرۆژەیەکی لەبەردەستە بۆ ئەو کەسانەی حەز دەکەن گۆرانی بڵێن، لەوبارەوە گوتی: "لەماوەیەکی نزیکدا سەنتەرێک بۆ فێربوونی چۆنیەتی گۆرانیگوتن و ئەداکردنی دەکەمەوە، بۆ ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن ببنە گۆرانیبێژ، من بەشێوەیەکی زانستی فێریان دەکەم".



## هێڵی لەڤ دەبێتە میوانی لەندەن

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

هێڵی لەڤ، کچە هونەرمەندی کورد، دەبێتە میوانی هەفتەی فاشنی دوبەی لە لەندەن کە یەکێکە لە گەورەترین نمایشەکانی ئەوروپا.

هێڵی لەڤ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەک میوانێکی تایبەت لەگەڵ 400 کەسایەتی دیکەی جیهانی لە مانگی تەمموزی داهاتوو، بەشداری لە Dubai Fashion Week London دەکەین، کە دەیان ئەستێرە و مۆدێلی جیهانی لەگەڵ دیزاینەرانی جیهانی ئامادەی دەبن".

هێڵی لەڤ تەنیا وەک میوان بەشداری لەم نمایشە دەکات کە ساڵانە بەڕێوەدەچێت و تێیدا دەیان دیزاینەری جلوبەرگ و ئێکسسوارات کارەکانی خۆیان لەوێ نمایش دەکەن.

# سینەمای هیندستان تەحەدای هۆلیوود دەکات

رووداو - هەولێر

فیلمی "باهوبالی 2: ئەنجام" بە کواڵیتی بەرز و فۆرماتی (IMAX) لە هیندستان، مالیزیا، فەرەنسا، ئیماراتی عەرەبی و ئەمریکا نمایش دەکرێ. ئەوەش وەکوو هەوڵێک بۆ دوورکردنەوەی بینەرە هیندییەکان لە فیلمە پڕخەرجەکانی هۆلیوود.






**(باهوبالی ٢: ئەنجام):** باهوبالی دەیەوێ بینەرە گەنجەکانی بەرهەمە زەبەلاحەکانی هۆلیوود رابکێشێ، کە بەرهەمی وەکوو "Fast & Furious" (واتە خێرا و تووڕە) هەبووە و تێیدا دوین جۆنسن، ئەکتەری ئەمریکی، بەشدار بووە و 64.5 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. پرابهاس، ئەکتەر هیندی، بۆ هەردوو بەشەکەی فیلمی باهوبالی، 4.6 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە.



**Skiptrace (دۆزینەوە):** فیلمێکە بە هاوکاری هۆنگ کۆنگ، ئەمریکا و چین دروستکراوە. جاکی چان بۆ بەشداری لەم فیلمە 61 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە و بوو خاوەنی دووەم زیاترین مووچەی ئەکتەر.



ساڵی رابردوو شاروخ خان، ئەستێرەی بۆلیوود، 33 ملیۆن دۆلاری دەستکەوتووە، بەو پێیەش لە نێوان 10 ئەکتەرە هەرە مووچەبەرزەکانی ساڵی 2016دا بووە.



**The Great Wall (دیواری مەزن):** پڕخەرجترین بەرهەمی هاوبەشی ئەمریکا و چین. مەت دامۆنس، ئەکتەری ئەمریکی، بۆ بەشداری لەم فیلمە 55 ملیۆن دۆلاری وەرگرت.

**Baahubali 2: The Conclusion**

فیلمی باهوبالی 2 ( ئەنجام) سێیەم فیلمی هیندییە کە بە فۆرماتی (IMAX) نمایش دەکرێ. ئەم فیلمە درێژەی بەشی یەکەمی فیلمەکەیە بە ناوی "باهوبالی: دەستپێک". بەشی یەکەمی فیلمەکە دەنگدانەوەیەکی جیهانی باشی هەبوو و سەلماندی پیشەسازی فیلمی هیندستان تەنیا لە بۆلیوود و بە زمانی هیندی کورت نابێتەوە. دەرهێنەری فیلمی باهوبالی "ئێس ئێس راجامولی"یە و کۆمپانیا ئارکا میدیاوێرک فیلمەکەی بەرهەمهێناوە.




## خشتەی بەرنامەکانی کەناڵی رووداو (2017/5/7-1)



### هۆتلاین:
شەممە تا پێنجشەممە، کاژێر 18:00



### لەگەڵ رەنج:
پێنجشەممە، کاژێر 21:05



### رووداوی ئەمڕۆ:
شەممە تا چوارشەممە، کاژێر 21:00



### تۆپ ستۆری:
پێنجشەممە، کاژێر 22:30



### وەرزین:
دووشەممە، کاژێر 22:30



### چاوی رووداو:
هەینی کاژێر 18:00




### ریدلاین:
سێشەممە، کاژێر 22:05



### مێدئین کوردستان
هەینی، کاژێر 21:00



### لە واشنتنەوە:
سێشەممە، کاژێر 22:30



### نۆرین:
شەممە، کاژێر 22:05

### هێڵی پێشەوە
چوارشەممە، کاژێر 19:45

### هەفپەیڤینی تایبەت
شەممە، کاژێر 22:30



### چۆپی و چارە:
چوارشەممە کاژێر 22:30



### دۆکۆمێنتاری
یەکشەممە، کاژێر 22:30



## 14%ی کرێکارانی کوردستان ئافرەتن

**سەریاز سیامەند / رووداو- هەولێر**

محەممەد هاودیانی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "14%ی کرێکارانی هەرێمی کوردستان لە رەگەزی مێن". هاودیانی ئامارەکەی وردتر کردەوە و گوتی "لەو رێژەیە 11%ی ئافرەتان لە کەرتی حکومی و 3%ی ئافرەتان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن".
هەروەها تریسکە ئیحسان ئەسعەدی، سەرۆکی کۆمەڵەی کارسازانی خانمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "لە هەرێمی کوردستاندا 63 خانمی کارساز وەکو ئەندام لە کۆمەڵەی کارسازانی خانمانی کوردستان تۆمار کراون."

# پارێزەرەکانی دلین داوای هەڵدانەوەی گۆڕەکەی دەکەن



**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

دلین ئەحمەد حەسەن، تەمەن 22 ساڵان، ماوەی 10 ساڵ بوو لەگەڵ (ئا) هاوسەرگیری کردبوو و دوو کوڕی تەمەن شەش ساڵان و دوو ساڵانی هەبوو، دلین لەگەڵ ماڵی خەزووری دەژیا، بەڵام لە رووداوێکی گوماناویدا کەوتە نەخۆشخانە و دوای چوار رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

فەوزیە سدیق، دایکی دلین بە (رووداو)ی گوت "ئێمە بە رووداوەکەمان نەزانیبوو، دواتر لەلایەن ماڵی خەزووریەوە ئاگادار کراینەوە کە دلین هەندێک حەبی ڤیتامینی خواردووە و گێژ بووە، بۆیە بردوویانەتە نەخۆشخانە، بەڵام کاتێک چووینە نەخۆشخانە بینیمان بارودۆخی کچەکەم زۆر خراپە، نەک بەو شێوەی ئەوان باسیان کردبوو، چەند شوێنێکی جەستەی رەش و شین ببووەوە و نەیدەتوانی قسە بکات و چاویش بکاتەوە".

فەوزیە دەڵێت لەوێ لە هەر کەسێکیان دەپرسی دلین تووشی چی بووە، کەس وەڵامی نەداونەتەوە، هەر بۆیە دوای دوو رۆژ بردیانە نەخۆشخانەی پار لە هەولێر، بەڵام دوای دوو رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

فەوزیە کە لە نەخۆشخانە لەلای کچەکەی بووە، دەڵێت لەوێ تێبینی شتێکی سەیری کرد، چونکە پێنج شوێن لە جەستەی دلین، (بن سکی و دەست و رانی) شین و مۆر ببوو کە وەک شوێنی ئەشکەنجەدان وابوو، تەنانەت حەوزیشی خوار ببوو. دەشڵێت یەکێک لە پزیشکەکان پێیگوتووە پێناچێت بە حەب خواردن وای لێهاتبێت، بەڵکو زەبرێکی بەرکەوتووە.

فەورزیە دەڵێت "شەوی پێش مردنی کچەکەم، خەزووری هات و گوتی من لەلای دلین بووم و تەندروستی زۆر باش بووە و هەستاوەتەوە، تەنانەت قسە دەکات و شیریشی خواردووەتەوە، بەڵام پزیشکەکان ناهێڵن کەس بچێتە ژوورەوە بۆ لای، بۆیە ئێوە ئەمشەو برۆن پشوو بدەن، ئێمە لێرە دەبین. هەر ئەو شەوە دلین گیانی دەرچووبوو، بەڵام کاژێر حەوتی بەیانی رۆژی دواتر بە ئێمەیان گوت، خەزووری لەلای پزیشکەکان گوتبووی من باوکی ئەوم و پێویست بە پزیشکی دادی ناکات و نەیهێشتبوو پشکنین لەبارەی هۆکاری مردنەکەی بکەن". هەر بۆیە دایکی دلین دەڵێت "کچی من بە لێدان و کوتان مردووە نەک بە حەبخواردن، کچی من بە غەدر چوو".

ئاراس ئەحمەد، برای گەورەی دلین، دەڵێت "کاتێک پرسیارمان لە پزیشکەکانی نەخۆشخانەی ئازادیی دهۆک لەبارەی هەبوونی خوێن و شین و مۆربوونەوەی جەستەی دەکرد، ئەوان دەیانگوت نازانین هۆکارەکەی چییە و دەبێت پزیشکی تایبەتمەند بیبینێت، دیاربوو نەیاندەویست شتێک لەبارەی تەندروستی خوشکەکەم بە ئێمە بڵێن". ئاراس گوتیشی کە لەو ماوەیەی خوشکەکەی لە نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆک ماوەتەوە تەنیا بەنج و خوێنیان پێداوە، لەکاتێکدا حەبخواردن هیچ پەیوەندی بە خوێنەوە نییە".

لەبارەی ئەوەی کە دلین دەیتوانی قسە بکات، ئاراسی برای دەڵێت "نەیدەتوانی قسە بکات و چاوی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بۆ کاتێکی زۆر کەمیش چاوی بکردبایەوە هاوژینەکەی و خەزووری نەیاندەهێشت ئێمە بچینە لای و خۆیان دەچوون، بەڵام ئەو کاتەی بێهۆش بووایە، دەیانهێشت ئێمە ببینین. تەنانەت کاتێک بردیشیان بۆ پزیشکی دادوەری، نەیانهشت تەرمەکەی لە ئەمبۆلانس بهێننە خوارەوە و هیچ پزیشکێکیش نەیبینی، تەنیا ماوەی پێنج خولەک خەزوورەکەی چووە ژوورەوە و تەواو".

باوکی دلین سکاڵای لەسەر هاوژینی دلین و خەزوور و خەسووەکەشی تۆمار کردووە. هاوکات حەوت پارێزەر وەک خۆبەخش کار بۆ ئەم کەیسە دەکەن. پارێزەر هەڤاڵ وەهاب رەشید کە لەگەڵ شەش پارێزەری دیکە بەرگری لە کەیسی دلین دەکەن، بە (رووداو)ی گوت "تائێستا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی دادگادایە، هیچ دانیشتنێک لەسەر کەیسەکە نەکراوە" دەشڵێت "لە دادگا کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە هۆکاری مردنی کچەکە خۆکوژی بووە و ئەمەش دوورە لە راستی، بەپێی ئەو بەڵگانەی بە وێنە لەبەردەستی ئێمەدایە شوێنی ئەشکەنجەدان بە جەستەی دلینەوە دیارن، جگە لەوەش دەگوترێت بە حەب هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام دلین 13 بوتڵ خوێنی تێکراوە، کەسێکیش بە حەب هەوڵی خۆکوشتن بدات، پێویستی بە خوێن نییە، جگە لەوەش تووشی خوێنبەربوونی ناوخۆیی و دەماغی بووە، ئەمەش مانای وایە لە دەرەوە زەبری بەرکەوتووە، تەنانەت باس لەوەش دەکرێت کە حەبلی شەوکیشی پچڕاوە".

ئەو ماددەیەی لە دادگا دۆسیەی دلینی پێکراوەتەوە، تایبەتە بە خۆکوشتن. ئەو پارێزەرە دەڵێت "ئێمە نزیکەی 10 جار داوامان کردووە ماددەکە بگۆڕێت بۆ کوشتن، بەڵام نەگۆڕاوە، چونکە لە دادگا دەڵێن ئێوە تەنازولتان کردووە، بۆیە مافی ئەوەتان نییە، داوای گۆڕینی ماددەکە بکەن، بەڵام پێویستە دادوەر تەنازولی باوکی دلین قبوڵ نەکات، چونکە لەژێر هەڕەشەدا بووە. من وەک پارێزەر داواکارییەکم پێشکەشی دادوەر کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەنازولەکەی باوکی دلین، چونکە لەژێر هەڕەشەدا بووە، بەڵام ئەو قبوڵی نەکرد".

بە گوتەی ئەو پارێزەرە "نزیکەی مانگێک لەمەوبەر دایک و باوکی دلین چوونەتە هەولێر تا کەیسی کچەکەیان لە دهۆکەوە بگوازنەوە بۆ هەولێر، چونکە پێیانوایە کەیسەکە لە دهۆک کاری لەسەر ناکرێت، ئێستا داواکەیان بۆ گواستنەوەی کەیسەکە لە داواکاری گشتییە لە هەولێر".

بە گوتەی پارێزەر هەڤاڵ وەهاب "سکاڵا لەسەر هاوژینی دلین و خەسوو و خەزووریشی تۆمارکراوە، بەڵام ئەوان بۆ یەک کاژێریش نەگیراون، لەبەرئەوەی خەزوورەکەی پلەی لیوایە و دیارە هێزی ئەو لە یاسا بەرزترە".

پارێزەر هەڤاڵ وەهاب دەشڵێت "ئەوان نەچوونەتە لیژنەی پزیشکی و پزیشکی دادوەری و پشکنین بۆ هۆکاری مردنەکەی نەکراوە، باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی بزانرێت هۆکاری مردنەکەی چییە، هەڵدانەوەی گۆڕی دلین و لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادی و لیژنەی لێکۆڵینەوەیە کە ئەمەش 100% هۆکاری مردنەکەی دەردەخات".

# کچە شەڕڤانە بەریتانییەکە خۆی بۆ شەڕی رەققە ئامادە دەکات



**رووداو- Observer**

هەفتەنامەی ئۆبزەرڤەری بەریتانی باس لە شەڕڤانە ئافرەتەکانی رۆژئاوای کوردستان و بەشدارییان لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققەی پایتەختی داعشدا دەکات. لە راپۆرتەکەدا دیمانە لەگەڵ شایەتحاڵەکانی خەڵکی رەققەش کراوە کە تێیدا باس لە تەکتیکەکانی داعش بۆ بەرگری لە شارەکە دەکەن.

یەکێک لەو شەڕڤانە بیانیانەی لە راپۆرتەکەدا قسەی لەگەڵ کراوە کیمبرلی تایلەر، ئافرەتێکی بەریتانی خەڵکی بلاکبێرنی باشووری رۆژئاوای ئینگلتەرایە کە بە گوتەی خۆی هەموو کات حەزی لە کاری مرۆیی بووە، تەنانەت بیری لە دانانی رێکخراوێکی ناحکومیش کردبووەوە بۆ ئەوەی یارمەتی لێقەوماوان بدات. بۆیەش لە هاوینی 2015دا بڕیاری دابوو بێتە عێراق و لەوێ لە نزیکەوە چاوی بە نەهامەتیی ژیانی کۆچبەر و ئاوارەکان بکەوێ.

لەو سەردانەدا رەوشی ئافرەتانی ئێزدی بینیبوو کە ناوچەکانیان کەوتبوونە بندەستی داعش و خۆشیان دەستدرێژییان کرابووە سەر یان بە کۆیلەکرابوون. کیمبرلی دەڵێت "دایکەکان هەوڵیان دەدا منداڵە ساواکانی خۆیان بدەن بە من بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆم بیانبەم بۆ ئەوروپا. ئەوان زۆر بە جیدی ئەو داوایەیان لە من دەکرد و لێم دەپاڕانەوە. دەبووایە شتێک بکەم". بۆیەش دوای گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا، لە ئاداری ساڵی دواتردا روو لە سووریا دەکات و لەوێ دەچێتە ریزی چەکدارە بیانییەکانی یەپەگە.

وەکوو لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێدراوە، لەو تیپەدا نزیکەی 100 خۆبەخشی خەڵکی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی هەبوو، لە نێویشیاندا دە کەسێکیان بەریتانی بوون. ئێستا ئافرەتە بەریتانییەکە ئەندامی یەکینەی پاراستنی ژنان (YPJ)ی سەر بە پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)یە و لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە بەشدارە.

بەگوێرەی دوایین راپۆرتی رۆژنامەی گاردیەن، نزیکەی 850 بەریتانی لە ریزەکانی داعش و گرووپە جیهادییەکانی دیکەدا بەشداری لە شەڕی نێوخۆیی سووریا دەکەن، بە گوتەی کیمبرلیش خەڵکی ئەو گوندانەی لە دەست داعش رزگار دەکرێن، دەڵێن ژمارەیەک زۆر چەکداری داعش عەرەبی نازانن و هەندێکیان بە ئینگلیزی قسە دەکەن. شەڕڤانە بەریتانییەکە پێیوایە حاڵەتێکی "سەمەرە"یە ئەگەر لە مەیدانی شەڕدا بەرەنگاری بەریتانییەک ببێتەوە، بەڵام ئامادەیە گرەویش بکات لەسەر ئەوەی کەسێک لە قوتابخانەکەی خۆی لە بلاکبێرن، لەوێ (واتە لە بەرەی داعش) هەیە. سەرچاوەکانی ئاسایشی یەپەگە بۆ رۆژنامە بەریتانییەکەیان ئاشکرا کردووە کە بەپێی مەزندەکانی ئەوان 1500 چەکداری بیانیی داعش بەرەو ناو شاری رەققە پاشەکشەیان کردووە.

### هێرشی شەوانەی داعش

کیمبرلی باسی ئەوە دەکات کە پێشتر بیستبووی چەکدارانی داعش بە شەو "وەکوو تارمایی خۆیان دەکەن بە ناو بنکەی هێزە کوردییەکاندا"، بەڵام بەر لە روودانەکەی هیچ ئامادەکارییەکی بۆ حاڵەتی وا نەکردبوو. وەکوو خۆی دەگێڕێتەوە یەکەمجار لە 12ی شوباتی رابردوو کاتژێر 3:40ی بەرەبەیان بەسەر سەنگەرەکانی بنکەکەی ئەواندا خۆیان هەڵدابووە ئەوبەر.

وەکوو خۆی بۆ ئۆبزەرڤەری دەگێڕێتەوە، لەو کاتەدا کیمبرلی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە بنکەکەیان دەستی بەسەردا گیراوە، بۆیە یەکسەر دەستی بە تەقە کردبوو. لە ناکاو چاوی بە چەکدارێکی داعش کەوتبوو کە لە یەکێک لە بینایەکاندا خۆی شاردبووەوە، چەکدارەکە بە هەڵاتن بەرەو کیمبرلی هاتبوو لەپڕ پشتێنە بۆمبڕێژکراوەکەی تەقاندبووەوە.

شەڕڤانە بەریتانییەکەی یەپەژە پێیوایە بەختی هەبووە کە توانیویەتی لەو هێرشەدا بە زیندوویی دەربچێ و دەڵێ "وەک بڵێی بەختم هەبوو. لەناو پارچەی لەشی مرۆڤدا ون ببووم". ئەو بنکەیەی هێرشەکەی مانگی شوباتی تێدا روودا تەنیا پێنج میل لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕی گرتنەوەی رەققەوە دوورە و 25 کیلۆمەتریش لە باکوورەوە لە رەققە دوورە. شەڕڤانە تەمەن 28 ساڵەکە باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ تەواوبوونی هێرشەکە و هەڵهاتنی خۆر، بینینی دیمەنی تەرمە سووتاوەکان بۆ ماوەیەک حاڵی تێکدابوو.

هێرشی دووەمیان لە مانگی ئاداردا روویداوە. ئەوجارەیان داعش هێرشی کردبووە سەر بنکەیەکی فەرماندەیی (یەپەژە) کە تەنیا سێ میل لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕی گرتنەوەی رەققە دوور بوو. بەپێی گێڕانەوەی کیمبرلی، لەو هێرشەدا کچێکی 12 ساڵان بەرکەوتبوو، دایکی منداڵەکە کچەکەی هێنابووە لای کیمبرلی، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بکەن، بەڵام بە گوتەی ئافرەتە بەریتانییەکە "هەموو ناو سکی دەرهاتبوو. من و پزیشکەکە هەوڵمان دەدا بەو کەلوپەلەی لەبەردەستمانە چارەیەکی بکەین و برینەکەی بگرین، بەڵام مەحاڵ بوو".

### بەرەو بەرەکانی پێشەوەی شەڕی رەققە

بەگوێرەی راپۆرتی هەفتەنامە بەریتانییەکە، کیمبرلی لە چەند هەفتەی رابردوودا رەوانەی یەکەیەکی سەربازی نوێ کراوە کە وەکوو یەکێک لە هێزە پێشەنگەکان بەشداری ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی رەققە دەکات. ئەو بەرەیەی لەمەودوا ئافرەتە شەڕڤانە بەریتانییەکە بەشداری تێدا دەکات لە دیوی رۆژئاواوە تەنیا 12 میل لە ناوەڕاستی رەققەوە دوورە، بۆیەش چانسی ئەوەی هەیە لە نێو یەکەمین ئەو چەکدارانەدا بێ کە دەچنە ناو رەققەوە. کیمبرلی (جگەرەیەک بە لا لێوەوە) گوتی "داعش خۆت بگرە هاتین".

کیمبرلی دەزانێ شەڕی رەققە لەگەڵ نزیکبوونەوە لە شارەکە قورستر دەبێت، چونکە ئەو دەزانێ "ئەوان لە مێژە خۆیان بۆ ئەم شەڕە ئامادە دەکەن، سەتان و سەتان کەسمان لە رەققە دەکوژرێین، دەزانم زۆر هاوڕێم لە کیس دەچن. ئەوەی لە رەققە بەسەرمان دێت لە هیچ کام لەو شتانە ناچێ کە هەتا ئێستا بینومانە". بەڵام وەکوو خۆی جەخت دەکاتەوە ئەو ئامادەیە بۆ مردن.

### ژیانی بەرەکانی جەنگ

کیمبرلی دەیزانی ژیان لە ناوچەیەک کە لە هەموو لایەکەوە شەڕ چاوەڕێت دەکات بژاردەیەکی ئاسان نییە. لە بنکەکانی یەپەژەدا نانی بەیانی کاژێر پێنجی بەیانییە کە مریشکی ناو قوتو و پەنیری سێگۆشەیە. ئەوەی زۆرە جگەرەیە، بەڵام حەمام و خۆشۆردن دەستکەوتێکی شاهانەیە و خۆنەشۆردن بۆ ماوەی چەند هەفتە شتێکی زۆر ئاساییە.

بەڵام کیمبرلی، کە گۆرانیی کوردی "شەڕڤانێ ئازادی" پێخۆشە، حەزی لە ژیانی بەرەکانی پێشەوەی جەنگە، لەبەر ئەوەی لەوێ دەتوانێ کاریگەر بێ و هەست بە یەکسانی بکات. کیمبرلی تایلەر ئاواتی کوشتنی ئەو پیاوانەیە کە دەستدرێژییان کردووەتە سەر ئافرەتان، بەڵام لەبارەی ژیانی خۆی لە بەرەکانی شەڕ بە ئۆبزەرڤەری گوتووە "بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا هەست بەوە دەکەم پیاو بەهۆی ئافرەتبوونمەوە رێزم لێدەنێن، لە بەریتانیا پیاوەکان مافی ئەوەیان هەیە هۆڕنم بۆ لێدەن، چونکە کۆئەندامی مێیینەم پێوەیە".



## لە بەردەم ماڵی خەزووریدا خۆی کوشت

ڕووداو- هەولێر

پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند ڕۆژی 2017/4/28 لە گەڕەکێکی شاری هەولێر پیاوێک لەبەردەم ماڵی خەزووریدا خۆی کوشتووە. بە گوتەی پۆلیس ڕووداوەکە کاتژمێرەکە 2:30 خولەکی دوای نیوەڕۆی هەینی ڕوویداوە. کەسێک بەناوی (م.ر) کە خاوەنی سێ منداڵ بووە، بە گوللە خۆی کوشتووە. سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش پۆلیس دەڵێت "ئەو پیاوە هاوژینەکەی لێی زویر بووە و چووەتەوە ماڵی باوکی، چەند جارێک داوای لێکردووە بگەڕێتەوە، بەڵام بە قسەی نەکردووە، بۆیە ئەویش لە بەردەم ماڵی خەزووری، خۆی کوشتووە".

# چوو بۆ بەنزین و ئیدی نەگەڕایەوە



## هاوژینەکەی: داوا دەکەم بکوژەکەی بدۆزنەوە تا هیچ نەبێت بزانین بۆچی کوشتیان

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

سەعدون شەریف، 44 ساڵ، چەند ساڵێک بوو نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووی هەبوو، نزیکەی مانگێک لەمەوبەر لە بەردەم بەنزینخانەیەکدا تەقەی لێکرا و کوژرا، بەڵام تاوەکو ئێستا بکوژەکەی نەدۆزراوەتەوە.

بورهان شەریف، برای سەعدون بە (ڕووداو)ی گوت "براکەم زیاتر لە 10 ساڵ بوو نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو زەوی هەبوو، پیاوێکی کاسب بوو، کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبوو، هەتا ئەو ڕۆژەی کوشتیشیان، ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک بەهۆی کێشە یان پارەوە دەرگای لێنەگرتووین، نازانین چۆن و بۆچی کوشتیان".

بورهان ڕووداوەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: "سەرەتای مانگی ڕابردوو براکەم دەیویست بچێتە بەنزینخانە بۆ ئەوەی بەنزین بکاتە ئۆتۆمبێلەکەی، لە ڕێگەی چوون ئۆتۆمبێلێک تەقەی لە براکەم کردووە و گوللەیەکی لە سەری داوە، پێش ئەوەی بیگەیەننە نەخۆشخانە، گیانی دەرچووە".

براکەی سەعدون شەریف دەشڵێت "بەهۆی دووریی کامێرای چاودێری لەو ناوچەیە، هێشتا نازانین ئەو کەسەی تەقەی لە براکەم کردووە کێ بووە و چ جۆرە ئۆتۆمبێلێکی پێبووە، هەر بۆیە سکاڵامان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە، چونکە دوژمنایەتیمان لەگەڵ کەس نەبووە، بۆیە هەتا ئەمڕۆ ئێمە لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو کەسەین کە بێ هیچ خەتایەک براکەمی تیرۆر کرد".

غالیە سەباح کە 25 ساڵ هاوژینی سەعدون بووە، لەدوای ڕووداوەکەوە لە باروودۆخێکی دەروونیی خراپدا دەژیت.

ئەو بڕوای دەکرد ڕۆژێک هاوژینەکەی بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل بمرێت، بەڵام هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو بە گوللەی نەناسێک ژیانی کۆتایی بێت. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "سەعدوون کەسێکی لەسەرخۆ و هێمن بوو، لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا، ڕۆژێک کەسێک نەهاتووە بڵێت تۆ ئەو هەڵەیە یان ئەو ناهەقییەت بەرامبەرم کردووە، پیاوێکی سادە بوو، مۆبایل و کۆمپیوتەر و هەموو شتە تایبەتەکانی بەبێ پاسۆرد بوو، ئاگاداری هەموو ژیانی بووم، بۆیە لە هیچ ڕوویەکەوە گومانی هیچ شتێک ناکەم و دوژمنمان نەبووە، کاسبی بۆ ماڵ و منداڵی دەکرد و کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو".

غالیە باس لە دوارۆژی بینینی سەعدون دەکات و دەڵێت "کچەکەم خوێندکاری زانکۆیە، هاوژینەکەم وەک هەموو بەیانییەک ئەو ڕۆژەش بردی بۆ زانکۆ، دواتر منداڵەکانی برد بۆ قوتابخانە و هاتەوە ماڵ، خۆمان لە پرسەدا بووین، مامۆژنی سەعدون هەفتەیەک بوو مردبوو، بۆ سەرەخۆشی میوانمان دەهات، کاژێر 9:20ـی بەیانی بوو بە سەعدونم گوت بچین گۆشت بکڕین، پێکەوە گۆشتمان کڕی و منی لە پێش دەرگا دانا، گوتی دەچم بەنزین تێدەکەم و دەگەڕێمەوە، بەڵام ئەوە دوا بینینی من و ئەو بوو، نەگەڕایەوە".

غالیە بە گریانەوە دەڵێت "ئەو هەواڵەی ئەو نیوەڕۆیە بەدڵم گەیشت هەتا ئەمڕۆ بەنجی کردووم، لەڕێگەی تەلەفۆنەکەی پێیانگوتم سەعدون کوژراوە، بڕوام نەکرد و تا ئێستاش بڕوا ناکەم سەعدون نەگەڕێتەوە و هەتا هەتایە نەیبینمەوە".

سەعدون خاوەنی 5 منداڵە، کوڕە تەمەن 4 ساڵانەکەی هەموو ڕۆژ لەپێش دەرگا چاوەڕێی هاتنەوەی باوکی دەکات. غالیە دەڵێت "لەگەڵ ماڵ و منداڵی وەک هاوڕێ بوو، ئێستا ماڵم چۆڵە، کاسبکارمان نییە، منداڵەکانم دەخوێنن، داوا دەکەم ئەو کەسە بدۆزنەوە کە سەعدونی کوشتووە، تا هیچ نەبێت دۆست و دوژمنی خۆمان بناسین و بزانین بۆچی کوشتیان".

سەبارەت بەو دەنگۆیانەی دەگوترێت لەسەر پارە کوژراوە و قەرزداری خەڵک بووە، غالیەی هاوژینی هەموو دەنگۆکانی ڕەتکردەوە و گوتی "بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، خەڵک پارەی ئێمەی لەلایە، بەڵام ئێمە قەرزاری هیچ کەسێک نین".

لە ماوەی ئەمساڵدا چەند کاسبکارێک کە زۆربەیان خاوەنی نووسینگەی ئاڵوگۆڕی دراو و نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی بوون، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژراون، بکوژی هەندێکیشیان تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراون.

## پێشتر دووجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە

# بەساڵاچوویەک خۆی دەسووتێنێ

عومەر چاوشین
ڕووداو- قەڵادزێ

کەسوکارەکەی دەڵێن زوو زوو سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد، وەکوو ئەوەی بزانێ کەی دوا وادەی ژیانیەتی، مام خدر بەر لەوەی ئاگر لە جەستەی خۆی بەربدات و گیانی دەربچێ، هەرچی سەروەت و سامانی هەبوو بەپێی شەریعەتی ئیسلام بەسەر منداڵەکانیدا دابەشی کرد.

ڕۆژی 2017/4/24 پیاوێکی تەمەن 76 ساڵ بەناوی (خدر.پ.ح) دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە قەڵادزێ، لە ماڵی کوڕەکەیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەستدا. کوڕەکەی دەڵێت باوکی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، ماوەی سێ ساڵ بوو بە دەست ئەو نەخۆشییەوە دەیناڵاند.

ئەحمەد کە کوڕە گەورەی مام خدرە، بە (ڕووداو)ی گوت "باوکم ماوەی سێ ساڵ بوو تووشی شڵەژانی دەروونی بووبوو، بەردەوام داوای دەکرد دوعای بۆ بکەین بۆ ئەوەی زوو بمرێ و ڕزگاری بێ لەو ژیانە".

بە گوتەی ئەحمەد، باوکی پێشتریش دووجار هەڕەشەی خۆسووتاندنی کردووە "باوکم حەزی نەدەکرد بەهۆی نەخۆشییەوە لەسەر جێگا بکەوێت، بۆیە پێشتریش دووجار ویستبووی خۆی لەناو ببات، ئێمە نەمانهێشت".

مام خدر تووشی چەند نەخۆشییەک بووبوو، کەسوکارەکەی بردبوویانە لای چەند پزیشکێک، هەموویان گوتبوویان پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە، بەڵام گوتبوویان جەستەی لاوازە و بەرگەی نەشتەرگەری ناگرێ.

ئەحمەد دەڵێت دوای ئەوەی باوکی بۆی دەرکەوت تووشی چەندین نەخۆشی بووە و بەرگەی نەشتەرگەریش ناگرێ، لە ڕووی دەروونییەوەش دووچاری گرفت بوو. ئەحمەد دەڵێت "باوکم زوو زوو سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکرد، حەزی دەکرد زوو کات بڕوات. دڵی زۆر زۆر ناسک بوو، بەردەوام دەیگوت گەردنم ئازاد بکەن".

ئەحمەد باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە باوکی، خۆی سووتاند و دەڵێت "ئێمە بەردەوام چاودێریمان دەکرد، چونکە دەترساین شتێک بەسەرخۆی بهێنێ. لە کاتی ڕووداوەکەدا برایەکم و خوشکەزایەکم لەوێ بوون، کە بینیبوویان دەچێتە ژوورەوە، ویستبوویان لەگەڵی بچنە ژوورەوە، بەڵام پێیگوتبوون مەیەنە ژوورەوە، خۆم ڕووت دەکەمەوە، جەستەم چەور دەکەم. کاتێک چووەتە ژوورەوە دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، لە ژوورەوە سۆبای لێبووە، نەوتەکەی دەرهێناوە و بە جەستەی خۆیدا کردووە، پاشانیش ئاگری لە خۆی بەرداوە".

ئەحمەد دەڵێت باوکی بەمدواییە ڕەوشی دەروونی و جەستەیی بە تەواوی تێکچووبوو، زۆر بە زەحمەت نانی دەخوارد، دەبووایە دەمێک لەبەری بپاڕێنەوە هەتا پاروو نانێک بخوات.

ئەحمەد دەروێش کە خوشکەزای مام خدرە، باسی سووتانی خاڵی دەکات و دەڵێت "لە کاتی ڕووداوەکەدا دوو کەس لەوێ بوون، بەڵام ئەوان سەیری یارییان کردووە و ئاگایان لە هیچ نەبووە، بەهۆی بۆن و دووکەڵەوە بە ڕووداوەکەیان زانیوە، کاتێک ویستوویانە بچن خاڵم ڕزگار بکەن، بینیویانە دەرگای لەسەر خۆی شیش داوە، هەتا دەرگاکەیان شکاندبوو زۆربەی جەستەی سووتابوو".

ئەحمەد کە زوو زوو سەردانی خاڵی کردووە، دەڵێت زۆر دڵنەوایی دەدایەوە، بەڵام بێسوود بوو "خاڵم تووشی نەخۆشیی قۆڵۆن و گورچیلە و دڵ و چاو بووبوو، هەموو جارێک دەیگوت بە دەست خۆم نییە، بەرگەی ئەو هەموو نەخۆشییە ناگرم، هەر ئەوەش تووشی شڵەژانی دەروونی کردبوو". ئەحمەد هەروەها دەڵێت "بەمدواییە لەڕووی دەروونی بە جارێک تێکچووبوو، زۆر کەسی نەدەناسییەوە، بووکەکەی کە زۆر زۆر خزمەتی دەکرد، نەیدەناسییەوە".

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی خۆسووتاندنی ئەو بەساڵاچووە بە (ڕووداو)ی گوت "پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردەوە، ئەو پیاوە بەهۆی ئەوەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە لەوێ گیانی دەرچووە".

گوتیشی "کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە، بەڵام پۆلیس دەبێت لە ڕاستی و دروستیی ڕووداوەکە دڵنیا بێت و هۆکاری ڕووداوەکە بزانێ".



### سێ پیاو خۆیان سووتاندووە

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا سێ پیاو لە سنووری پشدەر و بیتوێن خۆیان سووتاندووە. ڕۆژی 5/1/2017 گەنجێکی تەمەن 26 ساڵ کە خێزاندار بوو، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و مرد. ڕۆژی 15/2/2017 پیاوێکی تەمەن 80 ساڵ لە ماڵی کوڕەکەی لە گوندی تیتۆکەی سەر بە قەزای ڕانیە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. هەروەها ڕۆژی 24/4/2017 پیاوێکی تەمەن 76 ساڵ بەناوی (خدر.ح) دانیشتووی قەڵادزێ، خۆی سووتاند و بەوهۆیەوە مرد.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## جیابوونەوەیەکی نەزانانە

ئەگەر کەسێک شارەزایی لە یاسا نەبێت، یان کاتێک تووشی کێشەیەکی خێزانی دەبێت و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا لە یاسا ناکات، چارەنووسی لەو پیاوە خراپتر دەبێت کە وەک لە کوردەواری دەڵێن بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی لەسەر دانا. ئەو پیاوە ژنەکەی خیانەتی لێکرد و سکاڵاشی لەسەر تۆمار کرد.

ماوەیەک لەمەوبەر پیاوێک سەردانی کردین و داوای ڕێگەچارەی یاسایی کرد بۆ دەرچوون لەو کێشەیەی بەهۆی ژنەکەیەوە دووچاری بووبوو، بەڵام ئەو پیاوە درەنگ خەبەری بووبووەوە.

ئەو پیاوە بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ ژنەکەی گێڕایەوە و گوتی "لەگەڵ ژنەکەم هیچ کێشەیەکمان نەبوو، زۆر لەگەڵ یەکدی گونجاو بووین، بەڵام دەستی لەگەڵ پیاوێک تێکەڵ کرد و خیانەتی لێکردم. ئێستاش نازانم بۆ خیانەتی لێکردم، چونکە من لە ڕووی جنسییەوە هیچ کێشەیەکم نەبوو، لە ڕووی ماددیشەوە بە هەمانشێوە هیچ کێشەیەکمان نەبوو، هەر شتێکی لێ داوا کردبم بۆم کڕیوە".

پیاوەکە درێژەی بە گێڕانەوەکەی دا و گوتی دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ژنەکەی خیانەتی لێدەکات، پەنای بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد و بیریشی لە کوشتنی ژنەکەی نەکردەوە، تەنانەت پەنای بۆ دادگاش نەبرد، ویستی بەبێ دەنگی لە ژنەکەی جیاببێتەوە، کەسیشی لە خیانەتەکە ئاگادار نەکردەوە و یەکسەر ژنەکەی ناردەوە ماڵی باوکی و پێیگوت بە ماڵی باوکت بڵێ لەگەڵ هاوژینەکەم پێکەوە نەگونجاین، بۆیە جیابووینەوە.

ڕۆژێکیان پۆلیس لە دەرگای ماڵی ئەو پیاوە دەدات، پێی دەڵێن کە لەلایەن هاوژینەکەتەوە سکاڵات لەسەر تۆمار کراوە و لە ڕۆژی دیاریکراودا لە دادگا ئامادە بە، کاتێک چووە دادگا تووشی سەرسوڕمان بوو کە هاوژینەکەی بینی لە سکاڵاکەیدا داوای هەقە مارەیی و نەفەقەی خۆی و منداڵەکانی کردووە.

پیاوەکە بە دادوەر دەڵێت ژنەکەی خیانەتی لێکردووە، بەڵام ئەو نەیویستووە کێشەی نێوانیان زۆر گەورە بێ و بەبێ دەنگی لێی جیابووەتەوە. دادوەر داوای پەڕاوی لێکۆڵینەوەی کرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ لەسەر خیانەت لێی جیابووەتەوە، بەڵام پیاوەکە هیچ پەڕاوێکی لێکۆڵینەوەی نەبوو. بۆیە دادوەر پێیگوت دەبێ بچی لە دادگای لێکۆڵینەوەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی سکاڵا لەسەر هاوژینەکەت تۆمار بکەی و بیسەلمێنی کە هاوژینەکەت خیانەتی لێکردووی بۆیە لێی جیابوویتەوە.

ئەو پیاوە وەکو دادوەر پێیڕاگەیاندبوو لە دادگای لێکۆڵینەوەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کرد، بەڵام دادوەر هەر پاش وەرگرتنی گوتەکانی، یەکسەر دۆسیەکەی داخست و پێیڕاگەیاند سێ مانگ بەسەر جیابوونەوە لە هاوژینەکەت تێپەڕیوە و مافی سکاڵا تۆمارکردنت لەسەری نەماوە. بە گوێرەی یاسای ئوسوڵی محاکەماتی جەزائی، لە ماددە شەشی یاساکەدا هاتووە: سکاڵا لە تاوانلێکراو وەرناگیرێت دوای سێ مانگ تێپەڕین بەسەر تاوانەکەدا، بەو مەرجەی هیچ بەربەرستێکی یاسایی نەبێ.

پیاوەکە دەیگوت باشە من ئێستا ڕوو لە کوێ بکەم، سەرەڕای ئەوەی ژنەکەم خیانەتی لێکردم، کەچی ئێستا سکاڵاشی لەسەر تۆمار کردووم، ئەوەیە کە دەڵێت "لە قەلیش بووم و لە کۆتریش بووم". بۆی ڕوونکرایەوە کە ناتوانرێ هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی بۆ پێشنیاز بکرێ، دەبووایە جیابوونەوەکەی بە ڕێککەوتن بووایە و نووسراوێک لە نێوانیاندا هەبووایە کە ئەو ژنە لە مافەکانی خۆی خۆشدەبێ، نووسراوەکەش لەلایەن دادنووسەوە تەسدیق بکرابا، ئەوکاتە ژنەکە نەیدەتوانی هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی لە دژی بگرێتەبەر. بەڵام ئێستا ناتوانێ هیچ بکات، تەنانەت هاوژینەکەشی ئەگەر سکاڵاکەی نەکێشێتەوە و لە دادگا بیباتەوە، ناچارە سەرجەم مافەکانی بدات.

* بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر

ڕووداو
ژمارە ( 455 ) - دووشەممە 2017/5/1



## دەستدرێژی دەکرێتە سەر منداڵانی کۆچبەر

**ڕووداو- مالمۆ**

سەنتەری توانا خزمەتگوزارییە جنسیەکان لە شاری مالمۆی سوێد چەندین زانیاری بەدەست گەیشتووە کە پەناخوازانی کەمتەمەن بە مەبەستی چێژوەرگرتنی جنسی بەکارهێنراون. لیسا گرێن ڕێکخەر دژی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لەو سەنتەرە بە ڕادیۆی سوێدی ڕاگەیاندووە "ترسم لەوە هەیە ئەوە شتێک بێ زیاتر و زیاتر تووشی ببین، ئێمە هەوڵ دەدەین کە پێش بەو دیاردەیە بگرین، بەڵام دەبینین پەرەدەستێنێ، بە تایبەت لە نێو ئەو کوڕانەدا کە پەراوێزخراون و لە دۆخێکی خراپ دان" لە ساڵی ڕابردووەوە پێنج ڕاپۆرت لە بارەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دراوە بە پۆلیس، بەڵام هیچیان یەکلانەکراونەتەوە.

# کوردە سوێدییەکان بە پڕۆژەوە دەگەڕێنەوە تاراوگە



**ڕووداو- هەولێر، ستۆکهۆڵم**

هەرێم جەلال، 43 ساڵ، چارەکە سەدەیەک بوو لە تاراوگە بوو، ئەوەی لەو ماوەیەدا کۆی کردبووەوە، لە پرۆژەیەکدا لە کوردستان خەرجی کرد، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، بەر لەوەی ئیفلاس بکات، بڕیاری دا بگەڕێتەوە تاراوگە.

شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، شکستی بە پرۆژەکانی هەرێم هێنا لە سلێمانی. ئەو ئێستا گەڕاوەتەوە سوێد. هەرێم پێشتر لە سوێد مارکێتێکی هەبوو، هەروەها بازرگانی برنج و گۆشت بوو. هەرێم دەڵێت "کارەکەم زۆر باش بوو، بەڵام لە سوێد دەوڵەمەند نابی، گەڕامەوە کوردستان بۆ ئەوەی تواناکانم لەوێ بەگەڕبخەم، بەڵام زۆری نەمابوو ئیفلاس بکەم".

هەرێم دەڵێت ئاگاداری زۆر کەسە کە وەکو ئەویان بەسەرهاتووە و بەنیازن بگەڕێنەوە تاراوگە. ئەو ئێستا گەڕاوەتەوە سوێد و چاوەڕێیە خانووی دەستبکەوێ و هاوژین و منداڵەکانیشی بباتەوە سوێد، چونکە دەڵێت لە کوردستان سێ ملیۆن دۆلاری زەرەر کردووە.

سەید عەلی سنجاوی، لە سوێدەوە گەڕایەوە کوردستان و کارگەیەکی پی ڤی سی و ئەلەمنیۆمی دانا، بەڵام پارەکەی بوو بە قەرز، ئەویش ناچار بوو کارگەکەی بفرۆشێ و بگەڕێتەوە سوێد.

سەید عەلی دەڵێت "ئەوەی لە کوردستان کێشە و قەیرانی دروست کردووە، ئەوەیە کە هیچ دەرفەرتێک بۆ پرۆژەی ناوەندی نەماوە. سەرمایەکەی من نەدەگەیشتە یەک ملیۆن دۆلار، چۆن ڕکابەری کارگەیەکی 12 ملیۆن دۆلاری بکەم کە لە وڵاتێکی دراوسێوە ڕکابەریی بەرهەمەکانی من دەکات".

گوتیشی "80%ی بەرهەمەکانم بە قەرز فرۆشت، نە حکومەت و نە کڕیارەکان نییانە بمدەنەوە، منیش قەرزداری ڕێکخراوە قەرزدەر و بانکەکان بووم، بە ناچاری کارگەکەم فرۆشت".

زیاد نەوزاد، لە ڕێکخراوێکی ناوخۆیی کوردستان کە پارەیان بۆ پرۆژە بچووک و ناوەندییەکان بەقەرزی هاوشێوەی ئەو بازرگانە داوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "نموونەی لەو شێوەیەمان زۆرە کە بەهۆی نەدانەوەی قەرزەکانیان، بە زیانێکی گەورەوە کارەکانیان جێهێشتووە، بەشێکی دیاریان ئەوانە بوون لە دەرەوە گەڕابوونەوە و پرۆژەی جوان و باشیان هەبوو".

نەک تەنیا بۆ ئەو کۆچبەرانەی بە خواستی خۆیان دەگەڕێنەوە، بەڵکوو زۆر بانک و ڕێکخراو و ئاژانسی نێودەوڵەتی پارەیان بۆ پرۆژەی ئەو کۆچبەرانە هەبووە کە مافی مانەوەیان لە دەرەوە نەبووە و بە خواستی خۆیان دەگەڕێنەوە کوردستان. لە نێویاندا یەکێتی ئەورووپا (EU) و ڕێکخراوی کۆچ (IOM) و چەندین ئاژانسی دیکەی نەتەوەیەکگرتووەکان.

شاناز مەحموود لە ڕێکخراوی (KYEO)ی سوێدی کە بۆ پرۆژەی لەم شێوەیە ئۆفیسیان لە کوردستانیش هەبووە، گوتی: "پێشتر لە ڕێگەی دامەزراوەی کۆچی نێودەوڵەتی و حکومەتی سوێد و نەرویجەوە پارەمان بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە هەبوو، هەندێکجار تاوەکوو 20 هەزار دۆلارمان دەدانێ، لە ماوەی سێ ساڵ، دوو ملیۆن دۆلارمان دایە کۆچبەران بۆ پرۆژە، بەڵام بەپێی ئامارەکانی ئێمە 89%ی پرۆژەکانیان شکستیان هێناوە".

هەندێک لە پەنابەران ئەو پارەیەی هەیانبوو لە کوردستان بە موڵکیان دابوو، موڵکەکەشیان بە کرێ دابوو، بەڵام ئێستا موڵکەکانیان دەفرۆشنەوە. ئەسعەد نەجمەددین یەکێکە لەوانە.

ئەسعەد چەند ساڵێک لەمەوبەر سێ خانووی لە کوردستان کڕی، هەرسێ خانووەکەی مانگانە بە 2800 دۆلار بە کرێ دابوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە، کرێی خانوو دابەزی، بگرە زۆربەی کات خانووەکانی بەتاڵ بوون، بۆیە یەکێک لە خانووەکانی فرۆشتووە و دووانەکەی دیکەشی داوەتە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی، بۆ ئەوەی بۆی بفرۆشن.

ئەسعەد گوتی "کرێی خانووەکان بەشی ئەو باجەی نەدەکرد کە لە سوێد دەیدەم". گوتیشی : "ئەو پارەیەی لە کوردستان بە سێ خانووم داوە، ئەگەر لە سوێد بە خانوویەکی بدەم، کرێی هەر سێ خانووەکەم بۆ دەکات". ئەمە ڕێک پێچەوانەی جارانە کە کوردەکانی نیشتەجێی سوید قەرزیان لە بانکەکان دەکرد و لە کوردستان موڵکیان پێ دەکڕی.

### ساڵانە 500 هەزار دۆلار باج دەدەن

بەپێی زانیارییەکان چەندین کارمەندی حکومی و بەرپرس لە ئاستی بەڕێوەبەر و ڕاوێژکار و بگرە وەزیری کوردستانیش هەن، باج دەدەنە وڵاتی دووەمیان کە سوێدە و ساڵانە زیاتر لە نیو ملیۆن دۆلار لە کوردستانەوە دەچێت بۆ فەرمانگەی باجی سوێد. بەشێکیان ناچاربوون و هەندێکیشیان وەک پابەندێتی ئەو باجە دەدەن.

دانەر وەک بازرگان نا، بەڵام وەک کوردێکی سوێد حەزی کردووە لە کوردستان بژی. لەگەڵ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لە کوردستان کاری دەکرد، بەڵام بەهۆی کەمکردنەوەی مووچەکەی ناچار بوو بگەڕێتەوە سوێد. دانەر کە مانگانە نزیکەی چوار هەزار دۆلاری هەبووە، نزیکەی 800 دۆلاری لێ داوەتە باج. ئەو دەڵێت "من نیوەم سوێدییە، خۆشحاڵم کە باج دەدەم، بەڵام خۆزگە ئەو باجەم بدابا کوردستان".

دانەر دەڵێت زۆر لە بانکە حکومی و ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان هاوکاری نەبوون و بگرە کێشەیان بۆ دروست کردووە. بۆیە، زۆربەیان لەڕێگەی بانکە بیانییە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت بانکە تورکییەکانەوە پارەیان بۆ سوێد ناردووەتەوە.

"

### به پارەی کوردستان غەسلی دانا

هەموو ئەوانەی گەڕانەوە شکستیان نەهێناوە. سالار مەحموود گەڕایەوە کوردستان، پارەیەکی باشی لە ڕێگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی کۆکردەوە. پارەکەی بە ڕێگەی یاسایی بردەوە سوێد و لەوێ مۆدێرنترین شووشتنگەی ئۆتۆمبێلی کڕی کە سمارتە. سالار دەڵێت "سێیەمین کەسم لە ستۆکهۆڵم لەو جۆرە غەسلەم داناوە، دوازدە کرێکارم هەیە حەوتی کورد و پێنجی سوێدی، ئەوە بۆ من جێی شانازییە، بەڵام خۆزگە پرۆژەکەم لە هەولێر بووایە، نەک لێرە".

# کوردێک خەونی منداڵێکی ئەفغانی دەگێڕێتەوە

**ڕووداو- تۆرکۆ**

ئێوارەیەک لە شاری تۆرکۆی باکووری فینلاند، ئەگەرچی بەهارە، بەڵام بەفر و زریان هیچ بوارێکی بۆ هاتوچۆ و پیاسە نەهێشتووە. ڕۆژ بەرەو ئاوابوونە، زیاتر لە نیو مەتر بەفر شەقام و کوچەکانی ئەو شارەی داپۆشیوە. لە کونجی قاوەخانەیەکی گەرم و تاریکدا لەگەڵ ڕێوان دانیشتووین. ئەو خاوەنی پرۆژەیەکی هونەریی فۆتۆیە بۆ کۆچبەران.

خەونەکانم (My dreams) ناوی پرۆژە فۆتۆستۆرییەکەی ئەو گەنجە کوردەی دانیشتووی شاری تۆرکۆی فینلاندە کە خۆی ئەوەندە نییە بووەتە پەنابەر. بەم کارەشی فینلاندییەکانی دەوروبەری سەرسام کردووە.

ڕێوان ڕووداوەکانی ڕێگەی پڕنەهامەتیی کۆچی هەمیشە لەبەرچاوە "ئەو دەمەی فڕۆکەکە لە ئاسمانی یۆنان بوو، ڕۆحی منداڵە بێنازەکان، ڕۆحی ئەو گەنجانەم دەبینی کە لە ئاوەکەی ژێرماندا خنکابوون".

ئەمە دەبێتە سەرەتای پڕۆژەکەی ڕێوان و یەکەمین فۆتۆشی لە ئاسمان و لەنێو فڕۆکە گرتووە، ئەو ساتەی بەسەر دەریادا دەفڕن. ئەو فۆتۆیە دەبێتە فۆتۆی سەرەکیی یەکەمین پێشانگای کە هەر لەو شارە و لە یەکێک لە کەمپەکان کردییەوە.

### فۆتۆ تەنیا وێنەگرتن نییە

ڕێوان کاکل، 21 ساڵ، ساڵێکە بووەتە پەنابەر لە فینلاند. بەپێی گوتەی ئەو فینلاندییانەی دەیناسن، ڕێوان توانایەکی نامۆی هەیە لە بەرجەستەکردنی وێنەکانی، تەکنیکێکی زۆر تایبەتیش بەکاردەهێنێ لە کارەکاندا، کە بە باوەڕی زۆر لە شارەزایان داهێنانێکی گەورەیە.

وێڕای بوونی تێگەیشتن و ستایلی جیاواز لە کاری فۆتۆگرافەریدا، بەڵام بە باوەڕی ڕێوان بەتایبەت بۆ کارەکانی خۆی، "فۆتۆ تەنیا تۆماری ساتێک نییە، بەڵکو شتێکە دەخولقێنرێت و دروست دەکرێت".

ئەو پێشتر ستۆدیۆی تایبەتی هەبووە، فۆتۆکانی و دیمەنەکانی تێدا دروست دەکرد "لە کوردستان لە ماڵەکەی خۆم هەزاران دۆلارم خەرج کرد تاوەکو ستۆدیۆیەکی گونجاوم دروستکرد".

ئەو بۆ هەر فۆتۆیەک جاری وا هەیە یەک ڕۆژ خەریک دەبێت، بەڵام لە فینلاند گرفتی دروستکردنی ستۆدیۆی هەیە و دەڵێت "خراپیی باری داراییم ڕێگرە لەوەی ستۆدیۆی گەورە دروست بکەم".

### کۆمپیوتەر بەکارناهێنێ

ئیلیکا شارەزایەکی بواری تەکنیکی فۆتۆیە، لە بواری گەنجانیش کار دەکات. ئەو بە سەرسامییەوە لەبارەی کارەکانی ڕێوان دەڵێت "دەگمەنە بەو شێوەیە و بەبێ هیچ پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری ئەو دیمەنانە بەرجەستە بکەیت".

تێکەڵکردنی چەند دیمەنێک و کۆکردنەوەیان لە فۆتۆیەکدا، بەبێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک کۆمپیوتەر بەکاربهێنی، کرۆکی بەشێک لە کارەکەی ڕێوانە. لە پشت هەر فۆتۆیەکیشی چیرۆکێک هەیە.

ئەوەی لای ئەم گەنجە فۆتۆگرافەرە زۆر جێگەی سەرنج بووە، خەونی منداڵێکی ئەفغانییە کە هەمیشە وێڵی ئازادی بووە و خەونی ئەوەی هەبووە ببێتە پزیشک بۆ ئەوەی ئازار نەهێڵێ.

ڕێوان خۆی زۆر سەرسام بووە بە توانای ئەم منداڵە ئەفغانییە: "بەماوەیەکی زۆر کەم فێری زمان بوو، هاتن و ڕۆیشتن و چالاکییەکانی زۆر سەرنجڕاکێش بوون، زۆر هیوام بە بەدیهاتنی خەونەکانی هەیە".

ڕێوان ئێستا لەگەڵ گەنجێکی فینلاندی دەژی، ئەم ژیانەش ڕێکەوت نەبووە: "مەبەستم بوو تێکەڵاوی لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە دروست بکەم، ژیانیشم لەگەڵ ئەو گەنجە فینلاندییە سەرەتای ئەم پڕۆژەیەمە".

بەشێکی زۆری کاتەکانی ڕێوان و هاوڕێ فینلاندییەکەی بۆ کاری فۆتۆ و موزیک دەڕوات. ماڵەکەیان هەر وەک ستۆدیۆیەکە. دەیان پرۆژەی هونەری دەنگی و وێنەیی تێدایە.

### داهێنان لە کەمپ

فۆتۆکانی ڕێوان دەنگدانەوەیەکی زۆریان لە شارەکانی باکووری ڕۆژئاوای فینلاند هەبووە، یەکێک لە پێشانگاکانی کە لە شاری راوما و هەر لە کەمپی پەنابەرانی ئەو شارە کردبوویەوە، بینەرێکی زۆری هەبوو.

ئیلیکا کە خۆی لە هێلسینکی دەژی و شارەزایە لە بواری پێگەیاندنی گەنجان، دەڵێت :"ڕێوان لە نزیکەوە ناناسام، بەڵام کە کارەکانیم بینی هەست دەکەم توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە". گوتیشی "گەنجانی کورد لە زیرەکترینی کۆچبەرەکانن و هەست دەکەی هەموویان پڕۆژە، یان خەونێکیان هەیە".

ڕێوان خەونی ئەوەی هەیە پڕۆژەکانی بگەیەنێتە ئاستێکی نێودەوڵەتی. ئەو گوتی لە کوردستان، فۆتۆستۆری کردووە، کە دڵنیا بووە بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت، نەیوست زانیاری زیاتری لە بارەوە بدات تەنیا گوتی :"دواتر وەک بۆمبێک دەیتەقێنمەوە".

لە پرۆژەکەیدا ڕێوان کاری لەسەر خەونی پەنابەران کردووە. لە ئاسمانی یۆنانەوە دەستی پێکردووە، تاوەکو کاتی وەرگرتنی کارتی ئیقامەکەی و بە خەونی منداڵە ئەفغانییەکە کۆتایی هاتووە. ئێستاش ئامادەکاری بۆ پڕۆژەی دووەمی دەکات. ڕێوان دەڵێت: "لە ئاستێکی بەرزتر و بە شێوەیەکی گەورەتر لە دەرەوەی کەمپ پێشانگاکەم دەکەمەوە".

### لە کوردستان سزا درا

ڕێوان لە کوردستان کێشەی ئابووری نەبوو، بەڵام ڕێگریی کۆمەڵگە لە داهێنانەکانی هانی دا کوردستان جێبهێڵێت و ڕوو لە تاراوگە بکات. بۆیە دەڵێت "هەرگیز بیر لە گەڕانەوە ناکەمەوە". ئەو زۆر منداڵ بووە کە لە ڕێگەی پرۆژە هونەرییە فۆتۆییەکانیەوە کاری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و یاخیبوون و سیستمی پەروەردە کردووە. بەهۆی یەکێک لە کارە هونەرییەکانیشی لە قوتابخانەکەی سزایەکی توند درا "کاریکاتێرێکی زۆر سادە بوو، بگرە وەک کارێکی هونەریش سەیرم نەکردووە، کەچی هێندەی نەمابوو لەسەری دەربکرێم و لە خوێندن بێبەش بکرێم". ئیدی ئەوە سەرەتای دەستکردنی بە کارە هونەرییەکانی دەبێت، تا دواجار خۆی لە فینلاند بینییەوە و ئێستا لە نێو سەهۆڵبەندانی باکووری فینلاند خەریکی پڕۆژە هونەریەکانیەتی.



# وەزارەتی تەندروستی حەب دەداتە قوتابیان

عومەر چاوشین
ڕووداو- سلێمانی

بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان جۆرە حەبێک دەداتە قوتابیان لە دژی ئەو کرمانەی لە پیسایی کەسی تووشبووەوە بۆ کەسانی دیکە دەگوازرێنەوە.

کرمی ڕیخۆڵەکان لە لیستی ئەو نەخۆشییانەدایە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە (نەخۆشییە لەبیرکراوەکان یان پشتگوێخراوەکان) هەژماری کردوون، بەو واتایەی وڵاتان بە گشتی کەمتەرخەمن لە قەلاچۆکردنیان.

بەپێی خەمڵاندنەکانی ڕێکخراوەکە، لەسەر ئاستی جیهان 1.5 ملیار کەس ئەم جۆرە کرمانەیان هەیە.

کرمەکان لە ڕیخۆڵەی کەسی تووشبوودا دەژین و ڕۆژانە هەزاران هێلکە دروست دەکەن کە لە ڕێگەی پیساییەوە دەکرێنە دەرێ. لەو وڵاتانەی ستاندارده بنەڕەتییەکانی خاوێنی پەیڕەو ناکرێ، ئەم کرمانە دەچنە خاک و پیسی دەکەن.

ساڵی 2012 ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە شەش وڵات بڕیاری چارەسەری بەکۆمەڵی دا لە دژی ئەم کرمانە، بۆ ئەمساڵ عێراقیشی هەڵبژاردووە. واتە بزوێنەری بڕیارەکەی وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییە و دەیەوێ بەشێوەیەکی کارا کرمەکە لەنێو منداڵانی عێراقدا قەلاچۆ بکات.

بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی سلێمانی، لە ڕێگەی نووسراوی ژمارە 2668 لە 2017/4/2 کە بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ناردووە، دەڵێت "داواکارین لە بەڕێزتان هاوکاریمان بکەن بەگشتاندنی نووسراوێک بۆ گشت ناوەندەکانی خوێندن و داو و دەزگاکانتان بۆ هاوئاهەنگیی دابەشکردنی حەبی (مبندازۆل) بۆ خۆپاراستن لە کرمەکان".

دکتۆر ڕزگار عەلی جەردیس، بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی کە واژۆی لەسەر نووسراوەکە کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "لەسەر داوای وەزارەتی تەندروستیی عێراق، دەست بەو هەڵمەتە دەکەین لەنێو قوتابخانەکان، چونکە منداڵان کەمتر دەتوانن پارێزگاری لەخۆیان بکەن و لەنزیک یەکەوە دادەنیشن و بۆی هەیە کرم بۆ یەکدی بگوازنەوە".

دکتۆر ڕزگار دەڵێت مەرج نییە ئەوەی ئەو حەبەی دەدرێتێ، کرمی هەبێت "ئەو حەبە بۆ ئەوەیە هەر منداڵێک کرمەکەی هەبێت ڕزگاری دەبێت لێی، هەر کەسێکیش نەیبێت بەرگری لە دژی کرمەکە پەیدا دەکات".

دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لەبارەی ئەو هەڵمەتە گوتی: "بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئەو هەڵمەتە دەکەین، هەڵمەتەکەش گشت پارێزگاکان دەگرێتەوە".

دکتۆر خاڵس گوتیشی "ئەو حەبە لەدوای ڕاپەڕینەوە تاوەکوو ساڵی 2005 دەدرا بە منداڵان، دواتر مەترسی دەرکەوتنی کرمی ڕیخۆڵە کەم بوو، بەڵام ئێستا مەترسیی دەرکەوتنی هەیە، هۆکارەکەشی هاتنی ئاوارەکان و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە".

یوسف ناودەشتی لێپرسراوی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە گوتی کە ئێستا دەنگۆی بڵاوبوونەوەی جۆرە نەخۆشییەک لە شوێنە گشتی و قەرەباڵغەکان هەیە، بۆیە دەبێت بەهاوکاریی وەزارەتی تەندروستی بەری پێ بگیرێت لەڕێگەی پێدانی ئەو جۆرە حەبەوە. گوتیشی "هەندێک لە ناوەندەکانی خوێندن هەوڵی باشیان داوە و ژینگەیەکی پاک بۆ قوتابیان دابینکراوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان پاکڕاگرتنی ژینگەیان لەبەرچاو نەگرتووە و لەبار نییە، بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی کۆنن. لە هەندێک ناوەندا wc و سەرئاوەکانیان وەکو پێویست نییە".


(فۆتۆ: ڕووداو)

### ڕێگاکانی گواستنەوەی کرمی ڕیخۆڵە:

- دەلکێن بە سەوزە و میوەکانەوە جا ڕاستەوخۆ لە خاکی پیسبووەوە بێت، یان ئاودانی کێڵگەکان بە ئاوەڕۆ و لە ڕێگەی خواردنی سەوزەی باش نەشۆراوە دەگەنە نێو جەستە و خەڵکی تووش دەکەن.
- ئاوی کانی و کارێزەکان، بیرەکان و پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە کە بە ئاوەڕۆ پیس بووبن.
- کاتێک منداڵ دەست دەخاتە خۆڵی پیسبوو بە کرمەکە و دواتر دەست بۆ دەمی دەبات، بەرلەوەی بە باشی دەستەکانی بشوات.



سەروەر سالار

# فەزیحەی کلینێکس

یەکێک لەو هەڵانەی بەشێک لە میدیاکان و لەنێویاندا بەشێک لە ڕۆژنامەڤانانی (ڕووداو)یش تێیکەوتن، ئەوەبوو مەلا عەلی کەڵەکیان بە خاوەنی "بیرۆکە"ی خواردنی کلینێکس، بۆ دابەزاندنی کێش ناساندووە. بەڵام ڕاستییەکەی وا نییە.

ئەم بابەتە ساڵی 2013 لە هەندێک لە میدیاکانی ڕۆژئاوا لە لوتکەی گەرمیدا بوو، بەڵام وەک بابەتێکی خۆیان گوتەنی "شەیتانە" باس دەکرا کە هەندێک کەس بە دزییەوە بەکاریانهێناوە و لەڕوویان نەهاتووە باسی بکەن.

مانگی ئایاری 2013 کریستی کلێمێنتس کە 13 ساڵ سەرنووسەری جۆرناڵی بەنێوبانگی Vogue Australia)ی تایبەت بە فاشیۆن بوو، دوای لەسەرکارلادانی بڕیاریدا چەندین بابەت و ئابڕووچوونی نێو دونیای فاشیۆن ئاشکرا بکات. یەکێک لەو بابەتانەی ئاشکرای کرد، ئەوە بوو بەشێک لە نمایشکارانی جلوبەرگ لەژێر گوشارێکی هێندە توندوان بۆ کێش دابەزاندن، لە ترسی لەدەستدانی کارەکەیان بە ناچاری کلینێکس دەخۆن.

هەندێکجار خواردنی کلینیکس وەک ئارەزوو، حاڵەتێکە کە لە پزیشکیدا پێیدەگوترێ پیکا. پیکا واتە کەسێک ئارەزووی خواردنی شتێک دەکات کە لەڕاستیدا خواردن نییە، بۆ نموونە: قوڕ، کلینیکس، سووتووی جگەرە و شتی دیکە. پیکا نیشانەی ئەوەیە کەسەکە نەخۆشییەکی دیکەی هەیە، بۆ نموونە کەمیی ئاسن یان کانزاکانی دیکە.

لە کلینێکسدا هیچ ڕەگەزێکی خۆراکی نییە، مەبەست لە خواردنەکەی بۆ لاوازبوون ئەوەیە لە گەدەدا بە مژینی شلەی نێو گەدە هەڵدەئاوسێ و گەدە پڕ دەکات و کەسەکە ئارەزووی خواردن ناکات.

هیچ دۆکیومێنتێکی زانستی و پزیشکی نییە خواردنی کلینێکس بە بەسوود بزانێ، بەڵکو لای بەشێکی بەرچاو لە تێکستە زانستییەکان، خواردنی کلینێکس نەخۆشییە و پێویستی بە ڕاوێژی پزیشک هەیە بۆ چارەسەر.

لە کوردستانیش هەر چەند ڕۆژێک پێش ئێستا بوو کە خواردنی کلینیکس بووە هۆی گیرانی ڕیخۆڵەی خانمێک، ئەگەر پزیشکەکان بە خێرایی فریای نەکەوتنایە، ژیانی لە مەترسیدا بوو.

مەرج نییە هەر ڕێوشوێنێک کێشی دابەزاند پەسەند بێ، بەڵکو دەبێ هەمیشە باڵانسی سوود/ زیان-ی ڕێوشوێنەکە لێکبدرێتەوە و زانست بیسەلمێنێ کە سوودی لە زیانی زۆرترە. بۆ بابەتی کلینیکسیش پشتیوانییەک نییە بۆ ئەوەی بە خەڵکی بڵێ بیخۆن.

# بۆچی بە وەرزشکردن لاواز نابم؟



د خاڵس قادر ئەحمەد

هەندێک کەس بەدەست زۆریی کێشی جەستەیانەوە دەناڵێنن، هەندێکیشیان لاوازن و ئیرەیی بە قەڵەوەکان دەبەن. هەندێکجار ئەو ئیرەیی بردنە بەرەو کارەساتی دەبات و ڕێگایەکی هەڵە هەڵدەبژێرێ بۆ خۆ قەڵەوکردن.

ڕەنگە زۆربەمان ئاشنا بین بە هاوکێشە سادەکەی ڕاگرتنی کێش (وزەی وەرگیراو= وزەی خەرجکراو)، ئەگەر وزەی وەرگیراو (خواردن و خواردنەوە) کەمتر بێ لە وزەی خەرجکراو، کێش کەم دەبێت. ئەگەر وزەی خەرجکراو (جووڵە و وەرزش و ڕۆیشتن) زیاتر بێ لە وزەی وەرگیراو، کێش کەم دەکات. پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە کێش زیاد دەبێت.

### بۆچی ناگەین بە ئامانج؟

یاسای بنەڕەتیی دابەزاندنی کێش بریتییە لە یاسای 70 بە 30، واتە بۆ دابەزاندنی کێش پێویستە 70%ی نێشی زیادە لەڕێگەی خۆراکەوە کەم بکەیتەوە 30%یش بە وەرزش و جووڵەی چالاک خەرجکردنی وزە، واتە بە وەرزش تەنیا 30%ی کێشی زیادت دادەبەزێت، ئەوەی دیکە تەنیا بەخواردن کەم دەبێتەوە، بۆچی؟ چونکە لە لەشدا سێ جۆر سووتاندنی وزە هەیە :

**یەکەم:** سووتاندنی وزە لەڕێگەی BMR ڕێژەی مێتابۆلیزمی بنەڕەتی کە لە (60 بۆ 70%)ی وزەی پێویستی لەش بەو ڕێگایە خەرج دەبێت، بەبێ ئەوەی ئێمە هیچ کردار و جووڵەیەک بکەین (هەموو ئەو کارلێکە کیمیاییانەی لە لەشدا ڕوودەدەن لەگەڵ جووڵە خۆنەویستەکان، وەک ئیشکردنی دڵ و دەماغ و گورچیلە، تەنانەت کاتی نووستنیش) زۆرترین وزەی لەش بەم ڕێگایە سەرف دەبێت.

**دووەم:** وزەی خەرجکراو لە ڕێگەی هەرسکردن، ئەویش لە 10 تاوەکو 15%. وزەی پێویستی لەش خەرج دەکات.

**سێیەم:** وزەی خەرجکراو لە ڕێگەی جووڵە و چالاکیە خۆویستەکان وەک وەرزش لە (15 تاوەکو 30%)ی وزە خەرج دەبێ.

واتە ئەگەر بەتەنیا وەرزش بکەین بەبێ ڕێکخستنی خۆراک و کەمکردنەوەی وزەی وەرگیراو، ئەوا تەنیا دەتوانین مامەڵە لەگەڵ 30%ی وزە بکەین بۆ دابەزاندنی کێش و ناتوانین بگەینە ئامانجەکەمان.

کەواتە فاکتەری سەرەکی بۆ ڕاگرتنی کێشی لەش و زۆر و کەمبوونی بریتییە لە BMR ، ئەوەش نهێنیی کێشی مرۆڤە، چونکە 70%ی وزەی لەش لەو ڕێگەیەوە دەسووتێ، لەبەر ئەوە هەر کاتێک یان هەر فاکتەرێک BMR زیاد بکات یان کەم بکات، گۆڕانکاری بەسەر کێشی لەشدا دێت. زیادبوونی BMR دەبێتە هۆی کەمبوونی کێش بەهۆی زیادبوونی وزەی سەرفکراو کە دەکاتە زیاتر لە دوو هێندەی وزەی سەرفکراو بەڕێگەی وەرزش .

نموونەیەک لە زیادبوونی BMR بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، کاتێک کەسێک تووشی نەخۆشیی تاداری دەبێت، لە ماوەیەکی کەمدا کێشی لەشی دادەبەزێ. هەروەها ئەوانەی تووشی غودەی ژەهراوی دەبن یان ئەوانەی لەژێر گوشاری دەروونیدان، یان ئەوانەی جگەرەکێشن یان قاوە زۆر دەخۆنەوە .

هۆکاری بۆ ماوەییش کاریگەری هەیە. هەندێک کەس کە BMR یان بەرزە یان نزمە، ئەوانە ناودەبرێن بە هەبوونی ئامادەگی بۆ قەڵەوبوون یان لاوازبوون، هەرچەندە خواردن زۆر یان کەم بخۆن (دیارە بەڕێژەیی).

لەبەر ئەوە زۆر گرنگە ئەو فاکتەرانە بناسین کە دەبنە هۆی زیاد یان کەمکردنەوەی BMR بۆ ڕاگرتنی کێشی لەش و کۆنترۆڵکردنی کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- تەمەن: لەگەڵ هەڵشکانی تەمەن BMR کەم دەبێت
- ڕەگەز: لە ڕەگەزی نێردا زیاترە
- حاڵەتی دەروونی: دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونی زیادی دەکات
- قاوە و جگەرە زیادی دەکات
- هەندێک نەخۆشی وەک تاداری، شێرپەنجە، غودەی ژەهراوی زیادی دەکات.
- وەرزشکردن زیادی دەکات
- کەشوهەوای گەرم زیادی دەکات
- بارستە و کێشی لەش زیادی دەکات
- بەشێوەیەکی گشتی BMR بۆ هەر کەسێک بە (30) کالۆری بۆ هەر یەک کیلۆگرام لە کێشی دادەنرێت.
- جۆری خۆراک: گۆشت و مادده پرۆتینییەکان BMR زیاد دەکەن
- لە کاتی خەوتن BMR لە 10% کەمتر دەبێت

*** شارەزا لە نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ**



# هەموو کەسێک پزیشکێکی ئێشکگری هەیە

ڕووداو- dw

هەموو مرۆڤێک هێز و توانایەکی چاکبوونەوەی سروشتیی هەیە. وەکو ئەوەیە هەمیشە پزیشکێک لە ناختدا بێ و شەو و ڕۆژ سەرقاڵی چارەسەرکردن و گرنگیدان بێ پێت! بۆ نموونە کاتێک پەنجەیەکت بریندار دەبێ و خوێنی لەبەر دەڕوا، پاش کەمێک خوێنەکەی لەلایەن جەستەوە ڕادەوەستێنرێ، پاشان برینەکە بەرەو داخران دەڕوات و لە کۆتاییدا بە یەکجاری چاک دەبێتەوە. ئەو پزیشکە ناوەکییە هەمیشە لە جەنگدایە دژی هەر میکرۆب و تەنێکی نامۆ کە دەچێتە جەستەت و دەیەوێ نەخۆشت بخات. پزیشکە ناوەکییەکەت تەنانەت ئێسکە شکاوەکانیشت پێکەوە دەلکێنێتەوە. دکتۆر ڕاینەر شتانگە، پسپۆڕی هەناوی لە نەخۆشخانەی ئیمانوێل لە بەرلین دەڵێ "زۆربەی نەخۆشییەکان خۆبەخۆ چاک دەبنەوە".

دکتۆر جیراڵد هیوتەر، پسپۆڕی بایپلۆجیای دەماری لە ئەڵمانیا، زۆرتر دەڕوات و دەڵێ "هەموو چاکبوونەوەیەک، چاکبوونەوەی خۆییە، هەموو جەستەیەک خۆی خۆی چاکدەکاتەوە نەک ئەوانی دی چاکی بکەنەوە". بێگومان ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێ لەکاتی نەخۆشیدا سەردانی پزیشک نەکەیت. دکتۆر هیوتەر دەڵێ: "زانستی پزیشکی ئاسانکاری دەکات بۆ پرۆسەی چاکبوونەوەی خۆیی". پسپۆڕە ئەڵمانییەکە دەڵێ کاتێک پزیشک دڵخۆشیی نەخۆش دەداتەوە، یان نەخۆش وورەی بەرزە و وای دەبینێ کە باشە و باشتریش دەبێ، ئەوا پرۆسەی چاکبوونەوەی خۆیی کاراتر دەبێ. بەشێک لە پزیشکان پێیانوایە بڕوا و تێڕوانینی نەخۆش ڕۆڵیان هەیە لە چاکبوونەوەی نەخۆش و ڕێگری لە نەخۆشکەوتن، چونکە گوشاری دەروونی کۆئەندامی بەرگری سەرکوت و لاواز دەکات.

دکتۆر شتانگە دەڵێ "هەست و هزر کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە". دکتۆر هیوتەریش دەڵێ "ئەو ژن و پیاوانەی لە کار و پیشەکانیان تووشی گوشاری جۆراوجۆر دەبنەوە، بەرگرییەکی لاوازتریان لە دژی نەخۆشییەکان هەیە، بەراورد بەوانەی لە کار و پیشەکانیاندا ئارامن و لەژێر گوشاردا نین". ئەو ئەنجامانەی پزیشکە ئەڵمانییەکان باسی دەکەن، لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە کۆئەندامی بەرگری و لایەنی دەروونی و دەمارییەوە هاتوون.

شڵدۆن کۆهین، مامۆستای پزیشکیی دەروونی لە زانکۆی کارنیگی میلۆن لە شاری پیتسبێرگی ویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکا، دەڵێ ئەو کەسانەی هاوڕێیان زۆرە و گوشار لەسەریان کەمە، کەمتر تووشی نەخۆشییە گوازراوەکانی وەک هەڵامەت و ئەنفلەوەنزا دەبن.

دکتۆر هیوتەر دەڵێ "کاتێک مێشک هەست بە بارێکی نائاسایی دەکات لە جەستەدا، فەرمان دەنێرێ بۆ چالاکبوونی یەکەکانی چاککردنەوەی جەستە".

بێئەوەی ئێمە ئاگامان لێبێ، جەستەمان بەردەوام سەرقاڵی کاراهێشتنەوەی خانەکان و نوێکردنەوەیانە، بەڵام خۆ ئەو توانایەی جەستەش بێ سنوور نییە و توانا و دەسەڵاتەکەی بۆ مەودایەکی دیاریکراوە. دکتۆر شتانگە دەڵێ "کاتێک جەستە وەک پێویست هۆرمۆنی ئینسۆلینی سووتێنەری شەکر یان ڕژێنی دەرەقی دروست ناکات، ئیدی پزیشکە ناوەکییەکە دەستەوسان دەبێ". هەروەک نەخۆشییەکانی وەکو شێرپەنجە زۆر کات لە پزیشکە ناوەکییەکەمان بەهێزترن و دەیبەزێنن. بۆیە ناکرێ بەهیوای ئەو پزیشکە ناوەکییە، بێخەم پاڵی لێبدەیتەوە و خەمی تەندروستیت نەخۆی، بەڵکوو پێویستە هەمیشە زۆرترین پابەندی پێشان بدەی بە ڕێنماییەکانی زانستی پزیشکی و لەکاتی پێویستدا سەردانی پزیشک بکەیت.



# فرەڕیزی هەڕەشە لە بەرەی موحافەزەکارانی ئێران دەکات



رووداو- هەولێر

رۆژی هەینیی رابردوو یەکەم دیبەیتی تەلەفزیۆنیی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێران بە بەشداریی شەش بەربژێری هەڵبژاردنەکە بەڕێوەچوو، بەمەش زەنگی دەستپێکی کەمپینی هەڵبژاردنەکان بە کردەوە لێدرا. هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران رۆژی 19ی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوەدەچێ و چاوەڕێ دەکرێ رکابەرییە سەرەکییەکە لە نێوان حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری ئێستای ئێران و ئیبراهیم رەئیسی، کەسایەتی ئاینیی نزیک لە خامنەیی بێت.

شارەزایان چاوەڕێ دەکەن ماراسۆنی کەمپینە 27 رۆژییەکەی ئێران لەسەر رەوشی ئابووریی ئێران چڕ بکرێتەوە، لەو چوارچێوەیەشدا دەستکەوتە ئابووری و بازرگانییەکانی رێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ شەش زلهێزەکەی جیهان تەوەری سەرەکیی باسەکان دەبێ. رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە سەرەتای 2016وە دەست بە جێبەجێکردنی کراوە. بەو پێیەش روحانی ماوەی ساڵێک و چوار مانگی لەبەردەست بووە بۆ ئەوەی رێککەوتنەکە بەکاربهێنێ بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی ئێران کە بەهۆی سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەکانەوە لە دارمان نزیک بوو.

لەو روانگەیەشەوە چاوەڕوان کراوە کە حەسەن روحانی جەخت بکاتە سەر دەستکەوت و بەرنامە ئابوورییەکانی حکومەتەکەی لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا. روحانی رۆژی پێنجشەممەی رابردوو لە بەرنامەیەکی رادیۆییدا گوتی "نابێ وەها بکەین وەبەرهێنەرە بیانی و نێوخۆییەکان سڵمان لێ بکەنەوە. ئێمە دەتوانین 140 ملیار دۆلار وەبەرهێنان بۆ کەرتە جیاجیاکان رابکێشین، ئەوەش دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێکاری لە وڵاتدا".

ئەو لێدوانەی روحانی پێچەوانەی داوای عەلی خامنەیی، رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە داوای لە شەش بەربژێرەکە کرد لە کەمپینی هەڵبژاردنەکاندا پشت بە بانگەشەی وەبەرهێنانی بیانی بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی ئێران نەبەستن.

مێهدی خەلەج، شارەزای کاروباری ئێران لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە خامنەیی بە نهێنی پشتگیری لە روحانی بکات، لەبەرئەوەی "وەکوو نەریتێکی هەمیشەیی، سەرۆککۆمارەکانی ئێران لە خولی دووەمدا لاوازتر دەبن، بەوەش رێگە بۆ خامنەیی خۆش دەبێ زیاتر دەست بەسەر دامەزراوەی جێبەجێکاریی ئێراندا بگرێ".

خەلەج، هاتنەسەرکاری ترەمپ بە هۆکارێکی دیکە دەزانێ بۆ ئەوەی رابەری ئێران پشتگیری لە روحانی بکات بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی، بە بۆچوونی خەلەج "دوور نییە خامنەیی دینامیکی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بگرێ، بۆیەش بۆ رێگەگرتن لە توندبوونی ململانێی تاران و واشنتن، پشتگیریی ئیدارەی ئێستا بکات".

روحانی کە سیاسەتکارێکی پراگماتیستە، بانگەشەی ئەوە دەکات حکومەتەکەی ئەو ئێرانی لە گۆشەگیربوون رزگار کردووە. بەڵام خامنەیی و موحافەزەکارەکان رەخنەی ئەوە لە ئیدارەی روحانی دەگرن کە زۆر هەوڵی نزیکبوونەوە لە رۆژئاوا و بەتایبەتیش ئەمریکا دەدات. سەرۆککۆماری ئێران لە بەشێک لە دیمانە رادیۆییەکەدا بە ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو رەخنەیەی دایەوە و گوتی "ناتوانین تەنیا بە دروشمدان کێشە ئابوورییەکانمان چارەسەر بکەین، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێکاری پێویستمان بە وەبەرهێنانە".

بەپێی دوایین راپۆرتی بانکی جیهانی، رێژەی بێکاری لە ئێران لە نیوەی دووەمی ساڵی پاردا 12.7% بووە (واتە 3.3 ملیۆن کەس لە ئێران بێکارن)، ئەو رێژەیە بەرزترین رێژەی بێکارییە لە سێ ساڵی رابردوودا. کێشەی بێکاری و بەرزبوونەوەی هەڵاوسانی ئابووری لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا خاڵی لاوازی حکومەتەکەی روحانییە، بۆیەش محەممەد باقر قالیباف، سەرۆکی شارەوانیی تاران و فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران لە گوتارێکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژەی بەوە دا "دوژمنی سەرەکیی ئێستای ئێران دابەزینی گەشەی ئابووری، بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری و هەڵاوسانە". قالیباف لە هەڵبژاردنی ئەمساڵدا کاندیدی باڵی موحافەزەکار و نزیک لە سوپای پاسدارانە.

## رەئیسی هاوژینەکەی بەکاردەهێنێ

گەورەترین رکابەری روحانی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ئیبراهیم رەئیسییە. بەڵام وەکوو دیارە رەئیسی هەستی بەوە کردووە کە ناتوانێ تەنیا پشت بە دەنگی موحافەزەکارەکان و ئەو خەڵکانە ببەستێ کە دەکرا دەنگ بە مەحمود ئەحمەدی نژاد، سەرۆکی پێشووی ئێران بدەن، بۆیە لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا چەکێکی نوێی بەکارهێنا: ئەویش هاوژینەکەی بوو.

رەئیسی کە لە سیستەمی دادوەریی ئێران و کوشتاری بەندکراوە سیاسییەکاندا لەساڵی 1988 رۆڵی باڵای هەبووە، لەو گرتە ڤیدیۆییەدا باسی کار و چالاکییە ئەکادیمی و زانستییەکانی جەمیلە عەلەمهودای هاوژینی دەکات کە لە زانکۆی شەهید بەهەشتی مامۆستایە. لەو پارچە ڤیدیۆییەدا کە ماوەکەی دوو خولەکە، رەئیسی هەوڵ دەدات وێنەی کەسێکی لێبووردە و گونجاو لەهەمبەر هاوژینەکەی پیشانبدات و دەڵێت "ئەگەر بچمەوە ماڵ و هاوژینەکەم لە ماڵەوە نەبێ، کێشەم نییە. ئەگەر بۆ خواردنی شەو هیچمان نەبێ، خۆم تێکنادەم".

ئەوەی لە هەنگاوەکەی رەئیسیدا سەیرە، تەنیا ئەوە نییە مەلایەکی موحافەزەکار باسی هاوژینەکەی بکات، بەڵکو خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە رەئیسی لە ساڵی پێشتردا بەردەوام داوای لە ئافرەتان کردووە لە ماڵەوە بمێننەوە و ئەرکی "خانمی ماڵەوە" لەئەستۆ بگرن. لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا، ئیبراهیم رەئیسی کەسێکی ناسراو نییە و پۆستی سیاسی و جێبەجێکاری نەبووە. بۆیەش شارەزایان پێیانوایە بڵاوکردنەوەی ئەو ڤیدیۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییە و راکێشانی سەرنجی چینی نێوەڕاستی کۆمەڵگای ئێرانە لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکاندا.

بەرپرسێکی حکومەت کە پەیوەندی لەگەڵ ریفۆرمخواز و موحافەزەکارەکان هەیە بە (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی راگەیاندووە "موحافەزەکارەکان پەنایان بۆ کەسێکی نەناسراوی وەکوو رەئیسی بردووە، ئەوەش دەریدەخات کە تووشی قەیران و ناکۆکی بوون (لە کاتێکدا نەیانتوانیوە لەسەر یەک کاندیدی ناسراو رێکبکەون کە بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێ)". ئەو بەرپرسە ئاماژەی بەوەش داوە "رەئیسی بۆیە هاوژینەکەی هێناوەتە ناو بانگەشەکانەوە، چونکە دەزانێ ناتوانێ تەنیا پشت بە خەڵکە هەژارەکە ببەستێ".

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، موحافەزەکارەکان سێ بەربژێریان هەیە کە سێیەم کاندیدیان سەید مستەفا میرسەلیم، ئەندامی ئەنجوومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامە و هەتا ئێستا چانسێکی ئەتۆی سەرکەوتنی نییە. بۆیە ناکۆکی سەرەکیی باڵی توندئاژۆی ئێران لەنێوان قالیباف و رەئیسییە. لە هەڵبژاردنەکانی 2013دا، قالیباف بە بەدەستهێنانی 16%ی دەنگەکان پاش روحانی زۆرترین دەنگی هێنابوو، جگە لەوەش ئەزموونێکی درێژی ئیداری، سیاسی و سەربازیی هەیە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی موحافەزەکار پێیانوایە قالیباف چانسی شکستدانی رووحانی زیاترە لە رەئیسی.

بەر لە دەستپێکی کەمپینی هەڵبژاردنەکان، موحافەزەکارەکان لە نێوان خۆیاندا رێککەوتبوون لەسەر ئەوەی هەر کاندیدێکی موحافەزەکار لە ماوەی کەمپینەکاندا جەماوەری کەمتر بوو، بە قازانجی کاندیدە لە پێشەکەی دیکەی خۆی لە پرۆسەکە بکشێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا نە قالیباف و نە رەئیسی ئاماژەی لەو جۆرەیان نەداوە.

## گۆڤارێکی ئەمریکی زانیاریی شاردراوە لەسەر ئیدارەی ئۆباما ئاشکرا دەکات

# چی لەپشتی پەردەی ئاڵوگۆڕی بەندکراوانی نێوان تاران و واشنتنەوە بوو؟

رووداو- هەولێر

ساڵێک و سێ رۆژ بەر لە تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، باراک ئۆباما لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا هەواڵی ئازادکردنی چوار هاووڵاتی ئەمریکی بەڕەچەڵەک ئێرانی لەلایەن تارانەوە، لە بەرامبەر ئازادکردن و هەڵپەساردنی کەیسی حەوت ئێرانی لەلایەن ئەمریکاوە راگەیاند. رۆژی 17ی کانوونی دووەمی 2016، ئۆباما ئەو هەنگاوەی بە "بەروبوومێکی دیکە"ی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گروپی 5+1 ناوبرد، بەڵام بە گوێرەی بەدواداچوونێکی گۆڤاری پۆلیتیکۆ، لە پشت ئەم ئاڵوگۆڕەوە ئیدارەی ئۆباما باجی زۆر گەورەی بە تاران داوە و بەشێکی گەورە لە رێککەوتنەکەی لە رای گشتی ئەمریکا و جیهان شاردووەتەوە.

ئۆباما لە گوتارەکەی خۆیدا حەوت کەسە ئازادکراوەکەی ئێرانی بە "هاووڵاتی مەدەنی" ناوبرد، بەرپرسانی کۆشکی سپی بە کۆمەڵێک بازرگان لە قەڵەمیان دەدان کە سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئێرانیان بەزاندووە، بەڵام راستییەکەی ژمارەیەک لەو ئێرانیانە لەلایەن وەزارەتی دادی ئەمریکاوە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا تۆمەتبار کرابوون.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (پۆلیتیکۆ)ی ئەمریکی، سێ کەس لەوانەی بۆ ئێران ئازاد کرابوون، بەشێک بوون لەو تۆڕەی هەوڵی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای مایکرۆئەلەکترۆنیکیان دەدا بۆ سیستەمی مووشەکیی تاران. یەکێک لە ئازادکراوەکانیش بەنیازی کڕینی تەکنەلۆژیای سەتەلایتی و هاردوێری ئەمریکی بووە و بڕیاری هەشت ساڵ زیندانی بۆ دەرچووبوو.

لە بەشێکی دیکە لە رێککەوتنەکەی نێوان ئیدارەی ئۆباما و ئێراندا، تۆمەت و بڕیاری دەستگیرکردن لەسەر 14 کەس لادرا، بەم پێیەش ناویان لە لیستی داواکراوەکانی پۆلیسی نێودەوڵەتیش سڕدرایەوە.

(پۆلیتیکۆ) ئاشکرای کردووە سێ لەم 14 کەسە هەوڵی بەکرێگرتنی فڕۆکەی بۆینگیان بۆ هێڵێکی ئاسمانیی ئێرانی دابوو کە پشتگیریی حیزبوڵڵای لوبنان دەکات.

چوارەم کەس ناوی بێهرۆز دەوڵەتزادە بووە کە بەنیازی کڕینی هەزاران چەکی ئەمریکی و گواستنەوەی نایاساییان بووە بۆ ئێران. ناوی پێنجەم تۆمەتبار ئەمین رەوان بووە کە تۆمەتبار بووە بەوەی ئالیاری سەربازیی ئەمریکای بە قاچاخ بۆ هۆنگ کۆنگ و سینگافورە گواستووەتەوە بۆ ئەوەی لەوێوە رەوانەی ئێران بکرێن. بە گوێرەی بەرپرسانی ئەمریکی کە بۆ (پۆلیتیکۆ) دواون، رەوان بەشێک بووە لە تۆڕێکی بەرفراوانتری بەدەستهێنانی کەرستەی پێشکەوتووی تەکنۆلۆژی کە لە دروستکردنی بۆمبی چێنراودا بەکاردەهێنرێن و میلیشیا شیعەکانی عێراق دواتر لە دژی سەربازانی ئەمریکی بەکاریان هێنابوون.

بەڵام لەنێو ئەو چواردە کەسەدا، گەورەترین کەیس، کەیسی "سەید ئەبوفەزل شەهاب جەمیلی"یە. وەکوو لە بەدواداچوونەکەی (پۆلیتیکۆ)دا دەردەکەوێ، جەمیلی لە ساڵی 2005 بۆ 2012 لە رێگەی چینەوە هەزاران کەرەستەی پێویستی بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دابین کردووە، لە نێویشیاندا سەدان حەساس (sensor)ی دروستکراوی ئەمریکا کە بۆ سێنتریفیوژەکانی پیتاندنی یورانیۆم پێویستن.

بەپێی راپۆرتەکەی (پۆلیتیکۆ)، بەرپرسانی وەزارەتی دادی ئەمریکا کاتێک زانییان قەبارەی ئاڵوگۆڕەکە هێندە گەورەیە، تووشی پەشۆکان بوون، نەک لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر ئێرانی لەبەرامبەر ژمارەیەکی کەم ئەمریکیدا ئازاد کراون، بەڵکو لەبەرئەوەی هەنگاوەکەی ئۆباما ئاکامی ساڵانێکی زۆر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەمریکای بۆ دۆزینەوەی تۆڕە نهێنییەکانی ئێران بەبا دا.

گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێت لە پایزی 2014وە، وەزارەتی دادی ئەمریکا پرۆسەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تۆڕە نهێنییەکانی ئێرانیان لە ئەمریکا خاوکردەوە، بۆ نموونە وەزارەتی بەرگری پرۆژەی راکێشانی ئێرانییە گومانلێکراوەکانیان بۆ وڵاتێکی دۆستی ئەمریکا هەبووە، هەروەها لە هەوڵدا بوون وڵاتانی دۆست رازی بکەن بەوەی گومانلێکراوە ئێرانییەکانی وڵاتانی خۆیان رادەستی ئەمریکا بکەنەوە، بەڵام پلانەکەی ئۆباما هەموو ئەو پرۆسانەی خاو کردەوە.

هەمان ئەو رۆژەی ئۆباما هەواڵی ئاڵوگۆڕی گیراوەکانی لەنێوان تاران و واشنتن ئاشکرا کرد، ئیدارەی کۆشکی سپی ژمارەیەک سزای نوێی بەسەر ئێراندا سەپاند کە پەیوەندییان بە سیستەمی مووشەکیی ئێرانەوە هەبوو. بەرپرسێکی پێشووی کۆشکی سپی پێیوایە سەپاندنی سزای نوێ و ئازادکردنی کەسانێک کە پەیوەندییان بە سیستەمی مووشەکی ئێرانەوە هەیە لێکدژە. بەرپرسە ئەمریکییەکە گوتی "بۆچی دەبێ خەڵکانێک ئازاد بکەین کە دڵنیاین لە پرۆگرامی سیستەمی مووشەکیی ئێراندا بەشدارن".

ڤالێری لینسی، خانمە بەڕێوەبەری پرۆژەی کۆنترۆڵی چەکی ئەتۆمی، هەنگاوەکەی ئیدارەی ئۆباما بە "سکانداڵ" ناودەبات و پێیوایە شاردنەوەی تۆمەتە راستەقینەکەی حەوت کەسەکە و شاردنەوەی دۆسیەی 14 کەسەکەی دیکە بەو مانایەیە ئۆباما نەیویستووە رای گشتی بەهەژێنێ.

لە کاتی دانوستاندنە ئەتۆمییەکاندا بەشێکی زۆر لە کۆمارییەکان رەخنەی ئەوەیان لە تیمی دانوستاندنکاری ئەمریکا دەگرت کە بە ئاشکرا پێشانی ئێرانییەکانیان دابوو رێککەوتنەکە بۆ ئەمریکا گرنگە.

خوان زاراتێ، جێگری راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئیدارەی بوش، دەڵێت "ئێرانییەکان بەمەیان زانیبوو، بۆیە بە قازانجی خۆیان بەکاریانهێنا".

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی وەزارەتی دادی ئێستا و ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بە گۆڤارە ئەمریکییەکەیان راگەیاندووە "بەشێکی زۆر یان هەموو بەرپرسانی بەشی رێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی ئاگاداری ئەوە نەبوون چۆن کەیسی ئێرانییەکان لە دانوستاندنە ئەتۆمییەکاندا بەکاردەهێنرێ".




لەلایەکی دیکەوە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI) و وەزارەتەکانی ئاسایشی نیشتمانی و بازرگانیی ئەمریکاش ئاگاداری وردەکاری بەکارهێنانی کەیسی زیندانییەکان لە دانوستاندنەکاندا نەبوون، لە کاتێکدا ئەم سێ ئاژانسە چەندین ساڵ بە نهێنی کاریان لەسەر ئاشکراکردن و راوکردنی قاچاخچییە ئێرانییەکانی چەک و تەکنۆلۆژیای مووشەکی و ئەتۆمی کردبوو.

کێنێس مەکدۆناڵد، بەرپرسێکی پێشووی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا دەڵێت راگرتنی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکان خەڵکانێکی زۆری لە ئیدارەی پێشوودا تووڕە کرد، لەبەر ئەوەی "ئەوان چەند مانگ و چەند ساڵ کاتیان بۆ ئەو کەیسانە دانابوو، کەچی لەپڕ بڕیار درابوو رابگیرێن".

هەر لەوبارەوە ئارۆن ئارنۆڵد، بەرپرسێکی پێشووی (FBI) و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەڵێت "ئەو 14 کەسە لەژێر لێکۆڵینەوە و چاودێرییەکی تەواودا بوون. ئێمە زۆر پێویستمان بەوانە بوو، لەبەر ئەوەی ئەوان لە ئاستێکی باڵادا چالاک بوون و دەیانتوانی یارمەتیدەرمان بن". بۆ ئەوەی بزانن تۆڕی بەدەستهێنانی نایاسایی چەک لە ئەمریکا چۆن کاردەکات. ئارنۆڵد هەروەها دەڵێت "ئەوان دەیانتوانی تێگەیشتنێکی ستراتیژیمان بدەنێ، بەڵام ئێستا شرۆڤەکارەکان و لەوەش گرنگتر سیاسەتدانەرەکانی ئەمریکا تەنیا دەبێ بە مەزندە بزانن چی روودەدات".

### پێشنیازەکانی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ترەمپ

# نابێت ئەمریکا پەلە لە گرتنەوەی ڕەقەقە بکات

رووداو- هەولێر

زیاتر لە سێ هەفتە بەسەر هێرشی مووشەکیی سوپای ئەمریکا بۆ سەر بنکەی شوعەیرات لە ڕۆژئاوای سووریا تێدەپەڕێ. لە ماوەی ئەو 21 ڕۆژەدا پرسیاری سەرەکی ئەوە بووە کە هەنگاوی داهاتووی ئیدارەی ئەمریکی چی دەبێ و چ گۆڕانێک لە ستراتیژی ئەمریکادا لەبارەی سووریا ڕوودەدات؟ پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MEI) بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ڕاپۆرتێکی ئاراستەی لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا کردووە.

### هێرشەکان بەجێ بوون

ڕاپۆرتەکە لە سەرەتادا جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێرشی سەر بنکەی شوعەیرات بەجێ و پێویست بوو، لەبەرئەوەی وەڵامێکی توند بوو بۆ "تاوانێکی جەنگ" کە ئەسەد لێی بەرپرسە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت هێرشە کیمیاییەکەی ڕژێمی سووریا بۆ سەر خان شەیخون سەلماندی ڕێککەوتنی لەناوبردنی چەکە کیمیاییەکانی حکومەتی سووریا لە 2013 کە لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا کرا، تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندن بووە. لە کاتێکدا بەپێی زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل "حکومەتی سووریا خاوەنی سێ تۆن گازی سارینە کە بەشی کوشتنی هەزاران سیڤیلی دیکەش دەکات".

ڕاپۆرتەکە پێیوایە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە شەش ساڵی ڕابردوودا ئەوە بوو لایەنە ناکۆکەکان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی دیالۆگ بکەن و لەسەر بنەمای متمانە سەقامگیری بۆ سووریا بگەڕێننەوە "لەکاتێکدا ئەو متمانەیە لە سووریا نەبوو. بۆیە ئاکامی ئەو سیاسەتە کوژرانی نیو ملیۆن کەس، ئاوارەبوونی 11.5 ملیۆن کەس بووە"، ئەوە جگە لەوەی "قەیرانی سووریا ڕێگەی بۆ داعش خۆش کرد تاوەکو خەلافەت ڕابگەیەنێ و قاعیدەش توانی پەرە بە بنکەی جەماوەری خۆی لە سووریا بدات. جیا لەمانە شەڕی نێوخۆی سووریا بووە هۆی ئەوەی سوپای پاسدارانی ئێرانی ببێتە هێزێکی پرۆفیشناڵ کە لە هەموو ناوچەکەدا کاریگەریی بەرچاوی هەبێ".

### مانەوەی ئەسەد چارەسەر نییە

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە کە سەرەڕای هەموو ئاڵۆزییەکانی ڕەوشی سووریا، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە ئەسەد و ڕژێمەکەی ناتوانن هیوای داهاتوویەکی باش بە سووریا ببەخشن. چونکە ئەسەد لە 2011ەوە "خۆی لە سەرەتاییترین چاکسازی دزیوەتەوە، هەروەها ڕێوشوێنە سەربازییە توندەکانی هۆکاری سەرەکی هەموو ئەو ئاکامانە بوون کە لە قەیرانی سووریا کەوتوونەتەوە"، لەوانەش سەرهەڵدانی داعش و بەهێزبوونەوەی قاعیدە لە ناوچەکە. جگە لەمەش کوشتار و ئاوارەکردنی خەڵک هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئەسەد جارێکی دیکە نەتوانێ متمانەی سەقامگیری و ئارامی بە خەڵکی سووریا ببەخشێ.

ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە شەش ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا هیچی نەکردووە بۆ ئەوەی ئەو هۆکارە ڕیشەییە بنبڕ بکات، هەر ئەم دەستەوەستانییەش ڕووسیای هان دا ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕی نێوخۆیی سووریا بکات.

> باشترین چارەسەر بۆ قەیرانی سووریا دروستکردنی پێنج زۆنی ئارامە

> بەلای ئەمریکاوە یەپەگە چیدی لقی سووریای پەکەکە نییە

### ئێران کێشەکەیە

ڕاپۆرتەکەی (MEI) دەڵێت بۆ ئەوەی سووریا بەرەو سەقامگیری بڕوات، پێویستە ئەمریکا هەڵوێستی بەهێزتر بنوێنێ، لەوانەش هێرشی سەربازیی قورستر و هەنگاوی دیپلۆماتیکیی پتەوتر. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هێرشەکەی سەر بنکەی شوعەیرات سەلماندی "ئازادیی چالاکیی ئەمریکا لە سووریا" زۆر لەوە زیاترە کە ئیدارەی ئۆباما بیری لێدەکردەوە، چونکە لە کاتی هێرشەکەدا ڕووسیا نەیتوانی پەنجەیەکیش بەرز بکاتەوە. دەشڵێت "لای ڕووسەکان سووریا بابەتی دانوستاندنە، ئاساییشە بیەوێت دانوستاندنەکان لە چوارچێوەی هەڵوێست و ڕوانگەی ئەوان بکرێ"، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ڕووسەکان دەزانن هەرچی ئەسەد دەسەڵاتەکەی پارێزراوتر بێ، کەمتر گوێ بۆ بڕیارەکانی مۆسکۆ رادەدێرێ. بەبۆچوونی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە، کێشەکە ئەوەیە کە "لەڕابردوودا ئەمریکا بەبێ بوونی هیچ هێزێکی گوشار دەچووە سەر مێزی دانوستاندن".

ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئێران لە چاو ڕووسیا بەربەستێکی گەورەترە لەبەردەم پێشکەوتنی ڕەوشی سووریا، لەبەر ئەوەی مانەوەی ئەسەد لای ئێرانییەکان "جێی مشتومڕ نییە، بەشێکی سەرەکییە لە ستراتیژی ناوچەیی ئێران".

### کێشەی نێوان تورکیا و یەپەگە

ڕاپۆرتەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی ئەمریکا شەڕی تیرۆریزم بەس نییە، بەڵکو ئەو شەڕە دەبێ لە چوارچێوەی ستراتیژێکی فرەلایەندا ببینرێ کە تێیدا هاوکات بیر لە لێکەوتەکانی دیکەی قەیرانی سووریا و شەڕی تیرۆر بکرێتەوە.

دەشڵێت جەنگی دژی داعش لە سووریا پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بەڵام "ستراتیژەکەی ئەمریکا ژمارەیەک ئاکامی ناڕاستەوخۆی زیانبەخشی دەبێ"، گەورەترین تەحەداش لەم پەیوەندییەدا لە پلانی گرتنەوەی ڕەققە و هێزە بەشدارەکانی ئەوئۆپەراسیۆنەدایە. ئەمریکا لە یەک ساڵی ڕابردوودا پێی باش بووە لەگەڵ یەپەگە و هێزەکانی نزیک لە یەپەگە کار بکات کە بە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ناسراون. وەکوو ڕاپۆرتەکە دەڵێت، ئەو پێگەیەی بە یەپەگە و پەیەدە دراوە، کێشەی ڕاستەقینەی لە نێوان ئەمریکا و تورکیادا دروستکردووە.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت، ئەگەرچی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ناوەندی دژە- تیرۆری ئەمریکا تاوەکو 2014 پەیەدە وەکو لقی سووریای پەکەکە ناسێنراوە، کەچی ئەم برگەیە لە ڕاپۆرتەکانی 2015 و 2016ی ئەو ناوەندەدا لادراون.

توێژەرەکەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕای وایە "پێویست ناکا ئەمریکا پەلە لە گرتنەوەی ڕەققە بکات"، چونکە ئەوە کۆمەڵێک دەستکەوتی کورتخایەن بە ئەمریکا دەدا، بەڵام لە درێژخایەندا خۆراکی پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژی بە داعش دەدات. بۆیە ئەمریکا دەبێ "نفوزی خۆی لە تورکیا بەکاربهێنێ بۆ ئاگربەستێک لە نێوان تورکیا و پەکەکە، ئەوەش ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و یەپەگە لەسەر سنوورەکانی سووریا کەم دەکاتەوە".

> ڕووسیا ئامادەیە بۆ دانوستاندن لەسەر سووریا

> مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات چارەسەری قەیرانی سووریا ناکات

### زۆنی ئارام

ڕاپۆرتەکە دەڵێت ئێستا هیچ هیوایەک نییە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی سەرتاسەریی خێرا بۆ قەیرانی سووریا بهێنرێتە ئاراوە. بۆیە باشترین چارەسەر دروستکردنی ژمارەیەک زۆنی ئارامە کە تێیدا هێزە سووری یان دەرەکییەکەی ئەو زۆنە بەڵێنی "سڕکردن و وەستاندنی پێکدادان" لەو زۆنەدا بدات.



**ڕاپۆرتەکەی (MEI) پێشنیازی پێنج زۆن دەکات:**

- **یەکەم:** زۆنی باکووری حەلەب لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی تورکیا.
- **دووەم:** زۆنی باکووری ئدلیب لە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی تورکیا.
- **سێیەم:** زۆنی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی هەسەدە
- **چوارەم:** زۆنی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای سووریا لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئوردن و ئیسرائیل
- **پێنجەم:** زۆنی ڕۆژهەڵاتی سووریا

### دوای 100 ڕۆژ لە دەستبەکاربوونی

# لە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپدا چی گۆڕاوە؟

رووداو- هەولێر

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو 100 ڕۆژ بەسەر سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکادا تێپەڕی. لە ساڵی 1933وە، وەکوو نەریتێک 100 ڕۆژی یەکەمی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا وەکوو پێوەرێک بۆ سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی سەرۆک دانراوە، هەروەها نیشانە بەراییەکانی پلانی سەرۆکی تێدا بەدی دەکرێ بۆ چوار ساڵی داهاتوو.

دەستەواژەی "100 ڕۆژی یەکەم" بۆ یەکەمجار لە 24ی تەمووزی 1933 داهێنرا، کاتێک فرانکلین ڕۆزڤێڵت، سی و دووەمین سەرۆکی ئەمریکا، لە پەیامێکی ڕادیۆییدا ئاماژەی بە کۆبوونەوەی 100 ڕۆژەی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد. دواتر ئەو دەستەواژەیە بۆ 100 ڕۆژی یەکەمی دەسەڵاتی سەرۆک بەکارهێنرا.

ترەمپ، چل و پێنجەمین سەرۆکی ئەمریکا، ڕۆژی 2017/1/20 بە ئامادەبوونی 160 هەزار کەس سوێندی سەرۆکایەتی خوارد، لە مێژووی ئەو مەراسیمەدا، ترەمپ بەتەمەنترین و دەوڵەمەندترین کەسە سوێندی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بخوات، تاکە سەرۆکی ئەمریکاشە کە بەر لە وەرگرتنی پۆستەکە هیچ پێشینەیەکی خزمەتی سەربازی یان حکومیی نەبێ.

هەمان ڕۆژ سەرۆکی نوێی ئەمریکا گوتاری دەستبەکاربوونی خۆیشی پێشکەش کرد کە لە دوای گوتارەکەی جیمی کارتەر، سی و نۆیەمین سەرۆکی ئەمریکا، کورتترین گوتاری دەستبەکاربوونی سەرۆکی ئەمریکا بوو. لە گوتارەکەیدا ترەمپ جەختی لە دروشمی سەرەکیی کاتی کەمپینی هەڵبژاردنەکان کردەوە: "ئەمریکا بەر لە هەموو شتێک". بەڵام ئەوەی لە گوتارەکەی ترەمپدا بەدی نەدەکرا ڕۆڵی ئەمریکا بوو لە شێوەگیرکردنی نەزمی جیهان کە بەشێکی باو لە گوتارەکانی سەرۆکەکانی پێشوو بووە.



جیا لەمە، لە پڕۆژە بودجەی ساڵی 2018دا، ئیدارەی ترەمپ بە ڕێژەی نزیکەی 30% بودجەی وەزارەتی دەرەوە و هاوکاریی وڵاتانی دەرەوە و هاوکارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کەمکردەوە. لەبەرامبەریشدا بودجەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکای بە بڕی 54 ملیار دۆلار زیاد کرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا بەنیازە بۆ یەکلاکردنەوەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان پەنا بۆ ڕێگەچارەی سەربازی بەرێ نەک ئامرازە دیپلۆماسییەکان.

پێشتر ترەمپ بە کەسێکی لایەنگری سیاسەتی "گۆشەگیری" و دژی ڕێکخراو و پەیماننامە بازرگانی و سەربازییە نێودەوڵەتییەکان لەقەڵەم دەدرا، لەبەر ئەوەی ناتۆی بە پەیماننامەیەکی "بەسەرچوو" لەقەڵەم دەدا، بەڵێنی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانی دەدا. سێ ڕۆژ دوای دەستبەکاربوونی، ڕێککەوتنی ترانس پاسیفیک (TPP)ی هەڵوەشاندەوە. لە چەندین بۆنەدا گوتبووی ئەمریکا چیدی ناتوانێ خەرجی پاراستنی هاوپەیمانەکانی (لە باڵتیک و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا) بدات، هەڕەشەی ئەوەشی کردبوو کە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران هەڵدەوەشێنێتەوە.

بەڵام ئەو دەستپێکە وشک و دوژمنکارانەیە لە یەک مانگی ڕابردوودا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. چیدی ناتۆ بە ڕێکخراوێکی "بەسەرچوو" نازانێ، جەختیشی لەسەر هاوکاریکردنی ژاپۆن و کۆریای باشوور کردووەتەوە لە کاتێکدا هەڕەشەکانی کۆریای باکوور ڕوویان لە زیادبوونە، هەروەها ئامادەیی پیشانداوە بۆ ئەوەی دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتننامەی بازرگانیی ئازادی باکووری ئەمریکا (NAFTA) بکات، لە کاتێکدا پێشتر داوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنەکەی کردبوو.

لەسەر ئاستی وڵاتانیش، ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی پابەندیی خۆی بە سیاسەتی "یەکپارچەیی خاکی چین" پیشانداوە و پێشناچێ ئامادەبێ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران هەڵوەشێنێتەوە. هەرچەندە چاوەڕێی هەنگاوی قورس لەدژی ئێران و ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا دەکرێ.

### ڕووسیا دۆست نییە

لە ماوەی 100 ڕۆژی یەکەمدا، گەورەترین لادانی ترەمپ لەو دروشمانەدا بەدی دەکرێ کە سەرەتا بەرامبەر ڕووسیا دەیدان. ترەمپ سەرەتا لەبارەی هەوڵی نزیکبوونەوە لە ڕووسیا (بە تایبەتیش لە جەنگی دژی تیرۆر و یەکلاکردنەوەی قەیرانی سووریا) پێچەوانەی سیاسەتی باوی ئەمریکا بوو لە یەک دەیەی ڕابردوودا.

هاڵ براندز، توێژەر لە پەیمانگای کاروباری دەرەوەی زانکۆی هۆپکینگزی ئەمریکی، پێیوایە پاشگەزبوونەوەی ترەمپ لە سیاسەتی نەرم بەرامبەر ڕووسیا شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی "ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیا گۆڕانێکی ڕادیکاڵە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، ئەو جۆرە گۆڕانکارییانەش ڕووبەڕووی بەربەستی بیرۆکراسی، کۆنگرێس و تەنانەت ڕاوێژکارەکانی ترەمپ خۆی دەبێتەوە". براندز جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە گۆڕانی ئاوازی سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ ئاماژەیە بۆ ئەوەی "ترەمپ خەریکە فێردەبێ کە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زۆر کەم دەزانێ".

### سەرۆکێکی سەختگیر

لە ئاستی تەکتیکیدا، ترەمپ لە ماوەی سێ مانگ و دە ڕۆژی ڕابردوودا هەوڵی داوە وێنەی سەرۆکێکی سەختگیر لەخۆی پیشان بدات، بۆ ئەو مەبەستەش سووریا، ئێران و کۆریای باکووری کردووە بە ئامانجی هەڕەشە و هێرشەکانی خۆی. هەفتەی یەکەمی مانگی نیسان، ئەمریکا 59 مووشەکی ئاراستەی بنکەی سەربازیی شوعەیرات لە ڕۆژئاوای سووریا کرد، دوای ئەوەی دوو ڕۆژی پێشتر لە هەمان بنکەوە فڕۆکە ڕەوانەی شارۆچکەی خان شەیخون لە پارێزگای ئدلیبی سووریا کرابوو. ئەو هێرشە مووشەکییەی ئەمریکا خاڵی وەرچەخانی پەیوەندییەکانی ئیدارەی ترەمپ و کریملین بوو.

لەلایەکی دیکەوە ئیدارەی ترەمپ پێیوایە کە ئێران بەرامبەر "ڕوحی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە" پابەند نەبووە، واتە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەبووەتە هۆی ئەوەی هەڕەشەکانی تاران لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر ببێتەوە. دوو هەفتە لەمەوبەر وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە نامەیەکدا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران ئاماژەی بەوە دابوو کە تاران پابەند بووە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، کۆشکی سپی داوای لە وەزارەتی دەرەوە کردووە نامەکە توندتر بکرێ. جگە لەمە کۆشکی سپی ماوەی 90 ڕۆژی داناوە بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتی وڵاتەکەی بەرامبەر ئێران کە بە گوتەی بەرپرسان چاوەڕێ دەکرێ سەپاندنی سزای نوێ و لێکدانەوەی توندتر بۆ مادەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لێبکەوێتەوە.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرنامەی ئەتۆمی و سیستەمی مووشەکیی کۆریای باکوور، ئەمریکا سیستەمی بەرگریی مووشەکی و کەشتی فڕۆکە هەڵگری جێگیر کردووە، چاوەڕێش دەکرێ ئیدارەی کۆشکی سپی ئامادە بێ سیاسەتێکی ئابووریی نەرمتر بەرامبەر چین بگرێتەبەر، ئەگەر چین بۆ کۆنترۆڵکردنی پیۆنگ یانگ یارمەتیی واشنتن بدات.

### جەنگی داعش

یەکێک لەو بەڵێنانەی ترەمپ هەتا ئێستاش پابەندە پێوەی چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ تێکشاندنی گروپە تیرۆریستییەکانە. بۆ ئەم مەبەستە ترەمپ لە لایەکەوە ژمارەیەکی زۆر فەرماندەی کۆنی سوپای ئەمریکای لە ئیدارەکەی کۆکردووەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئازادییەکی زیاتری بە فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا لە مەیدانەکانی جەنگ داوە، بۆ ئەوەی بە خێراییەکی زیاتر لە بنکەی ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان بدرێ.

بەپێی ئەو بڕیارە نوێیە، فەرماندەکانی هێزی تایبەتی ئەمریکا دەتوانن بەبێ گەڕانەوە بۆ واشنتن یان بنکە سەربازییە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، داوای هێرشی ئاسمانی بکەن. ژمارەیەک لە ڕەخنەگران پێیانوایە ئەم گۆڕانکارییە تەنیا ئەگەری ئەوە نایەنێتە ئاراوە کە ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکان بەرز ببێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر وردبینی هێرشەکانیش دادەنێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# تورکیای دوای ئەردۆغان

ئەردۆغان لەیەکەم خولی هاتنە سەر حوکمیەوە وەک جیاوازییەک دەرکەوت. لە دژی سەپێندراوەکانی پێش خۆی ئازایەتی زۆری نواند. بانگەوازی پەسەندکردنی پەسەندنەکراوەکانی کرد، دەرگای بە ڕووی جیاوازییەکاندا کردەوە. سەرنجێکی زۆری بۆ خۆی ڕاکێشا، لە ئاستی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ئەورووپا وێنایەک دروست بوو کە دوور نییە ئەم پیاوە ببێتە پاڵەوانی ڕووخاندنی دیوارە پۆڵاینەکانی ئەورووپا بە ڕووی تورکیادا. لە ئاستی ناوخۆی تورکیاشدا زۆر کەسی بێ ئومێد هیوای بۆ دروست بوو، بە دیاریکراوی لەناو کۆمەڵگە چەوساوەکاندا کە زۆرینەی تورکیایان پێکدەهێنا، وەک ئاسۆیەک بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی ژیان کەوتە بەرچاو، بۆیە خەڵکێکی زۆر بەدووی کەوتن، بە شوێنکەوتنێک کە تا ئێرە ئەردۆغانی هێناو تەنانەت بۆ گڵۆربوونەوەی تورکیا بەرەو تاریکی و شەوەزەنگ پشتیوانییان لێکرد.

لەناو ئەو کۆمەڵگە چەوساوانەی تورکیا کە بوون بە شوێنکەوتەی ئەردۆغان، بەشێکی زۆریان کورد بوون، سەرەڕای هەندێ هۆشیاریدانی پەکەکە و چالاکوان و کاراکتەری سیاسی کورد لە باکوور کە ئەردۆغان ئەوەی دەیکات تەنیا ڕووپۆشی شاردنەوەی ستراتیجە مەترسیدارەکانیەتی و لە جەوهەردا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر تورکیا و بۆ کوردستان، بەڵام لەناو زۆرینەیەکی کورددا گوێ بەم بانگەواز و جۆرە گوتارە لە هەڵسەنگاندن بۆ ئاکپارتی و سەرۆکەکەی، نەگیرا و شێلگیرانەتر کەوتنە پشتیوانیکردنی.

ئەوانەی بوون بەشوێنکەوتە یان هەواداری سیاسەتەکانی ئاکپارتی، گوێیان لەو گوتارە سەرنجڕاکێش و هەستبزوێنانەی ئەردۆغان دەبوو کە بانگەشەی قبوڵکردنی کوردی دەکرد پێچەوانەی هەموو دەسەڵاتەکانی پێش خۆی، هەروەها بەکرداریش ئەوەیان دەبینی کە ڕوودەدات لە هەڵتەکاندنی ڕەگوڕیشەی کەمالیزم، لە پەراوێزخستنی ڕۆڵی سوپا، لە ڕەخساندنی زەمینەی کاری سیاسی بۆ کورد، دەرفەتدان بە دامەزراوەی میدیایی و بڵاوکراوەی کوردی، کردنەوەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و چاپەمەنی، مۆڵەتدان بە حیزبی سیاسی کوردی و زۆری تریش. تەنانەت لەناو پەکەکە و هێزە کوردیەکانی تری باکووریش جۆرێک لە ئیعجاب بۆ ئەردۆغان دروست بوو کە دەبێتە فریادڕەسی کورد و تەنانەت بۆ تورکیاش، بە چاوێکی پڕ لە هیواوە لە هەنگاوەکانیان دەڕوانی.

پێچەوانەی ئەم هاوسۆزییە، ئەوانەش کەم نەبوون کە هەر لە سەرەتاوە پێیان وابوو ئەوەی ئاکپارتی و ئەردۆغان دەیکەن، تاکتیکن بۆ ستراتیجێکی ڕانەگەیێنراو. لەناو تورکیایەکی بەهێزی دامەزراو بە چەمکەکانی کەمالیزم، لە وڵاتێکدا چەندین جار کودەتای سەربازی کۆتایی بەدەسەڵاتی هەڵبژێردراو هێناوە، لە تورکیایەکدا چەند جارێک و لەژێر ناو و چەتری جیاوازدا حیزبی ئیسلامی داخراون، ئاک پارتی وەک هێز و ئەجندایەکی ئیسلامی سیاسی پێویستی بەوە بوو شوێنی خۆی قایم بکات تا ڕیشەی هەڕەشەکانی سەرخۆی بپچڕێ و لەمپەرەکانی بەردەم ئامانجە ستراتیژییەکانی لابەرێت. بۆ ئەمەش پێویستی بە کرانەوە و قبوڵکردنی جیاوازی هەبوو، پێویستی بە زەمینەی ئازادیی کاری سیاسی و ڕاگەیاندن بوو، بۆ لێدان لە سوپا و کەمکردنەوەی ڕۆڵیان پێویستی بە ئاشتی هەبوو. هەموو ئەمانەی کرد، تا ئەوکاتەی دڵنیابوو کە کۆڵەگەکانی چەسپاندووە و ئیتر ترسی لە لەقبوونیان نەماوە، لە ماوەیەکی کورتدا دەرگای بەڕووی جیاوازییەکاندا داخستەوە، کۆتایی بە ئاشتی هێنا، دەیان کەناڵ و دامەزراوەی میدیای داخست، زەمینەی کاری سیاسی بەرتەسک کردەوە، سەدان چالاکوانی سیاسی و تەنانەت پەرلەمانتار و سەرۆکی شارەوانی و تا ئاستی سەرۆکی حیزبی سیاسی خستە زیندانەوە.

هەرچەندە ئەردۆغان ئەو مەیلە سوڵتانیە لەخەیاڵدانیدا هەبوو، خواستی دەسەڵاتخوازی و پاوانکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات مەیلێکی شاراوە نەبوون، بەڵام ئەوەی وای دەکرد سەردەمی سەرەتاکانی ئەردۆغان جیاواز بێت، ئەو ئومێدە بوو بە پەڕینەوە بۆ ئەورووپا، بەڵام دوای ئەوەی کە تەواو دڵنیابوو لەوەی لەمپەرەکانی ئەورووپا بۆ پەڕینەوەی تورکیا سەختتر بوون، نائومێد بوو لەوەی دەرگای بەڕوودا بکرێتەوە، لەمەشدا بزووتنەوەی خزمەت (گویلەنییەکان) ڕۆڵێکی زۆریان بینی لە هاندانی ئەورووپییەکان بۆ نائومێدکردنی ئەردۆغان، ئەمەش زیاتر پاڵی نا بە ئەردۆغانەوە بگەڕێتەوە سەر خەسڵەتە ئەسڵیەکەی خۆی و سیما ڕۆژهەڵاتیەکەی وەرگرێت، ئیتر وەک دەسەڵاتە ڕۆژهەڵاتییە ستەمکارەکان دەبنەوە بە بەشێک لە کۆمەڵگە ڕاستەقینەکە کە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتین.

بە دیاریکراوی لە دوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەوە ئەوەی لە تورکیا دەگوزەرێت، هەموو ئەو ئامرازانەی ئەردۆغان بەکاری بردوون، ئەو سیاسەتانەی پەیڕەوی کردوون لە سەرکوتکاری و پاکتاوکردنی نەیارەکانی، بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کاری سیاسی و میدیایی، ئەمانە وەکو پێویستی قۆناغی پەڕینەوەی تورکیا بۆ سەردەمێکی تر کردووە، ئەو سەردەمەی کە تورکیای دوای ریفراندۆم بۆی دەستەبەر دەکا. تورکیایەک دەبێت کە ئەردۆغان دەیخوازێت نەک پێویستیی کۆمەڵگا، تورکیا بەرەو ناوەندگەرایی و تاکگەرایی دەسەڵات دەبات، هەموو جومگەکانی دەسەڵات وابەستە دەکات بە شەخسی سەرۆکەوە، سوپا، دەسەڵاتی دادوەری، بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک و وڵات، تەنانەت حیزب و دامەزراوە میدیاییەکانی حیزبەکەی و دەوڵەتیش. ئێستا ئیتر مەعلومە کە ئەردۆغان بەم هەموو دەسەڵاتەوە تورکیا بەرەو کوێ دەبات، بەڵام ئەوەی ناڕوونە تورکیای دوای ئەردۆغانە.

زۆر کەس ئەم هەنگاوانەی ئەردۆغان و تورکیای دوای ریفراندۆم بە سەردەمی ئەتاتورک دەچوێنن کە تورکیا بۆ سەردەمی کەمال ئەتاتورک دەگەڕێنێتەوە. دەشێ لە ڕەفتار و کردار و ژیانی سیاسی وڵاتدا سەردەمێکی هاوشێوە دروست بکاتەوە، بەڵام ئەتاتورک خزمەتی گەورەی بە بنیاتنانی تورکیا کرد، بناغەی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی بۆ سەردەمانێکی زۆر دوای خۆیشی بە پتەوی مانەوە، تەنانەت تێڕوانینەکانی بەجۆرێک بە سیستەماتیکی کردبوو کە زیاتر لە نیو سەدە دوای مردنیشی، کەمالیزم هەر وڵاتی بەڕێوەدەبرد. بەڵام ئەوەی ئەردۆغان دەیکات بە دامەزراوەکردن نییە، بەڵکوو توانەوەی هەموو دامەزراوەکانە لە خودی خۆیدا، وابەستەکردنی هەموو جومگە دەوڵەتدارییەکانە بەپێگەی سەرۆکەوە. پرسیارەکە ئەوەیە دوای ئەردۆغان تورکیا چی بەسەر دێت؟

کورد لە تورکیا چی دەکەن بۆ ئێستا بەدواوە کە سەردەمی تاریکی و بەرتەسکبوونەوەی ئازادی و داخستنی دەرفەتەکانی بەشداریی سیاسییە، چۆن خۆیان ئامادە دەکەن بۆ تورکیای دوای ئەردۆغان؟ چونکە تورکیای نوێ ئەگەرچی تورکیایەکی مەرکەزی، دەسەڵاتێکی بەهێزی سەرکوتکار دەبێ، بەڵام تەمەنی دەسەڵاتەکان و دەوڵەتە تازەکەی ئەردۆغان زۆر درێژ نابێت و زوو دەڕووخێت.



زوبێر ڕەسوڵ*

# کێشەزای پێوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان

ئاستی پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان هەڵبەزودابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و تا ئێستاش نەگەیشتووەتە خاڵێکی سەقامگیر و پێوەندییەکی ستراتیژی سەرەڕای ئەو هەموو چالاکییە ئابووری و سیاسییەی کە تا ئێستا لەنێوان هەردوولادا هەیە. دۆستایەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی پراکتیکی و پراگماتیکی لە 2008 بەدواوە دەستپێدەکات، تەنیا زادەی پێوەندی ئابووری و پێداویستیی تورکیا نییە بە وزە، وەک بەشێکی زۆر لە چاودێران و توێژەران لەسەری کۆکن، هەڵبەتە ئەمە بە مانای نکوڵیکردن لە فاکتەری ئابووری نایەت، بەڵکو بەو مانایە دێت کە وێنە گەورەکەی ئەم پێوەندیانە کۆمەڵێک فاکتەری ترن و بە تەواوی پرسی ئەمنیی ئاڵۆزن، کێشەکانیش بە زۆری لەم ئاستەدا ڕوودەدەن. ئەنکەرە و هەولێر کە دەمێک وەک نەیار و دەمێکی تر وەک یار و یاوەر دەردەکەون، زیاتر پرەنسیپەکانی تیۆری ئاسایشی هەرێمیی ئاڵۆز (Regional Security Complex)یان بەسەردا جێبەجێ دەبێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە، هەرێمی کوردستان بەشێکە لە زنجیرەی ئاسایشی تورکیا و ناوچەکە، دەکرێت لەیەک کاتدا هەم ببێتە مایەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی تورکیا و، هەمیش مایەی ئارامی بۆ ئاسایشی تورکیا و ناوچەکە.

سیاسەتی تورکیا بە تایبەتی لە 1991 وە تاوەکو 2008 ، بەشی یەکەمی ئەو تیۆرەی ئاماژەم پێدا، بەسەردا جێبەجێ دەبێت، واتا "باکووری عێراق مایەی مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی تورکیا". بەڵام لە 2008 بەدواوە، سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێم بە تەواوی دەکەوێتە چوارچێوەی هاوکێشەی دووەمی ئەو تیۆریەی ئاماژەمان پێدا، واتا "هەرێم دەکرێت مایەی ئارامیش بێت بۆ تورکیا". هەڵبەتە کۆمەڵێک فاکتەر بەشدارن لە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان. جیا لە فاکتەری وزە، فاکتەری هەرە سەرەکی بۆ نزیکبوونەوەی تورکیا لە هەولێر بریتییە لە ئیحتیواکردنی ڕۆڵی پەکەکە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە. بۆیە پێوەندیی تورکیا لەگەڵ هەولێر تا ئاستێکی زۆر پەیوەستە بە پێوەندیی تورکیا لەگەڵ "کوردەکانی خۆی"، واتا تورکیا بەدوای ئەوەوەیە کە بەدیلێک بۆ پەکەکە بدۆزێتەوە نەک تەنیا بۆ تورکیا، بەڵکو بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری کوردستانیش، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پرسە لەبن دەستی پەکەکە دەربهێنێت. بۆیە سیاسەتی کرانەوەی تورکیا بەرامبەر کێشەی کورد و ڕێگەدان بە چالاکییەکانی هەدەپە و نزیکبوونەوە لە باشوور بە تایبەتیش لە بارزانی، تا ئاستێکی زۆر کاریگەر بووە بەو فاکتەرە. بەڵام لەڕاستیدا نە هەدەپە و نە بارزانیش نەیانتوانی ئەو ڕۆڵە بۆ تورکیا بگێڕن، چونکە هەدەپە تا ئاستێکی زۆر بە پەکەکەوە پەیوەست بووە و قاعیدەی جەماوەریشی هەمان ئەو قاعیدەیەی پەکەکە بوو، بە تایبەت لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، بارزانیش بەهۆی نەبوونی قووڵاییەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی بەهێز لە باکوور، نەیانتوانی (یاخود نەشیانویست) ئەو ڕۆڵە بگێڕن. چونکە بە تایبەتی بۆ بارزانی سەرەڕای کێشەی ڕیشەییان لەگەڵ پەکەکە، بەڵام ئەو ئێستا بەهۆی هەڵکشانی پێگەی سیاسی و کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی و هەروەها سەرکردایەتی پڕۆژەی دەوڵەتی کوردی، ناتوانێت ئەو ڕۆڵەی نەوەدەکان بۆ تورکیا بگێڕێت.

فاکتەری دووەمی پشت پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لەدوای کێشە ناوخۆییەکانی سووریا دەستپێدەکات کاتێک کوردی ڕۆژئاوا بە یارمەتیی پەکەکە دەبنە هێزێکی سیاسی و سەربازیی ئاکتیڤ لە ناوچەکەدا، ئەوەش وا دەکات پەکەکە نەک تەنیا خاوەنی کارتی سەربازی بێت، بەڵکو ببێتە خاوەنی پێگەی سیاسی و دیبلۆماسی و فەرزکردنی ئەمری واقیعیش لە سووریا. پرسی کوردی ڕۆژئاوا دیسان ئەو پرسەی بۆ تورکیا تۆخ کردەوە کە کورد بەشێکن لە هاوکێشەیەکی ئەمنی و سیاسی لە ناوچەکەدا و پێویستە ئیحتیوا بکرێن، تا دەکرێت بە هێزی دیبلۆماسی. هەڵبەتە زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، پێوەندییەکی ئیختیاری و هاوتا نییە، ڕوونتر بڵێم هەر یەکە لە تورکیا و هەرێم بە ناچاری بوونەتە دۆست پاش تاقیکردنەوەی زۆربەی ئەڵتەرناتیڤەکانی تری وەک شەڕ و هەڕەشە. دەتوانم بڵێم بۆ تورکیا پێوەندییەکانی لەگەڵ کورد زیاتر بەو لۆجیکە دەخوێندرێتەوە کە دەڵێت: "با دۆستەکانت لێتەوە نزیک بن، بەڵام دوژمنەکانت نزیکتر". بۆ هەولێریش پێوەندییەکان لەگەڵ تورکیا لە خۆشییەوە نەبووە و لە ناچاری بووە، چونکە هەرێم خاوەن جیۆپۆلیتیکێکی داخراوە و ڕێڕەوی دەریایی نییە تاوەکو بە ئازادی پێوەندییەکانی لەگەڵ دونیای دەرەوە دابمەزرێنێ. بێجگە لەمەش، هەریەکە لە تورکیا و ئێران ئەستەمە ڕێگا بدەن هەرێم پەلهاوێژیی سیاسی و ئابووری بکات بەبێ بەشدانی ئەوان، ئینجا ئەم بەشە دەسکەوتی ئابووری بێت یان دەسکەوتی سیاسی. ئەوەی کە واشیکردووە هەرێمی کوردستان زۆر بێدەسەڵاتتر بێت لەو دوو هەژموونە ناوچەییەی ئەنکەرە و تاران، ئەم دۆخە لاوازەی دەوڵەتی عێراقە بەرامبەر ئەو دوو وڵاتە کە بەداخەوە چانسی مانۆڕی سیاسی ئەوەندەی تر بۆ هەولێر ئەستەم کردووە. بۆیە سەیر نییە تا ئێستاش هەریەکە لە تورکیا و ئێران وەک بەکارهێنانی کارتی فشار لە پێوەندییە هەرێمی و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆدا سەیری هەرێمی کوردستان بکەن.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە پێناوی بوژانەوەی ئابووری و دواتر سیاسیش ناتوانێت دەستبەرداری پێوەندییەکانی بێت لەگەڵ تورکیا، دەکرێت بڵێین بوونی لێشاوێک لە کومپانیای نێودەوڵەتی و نوێنەرایەتیی سیاسی وڵاتان لە هەرێم تا ئاستێکی زۆر بەهۆی ئەو پێوەندییە ئارامە بووە کە هەولێر لەگەڵ تورکیادا هەیبووە، چونکە ئارامی و جووڵەی ئابووری جووڵەی سیاسیش بەدوای خۆیدا دێنێت. ئەمە واقیعێکە لەوانەیە تا کاتێکی زۆر باڵ بکێشێت بەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، بە جۆرێک هیچ مەرج نییە دوای نەمانی دەسەڵاتی ئەردۆغان و بارزانیش کە بەشێک لە ئێمە بە هۆکاری ئەم فۆرمە لە پێوەندیی ئەنکەرە و هەولێر دەیانبینین، ئەم دۆخە باشتر بێت، بەڵکو بە نەمانی ئەمان ئەگەری تێکچوونی پێوەندییەکانی هەرێم و تورکیا زیاتر پێشبینی کراوە، چونکە بەشێکی زۆری پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێم پێوەندیی نێوان دوو پارتی بەهێز و دوو سەرکردەن و پێوەندی نین لەسەر بنەمای دامەزراوە سیاسییەکان ، چ لە تورکیا و چ لە هەرێمیش بەشێکی زۆر لە پارتەکان یەکدەنگ نین لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان. بۆیە پێوەندییەکان دەکرێت بگوترێت لەبەردەم هەڕەشەی بەردەوامدان و زیاتر لە زەواجێکی کاتی دەچێ تا پێوەندییەکی ستراتیژیی هاوبەش لەنێوان دوو وڵات و لە هەر کاتێکدا ئەگەری تێکچوونی هەیە.

سەرەتای هەڕەشەکانی سەر ئەم پێوەندیانە ئەوە بوو کە لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک بینیمان، بە جۆرێک ئەم پێوەندیانەی دووبارە خستە گومانەوە، پێدەچێت ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمیش هەڕەشەیەکی تر بێت لەسەر ئەم پێوەندیانە، هەڵبەتە ئەمە سەرەڕای بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە هەولێر ئامادە نییە بەو میکانیزمانەی تورکیا دەیەوێت، ڕووبەڕووی پەکەکە ببێتەوە. بەتایبەتتریش دوای ئەزموونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا و داخستنی پەرلەمانی کوردستان، پەکەکە ئێستا ئامادەگییەکی بەهێزتری هەیە لە هەرێمدا چ لەڕووی جەماوەر بێت یان لەسەر ئاستی پاڵپشتیی پارتە سیاسییەکانی هەرێم، بە جۆرێک (جگە لە پارتی) بەشی هەرەزۆری لایەنەکانی تر ئینجا چ لە لاوازیی خۆیان بێت یان لە ڕقی پارتی، پەکەکە وەک کارتێکی گوشار بەکاردەهێنن لەبەردەم پارتی و بەهێزکردنی پێگەی جەماوەریی خۆیان. هەموو ئەو فاکتەرانەی ئاماژەمان پێدان هۆکارگەلی ئەوەن کە پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە نادڵنیاییدا دەمێننەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کاراکردنەوەی پەرلەمان یان بەحیزبیکردنەوەی؟

1

گرفتی سەرەکی لە مەسەلەی پەرلەمانی چوارەمی کوردستاندا، ئەوە بوو جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی 38 کورسییە و بەشی زۆری 11 کۆتاکەشی لەژێر دەستدایە، هیچ کام لە چوار حیزبەکەی دیکە کۆنترۆڵی تەواویان نەک هەر بەسەر ئەندام پەرلەمانەکانیانەوە، بگرە بەسەر فراکسیۆنەکانیشیانەوە نییە. تەنها فراکسیۆنێک کە سەد لەسەد پابەندی بڕیاری حیزبەکەیەتی و کاریشی لە پەرلەمان جێبەجێکردنی ئەجێندای حیزبەکەیەتی، فراکسیۆنی پارتییە. حیزبەکانی دیکە، خەڵکانێکیان ناردە پەرلەمان، کە نە ئەزموون و نە توانای خوێندنەوەی واقیعی سیاسییان نەبوو. کە نەشیانبوو، حیسابیشیان بۆ سیاسییەکانی خۆیان نەدەکرد، گوایە بە حیسابی خۆیان چەندی بتوانن دەرکەون و دژ بن، هێندە لای خەڵک خۆشەویستتر دەبن! جگە لەوەش پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992ەوە، لە ژێر ئیرادەی موتڵەقی پارتی و یەکێتیدا بووە، چونکە ئەوان خۆیان بە خاوەن و دامەزرێنەری پەرلەمان زانیوە و کاتێکیش کە پارتی دیتی خەریکە نە ئەوان و نە یەکێتی کۆنترۆڵیان بەسەر تێکڕای پەرلەماندا نامێنێت، تەعتیلیان کرد و، بڕیارەکانیان بردەوە بۆ مەکتەب سیاسییەکان، واتا مەتبەخە ئەسڵییەکە.

ڕاستییەکەی کاری پەرلەمانی و ڕووە ڕاستەکەی ئەوەیە کە پارتی دەیکات، چونکە پەرلەمانتارانی پارتی، بەدەنگی پارتییەکان و بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی لە پەرلەمانن و، ئەگەر بەشێوەی سەربەخۆ خۆیان هەڵبژاردبایە، ڕەنگبێ یەک دوو یەکیان بوویان بە ئەندامی پەرلەمان. بۆ ئەندام پەرلەمانەکانی دیکەش هەمان شتە و ئەگەر حیزبەکانیان لە پشت کاندیدکردنیانەوە نەبان، نەدەبوونە ئەندامی پەرلەمان. بۆیە پەرلەمانتاران و سەرۆکی هەڵپەسێردراوی پەرلەمان لەجیاتی ئەوەی دەرک بە دەرک بگەڕێن بۆ سکاڵاکردن لە کارانەبوونی پەرلەمان، دەبێ بزانن کە ئەوان هۆکاری تەعتیلی پەرلەمانن و هەر ئەوانیشن کە ئەگەر هێندە پەرۆشی دامودەزگاکانن، دەتوانن بەکاریان بخەنەوە و شەرعییەتیان بۆ بگەڕێننەوە.

ئەگەرپارتی هۆکاری تەعتیلکردنی پەرلەمان بێت، ئەوا نەبوونی کاریگەریی حیزبەکانی دیکە بەسەر ئەندام پەرلەمانەکانیانەوە، نیشانەی ئیفلاسی سیاسی و لاوازییانە لە بەڕێوەبردنی حیزبەکانیان، نەک داکۆکیکردن لە مافی خەڵک. چونکە دوو ساڵە خەڵک هەست بە بۆشایی پەرلەمان ناکات و بگرە وەک سەرچاوەی کێشە سەیری دەکات. بۆیە کاراکردنەوەی پەرلەمان لەناو حیزبەکانەوە دەست پێدەکات، بە شێوەیەک کە بتوانن ئەندامانی خۆیان بەڕاستی بکەنەوە بە فراکسیۆنی یەکگرتوو و یەکدەنگ و، پابەند بە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەت و ستراتیژی حیزبەکانیان.

## پارتی (بە مەرج) بەغدا چۆڵ ناکات

2

هاوکات لەگەڵ ئەوەیدا کە پارتی لەگەڵ یەکێتی و حزبەکانی دیکە، کار بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی (لە سەرانسەری کوردستان بە کەرکوک، خانەقین و شەنگالیشەوە) دەکات، سیلەیەکی چاویشی هەر لە بەغدایە و، پڕنەکردنەوەی پۆستە چۆڵەکانیشی لە بەغدا مانای ئەوە نییە کە بە یەکجاری دەستی لە بەغدا شووشتبێت، بە پێچەوانەوە پارتی بیر لەوە دەکاتەوە کە تا ئەو ڕۆژەی سەربەخۆیی ڕادەگەیەندرێت، مەیدانەکە بۆ کەس چۆڵ نەکات. هەر بۆیە بەشێوەیەکی جیددی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی 2017ی کوردستان (ئەگەر بکرێت) و 2018ی بەغدا ئامادە دەکات.

پارتی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی 2018 مەرجی ئەوەی هەیە کە یاسای هەڵبژاردنەکان لە وڵاتی بەناو عێراقدا دەستکاری بکرێ، بەشێوەیەک کە ڕێگر بێت لە هەیمەنەی شیعە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە، ڕێگر بێت لەوەی خەونی مالیکی بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر کورسیی دەسەڵات بێتەدی. ڕەنگبێ پرسیار ئەوە بێت کە سەربەخۆیی و ململانێ بۆ هەڵبژاردن لە بەغدا کوجا مەرحەبا؟ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە غیابی پارتی لە بەغدا تا کامڵبوون و ( بۆ کامڵبوونی) پرۆسەی سەربەخۆیی بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات و پارتی ئامادە نییە، جێگەی خۆی وەکو دووەم حیزبی گەورە بداتە کەس، سەرباری ئەوەشی کە ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنیشدا نەبێ، بەڵام بەغداش بەبێ پارتی نابێت. پارتی ئەگەر بتوانێ یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان بگۆڕێت، بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکات و بەوەش هەم ڕێگری لە ئیستیبدادی مەزهەبی کردووە و، هەمیش پێگەی خۆی و کورد لە بەغدا بەهێزتر دەکات. لەو پێناوەشدا ڕەنگبێ لایەنەکانی دیکە مەتڵەبیان بێت کە ئیمتیازێک لەوبارییەوە لە پارتی وەربگرن کە ئەویش سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە (لە ڕاستیدا سەرۆکی ئێستا دەورێکی ئەوتۆی بۆ نەهێشتراوەتەوە)، بۆیە پارتی لە هەنگاوی یەکەمدا، وا دەکات کە سەربەست ئامێدی و ستافەکەی، پێش ئەوەی بەرەوڕووی هیچ لێپێچینەوەیەکی وەک ئەوەی زێباری ببنەوە، خۆیان دەست لەکار بکێشنەوە و ئیمتیازێکی زیادە نەدەنە لایەنگرانی ئیستیبدادی مەزهەبی.

## "لە پڕێکا خۆمانی پێدا دەکەین"

3

چوونە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ناو کوردستانی ڕۆژئاوا لە ئانوساتدایە. ڕەنگبێ ئەردۆغان نەیەوێ لەو بابەتەدا تووشی بەرکەوتن بێت لەگەڵ سەربازانی سوپای ئەمریکا کە لە ناوچەکەن، بەڵام ئیتر باس لە ئەردۆغانێک دەکەین کە ئەوەی بڵێ دەیکەم، دەیکات. پەکەکە نەیتوانی بۆردومانەکانی هەفتەی ڕابردووی تورکیا بۆ سەر شنگال و قەرەچوخ وەک کەرەستەی پڕۆپاگەندە بۆ خۆی بەکار بهێنێت، بۆیە لە حاڵەتێکی وەهاشدا هەر بە تەنها دەمێنێتەوە. چونکە نەیارترین حیزبەکانی پارتیش نەیانتوانی ئەوە نەڵێن کە بوونی پەکەکە هۆکارە بۆ پەلامارەکانی تورکیا و پەکەکەش هەر ئەوە ئامانجیەتی. تورکیاش وەک ئێران بێ گوێدانە یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی لە ڕووی سوپاییەوە دەخزێتە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشترین بیانووشیان ئەوەیە کە مادام بۆ ئێران حەڵاڵ بێت بۆچی بۆ ئەوان حەرامە؟ تورکیا کوردستانی ڕۆژئاوا داگیر دەکات، بەڵام کاردانەوەکان قەت وەک پەلاماری داعش بۆ سەر کۆبانێ نابن.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# ماکرۆن هیوایەک بۆ فەرەنسا

خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی فەرەنسا کۆتایی هات و وەک چاوەڕوان دەکرا لە نێوان چەپێکی پەرتەوازە و پارتێکی سۆشیالیستیی لەتوپەت و ڕاستێک کە شەرمنانە بەرگری لە کاندیدێکی ئابڕووبراو و گەندەڵ دەکرد، ئیمانوێل ماکرۆن و مارین لوپێن وەکو دوو ڕکابەر بۆ خولی دووەم مانەوە. بێگومان بە ماتماتیکی دەنگدان پاش ئەوەی کاندیدە شکستخواردووەکانی خولی یەکەم پێکەوە لە سەنگەرێکدا لەگەڵ ماکرۆن بەرامبەر مارین لوپێن کۆدەبنەوە، چاوەڕوان دەکرێت زۆرینەی ڕەهای فەرەنسییەکان لە خولی دووەمدا پێکەوە ببنە بەربەست لە بەردەم مارین لوپێن و نەهێڵن فەرەنسا لە بەهاکانی دابماڵێت و لە جیهانی دابپڕێت. سەرکەوتنی ماکرۆن لە خولی دووەمدا چاوەڕوانکراو و پێویستی و ئەرکێکی مێژووییشە بۆ فەرەنسییەکان کە هێشتاش زۆرینەی هەرە زۆریان پابەندی سەروەرییەکانی پێشوو، هەروەها ئەو بەها جیهانییانەن کە شۆڕشی فەرەنسی جاڕی بۆ داو جیهانی نوێی لەسەر بنیاتنرا. فەرەنسییەکان جیهانێک کە لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و لێبووردەیی و هەمەڕەنگی بنیاتنراوە، نارووخێنن لەکاتێکدا خۆیان بنیاتنەری ئەو جیهانەن، بۆیە مارین لوپێن نمایشێکی بێهوودە دەکات لەناو جیهانێکدا کە پیرۆزیی بەهاکان تێیدا گرنگترە لە ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم و چاوەڕوان ناکرێت ئەزموونی ترامپ و تێرێزا و (فرانکزیت) لە فەرەنسا ڕووبدات. ئەم هاوکێشەیە دەرئەنجامەکەی دیارە و فەرەنسا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆشیدا دەبێتە خاوەنی سەرۆکێکی لاوی دەرەوەی هاوکێشە دووبارەکانی چەپ و ڕاستی کلاسیک کە لە ماوەیەکی کورتدا وەکو دیاردەیەک سەری هەڵدا، بەڵام وەکو پێداویستییەکی مێژوویی دەرئەنجامی چەندین ساڵ حوکمڕانیی لەیەکچووی چەپ و ڕاست، وەڵامدەر و پێویستیی ئەم ساتە مێژووییەی فەرەنسایە.

فەرەنسا پێ دەنێتە قۆناغێکی مێژوویی نوێوە، پێنجەمین کۆمار دیمەنێکی سیاسیی نوێ وەردەگرێت کە لە مێژووی زیاتر لە پەنجا ساڵی پێشووی ناچێت، پاش زیاتر لە پەنجا ساڵ سیستەمی حوکمڕانی لەنێوان دوو هێزی سیاسیی کلاسیکی فەرەنسی و دەستاودەستی هەمیشەی دەسەڵات لەنێوان دوو هێزدا، چەپێکی کلاسیکی میانڕەو بە ڕابەرایەتی پارتی سۆشیالیست و ڕاستێکی کلاسیکیی میانڕەو (کۆمارییەکان) کە لە سەردەمی دیگۆلەوە بە چەند ناوی جیاواز خۆی نمایش کردووە، ئەوە یەکەمین جارە، هێز و ئایدیۆلۆژیا و پرۆژەیەکی نوێ بە ڕابەرایەتی نەوەیەکی نوێ دێتە سەر شانۆی سیاسی.

دوای شکستی ناوخۆیی سۆشیالیستەکان و پارچە پارچەبوونی حیزبەکەیان کە نەیانتوانی دوای فرانسوا هۆلاندی سەرۆکیان بکەون لەکاتێکدا ئەو پێشبینی هەرەسی حیزبەکەی کرد و زوو خۆی لە گەمەی دۆڕاو و خیانەتی برا ناسۆشیالیستەکانی کێشایەوە کە کۆتاییان بە مێژووی حیزبەکەی جان جۆرێس هێنا، ئەو حیزبەی بە پەیامی جیهانگەرایی و مرۆڤدۆستی و سروودی ئینتەرناسیۆنال بنیاتنرا، هەروەها دوای شکستی بەرەی ڕاست و دابەشبوونی ئەو حیزبەی کە جەنەراڵ شارڵ دیگۆلی ڕابەری ڕزگاریخوازی فەرەنسا بە پەیامی کۆمارێکی بەوەفا بۆ پەیامەکانی شۆڕشی فەرەنسی و بەها ئینسانییەکانی بنیاتی نا، فەرەنسا ماڵئاوایی لە دوو بەرەی کلاسیکی سیاسەت دەکات و لە کۆماری پێنجەمدا دیمەنێکی سیاسیی نوێ و ئەزموونێکی نوێی حوکمڕانیی تێکەڵ لە چەپ و ڕاست بنیات دەنێت. هەر خودی دەرکەوتنی ئیمانوێل ماکرۆن ئاماژەی نوێکردنەوەی ژیانی سیاسییە لە فەرەنسا کە لەنێوان ئەو دوو هێزە نەریتی و کلاسیکییەدا پیر و ماندوو بووە. فەرەنسا پیر و ماندووی هەمیشە دووبارەکردنەوەی بێهوودەی حوکمڕانییە لە نێوان چەپ و ڕاستێکدا کە سەرباری جیاوازیی ئایدیۆلۆژییان، خەڵک وەکو دوو ڕووی یەک دراو دەیانبینن.

ماکرۆن لەو دۆخە مەنگە سیاسییەی فەرەنسادا کە پێویستی بە گۆڕین و نوێکردنەوە هەبوو، لەپڕ دەرکەوت و زۆر کەس پێیانوایە خودی ماکرۆن دروستکراوی هێزێکی سەرووترە لە پشتی هەموو ئەو هێزە کلاسیکیانەوەی کار بۆ نوێکردنەوەی فەرەنسا دەکات. ئەمە ڕاستییەکی تێدایە، ئەو هێزەی باوەڕ و مەترسییەکی لا دروست بووە کە بەردەوامبوونی فەرەنسا بەم دیمەنە سیاسییە کلاسیکییە و ئەو هێزە خەمساردانەی نێوان چەپ و ڕاست کە تەنیا شەڕی دەسەڵات دەکەن، تا دێت تووڕەیی فەرەنسییەکان و بە تایبەتی نەوەیەکی نوێی گەنجان لە سیاسەت و ئەو توێژە حوکمڕانانە زیاد دەکات و تادێت لەو گەمەیەدا بەرەی ڕاستڕەوی ناسیۆنالیست و ڕەگەزپەرست و دژە بەهاکانی کۆماری فەرەنسا و شۆڕشە مەزنەکەی بەرەو دەسەنن و فەرەنسا کەنارگیر دەکەن، تاکە چارەسەرێک کاری بۆ بکات دروستکردنی دیاردەی ماکرۆنیزمە، بۆ ئەوەی فەرەنسا نەکەوێتە ناو باوەشی ئاگرین و دڵڕەقانەی ناسیۆنالیست و پۆپۆلیزمەوە و ترامپێکی دی لە فەرەنسا سەرهەڵنەدات.

ئەو دەنگانەی کە ماکرۆن بە دەستی هێناون، دەنگی نەوەیەکی نوێ و گەنجانی تووڕە و توێژێکی زیرە لە سیاسەت لە فەرەنسا کە لە زۆربەی خولەکانی هەڵبژاردندا پشتیان کردووەتە سیاسەت و بەشداریی دەنگدانیان نەکردووە، چونکە پێیان وابووە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسیدا هیچ لە ژیانی ئەوان و لەو سیستەمە سیاسییە هەمیشە دووبارە و لەیەکچووەی چەپ و ڕاست ناگۆڕێت. بەڵام لەم خولەدا ئەم نەوەیە بەدەم بانگەوازی کاندیدێکی نوێوە دێت و لە پشتگیریکردنی پرۆژەکەی ئەودا خەونی خۆی بەرجەستە دەکات و چاوەڕوانە ئەو کاندیدە مۆدێلێکی نوێی سیاسەت و پرۆژەیەکی نوێی ژیانیان پێشکەش بکات.

وانەیەک کە ئەم هەڵبژاردنە نیشانی ئێمەی دا، ئەو ڕاستییەیە کە هێشتا فەرەنسییەکان خۆیان بە خەمخۆری وڵاتەکەیان و مێژوو و شوناس و بەهاکانی فەرەنسا دەزانن و هێشتا بەشدارێکی ڕاستەقینەی جووڵەی سیاسی وڵاتەکەیانن، هێشتا بەهاکانی چەپ و ڕاست لە هۆشیاری و ئیرادەی هاونیشتمانیاندا زیندووە، ئەوەی لە کەناری مەرگدایە ئەوانەن کە ئیدی پیر بوون لە هەڵگرتنی ئەو ئاڵایەی حیزبەکانی چەپ و ڕاست ناخوازن ڕادەستی نەوەیەکی نوێی بکەن، ئەوە مەرگی ئەو سەرکردە سیاسی و ئەو دەموچاوە بێزراو و هەمیشە دووبارە و چەندبارە و شکستخواردووە گەندەڵانەن کە چیدی بەرجەستەی بەها پیرۆزەکانی چەپ و ڕاست ناکەن، بەڵام دەستبەردایشی نابن بۆ نەوەیەکی نوێ. بۆیە نەوەی نوێ ئەمجارە لە ڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە سزایاندان و ئەو ئاڵایانەیان لە ژێر چنگ دەرهێنان و تەسلیمی هەڵگرێکی نوێی دەکەن بەو هیوایەی هەمان ئەزموونی سیاسەتمەدارانی پێشوو دووبارە نەکاتەوە، ڕابەرێکی نوێ بە پاڵپشتیی نەوەیەکی نوێ، بە پرۆژە و ئایدیۆلۆژیایەکی نوێوە کە چاوەڕوان ناکرێت ببێتەوە زیندانی و کۆیلەی شێوازێکی حوکمڕانیی شکستخواردووی بێبەرهەم و بێهوودە. فەرەنسییەکان چاوەڕوان دەکەن ماکرۆن بێئومێدیان نەکات و شێوازێکی نوێی حوکمڕانی شەرەفمەند و خۆشبەخت بۆ فەرەنسییەکان بکاتە بەرهەم. ئەمە هیوایەکە ئەگەرچی خەونیش بێت.



بەختیار کەریم

# چوار سوارەی گوندی ئیتاڵی

## پەرلەمان و یادەوەری

پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن پارتییەوە، گورزێکی کوشندە بوو بۆ ئەزموونی پێنەگەیشتووی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان. ئێستاش بەدەر لەوەی ئامانجی پارتی چییە لە سەرسەختییەکەی، کارانەکردنەوەی پەرلەمان ئاکامی ترسناکی دەبێت لەسەر ئایندەی هەرێم. لەبەرامبەردا، کەللەڕەقیی گۆڕان ئەنجامەکەی تەنیا بچوکبوونەوەی ئەو حیزبەیە و کورتبوونەوەیەتی لە یانەی کۆمەڵێک شارچیدا کە دوا ئامانجیان نەبوونی ئامانجە و تەنیا پاڵنەریان دژایەتیکردنی پارتییە. گۆڕان و پارتی، بەخۆیان بزانن یان نا، لە ململانێی کەللەڕەقییەکی ناسیاسیدا، سەرقاڵی لەگۆڕنانی دیموکراسیەکن کە بە ساوایی و بەهاوکاریی یەکێتی و ئیسلامییەکان کوشتیان.

سەرەڕای بایەخی پەرلەمان بۆ هەموو پرسەکانی ئایندە، پەرلەمان پێش پەکخستنی ئیفلیج بوو. زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ بوونەتە پاڵپشتی پەرلەمان، دوێنێ ڕەخنەگری سەرسەختی ئەم دامەزراوەیە بوون و وەک ئیفلیج و ناکارا و لێبووکی دەستی حیزبەکان پێناسەیان دەکرد. کەواتە بایەخی پەرلەمان بۆ پەرلەمانخوازەکان تەنیا لەوەدایە کە دامەزراوەیەک بوو، پێش لەکارخستنی، لێبووکێکی باش بوو بەدەست کۆمەڵێک حیزبەوە کە پشکی دەسەڵاتیان کەمتر بوو لە پارتی. پەرلەمان سەکۆیەکی گونجاو بوو بۆ دەربڕینی ناڕەزایی حیزبی، نەک سەکۆیەک بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادەی خەڵک. کەواتە هەموو ئەوانەی دەگرین، بۆ ساوایەکی کوژراو ناگرین کە ناوی دیموکراسی بوو، بەڵکو بۆ کەناڵێک و سەکۆیەک دەگرین کە بۆ حیزبەکەیان سوودی هەبوو. ئەگەر پێشبینی سیناریۆیەکی پێچەوانە بکەین و گۆڕان و پارتی ڕۆڵەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن، ئێستا پارتی بۆ پەرلەمان دەگریا و گۆڕان پۆزشی بۆ پەکخستنی پەرلەمان دەهێنایەوە.

تەنانەت ئەگەر ئێستا پەرلەمان کارابووایە، هیچ یەکێک لە کێشەکانی ناوخۆ چارەسەرنەدەکران، چونکە هەمیشە ئەو کێشانە لەسەر ئاستی مەکتەب سیاسیدا، کۆمەڵێک پیاوی دووبارە، چارەسەریان کردوون. پەرلەمان هەندێک جار کێشەی دروستکردووە، بەڵام هەرگیز کێشەی چارەسەر نەکردووە. تەنها بایەخی پەرلەمان لەوەدا بوو کە شەرعیەتی دەدا بە بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی (هەندێک جار گۆڕان و ئیسلامییەکان).

ئێستا کە کەسانێکی وەک نووسەری ئەم بابەتە باس لە گرنگیی کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکەن، لەبەر ئەوە نییە کە پەرلەمان بەرجەستەی دیموکراسی و ئیرادەی خەڵکی دەکرد لەم هەرێمە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە پەرلەمان پێویستە بۆ ئەوەی شەرعیەت بدات بە بڕیاری حیزبەکان، بەتایبەتی بۆ بابەتی گرنگی وەک ئایندەی کەرکووک و ناوچە ئازادکراوەکان و ریفراندۆم و سەربەخۆیی. ئەم شەرعیەتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا زۆر گرنگترە لەوەی هەندێک حیزب وێنای دەکەن.

## چوار سوارەی گوندی ئیتاڵی

دوانزە سوارەی مەریوان، داستانێکی ناسراوی کوردییە باس لە دلێریی دوانزە کەسایەتی دەکات کە گوایە سوپایەکی زۆر گەورەیان تێکشکاندووە! جێگەی سەرنجە، وەک تەنزێک دەگوترێت کە "فلان"، بڕیار بووە لەگەڵ دوانزە سوارەی مەریوان بچێت، بەڵام لەکاتی سواربوونی ئەسپەکەیدا کەوتووە و قاچی شکاوە، ئیدی نەیتوانیوە ببێتە سوارەی سیانزەیەم.

سەردەمی فەیسبووکیش داستانی خۆی هەیە! داستانێکی ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان لە خۆبەزلزانی و لووتبەرزیدا، داستانی چوار سوارەی گوندی ئیتاڵییە، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کورستان. سەدە سەدەی بیست و یەکە و ئامرازی سواربوون وەنەوشەی ژمارە پەرلەمانە، شوێن ژێرزەمینی ڤیللایەکی گوندی ئیتاڵییە. پاش ئەوەی پارتی پەرلەمانتارانی ناچار کرد خەباتی ژێرزەمینی پەیڕەو بکەن، لە کەشوهەوایەکی نهێنیدا، بە ترس و فیغانێکی زۆرەوە، چوار پەرلەمانتار، داستانێک تۆمار دەکەن و نامەیەک دەگەیەنن بە پەرلەمانی "بێئاگای" یەکێتی ئەورووپا.

چوار سوارەی گوندی ئیتاڵی، نامەکەیان بە زمانێک دەنووسن (گوایا ئینگلیزییە)، بەڵام هێشتا پسپۆڕانی زمان یەکلاییان نەکردووەتەوە ئایا نامەکە بە ئینگلیزیی شکسپیری نووسراوە یان لەوانەیە زمانێکی نوێ بێت کە ئێمە هێشتا پێی ئاشنا نین. مەکسیکییەکانی ئەمریکا زمانێکیان داهێناوە کە تێکەڵەیەکە لە ئیسپانی و ئینگلیزی و پێی دەڵێن (سپانگلیش)، لەوانەیە ئەم چوار وەنەوشەسوارە (کوردگلیشیان) داهێنا بێت!

وەک لە کولتووری حیزبەکانی ئێمەدا باوە، هەوادارانی ئەوانەی هەڵە دەکەن، لەجیاتی ئەوەی هەڵەکاران ناچار بکەن داوای لێبوردن بکەن، بەدوای پۆزشی سەیردا دەگەڕێن. پۆزشخوازانی چوار سوارەی گوندی ئیتاڵی دەڵێن، گرنگ نییە نامەکە بە زمانێکی سەقەت نووسراوە، گرنگ ڕەوایەتی ناوەڕۆکەکەیەتی. ئەمە وەک ئەوە وایە بە گوێزی پووچ بڵێیت، گرنگ پووچییەکەی نییە، گرنگ توێکڵەکەیەتی!

نووسەرانی ئەو نامەیە ئەوەندە لووتبەرزن، ئامادە نەبوون بۆچوونی کەسێکی تر وەربگرن لەسەر زمان و ناوەڕۆکی نامەکەیان. زۆر خۆبەزلزانانە خۆیان وەک نوێنەری چوار فراکسیۆن پێناسە دەکەن. ئەگەر چوار فراکسیۆن نامەی فەرمی بۆ پەرلەمانی ئەورووپا بنووسن، بۆ دەبێت تەنها ناوی چوار پەرلەمانتاری لەسەر بێت؟ کێشەکە لێرەدا لە وێناکردنی چوار سوارەی گوندی ئیتاڵیدایە بۆ خۆیان، وەک چوار جەنگاوەری لەخۆبوردوو کە بەناوی هەموومانەوە لە جەنگێکی پیرۆزدان و چاکیان لێکردووە بەلادا و دژایەتیی گەندەڵی دەکەن. بەڵام وەک هەموو "شۆڕشگێڕ"ەکانی پێش خۆیان، بیریان دەچێت کە پانتاییەکی چەند فراوان هەیە لەنێوان ئەوان و ئەو خەڵکەی گوایا لەپێناویاندا دەجەنگن. بیریان دەچێت لە نامەکەدا باس لە حاڵی خراپی خۆیان بکەن کە هێشتا لە گوند دەژین، گوندێک کە هەرگیز کارەبای نابڕێت! بیریان دەچێت بە خوێنەرانی نامە عەنتیکەکەیان بڵێن کە ئەوان چەند دوورن لە خەمی خەڵک و لە شوێنێک دەژین کە زۆربەی هەژارانی هەولێر، لە هەژارانی دهۆک و سلێمانی بگەڕێ، هەرگیز ڕێیان تێی نەکەوتووە.

لەڕاستیدا ئەگەر دژایەتیکردنی گەندەڵی لەخۆمانەوە دەستپێنەکات، ئەوا جگە لە درۆیەک و هەوڵێک بۆ فریودان زیاتر نییە. پاش دوو ساڵ لە پەکخستنی پەرلەمان لەلایەن ئەو "سوپایانەوە" کە نووسەرانی نامەکە باسی دەکەن، ئەم پەرلەمانتارانە هێشتا بە مووچەیەکی زۆرەوە لە گوندێک نیشتەجێن کە چەکدارانی هەمان ئەو "سوپایانە" دەیپارێزن. هێشتا بەرزترین مووچە و دەرماڵە وەردەگرن و بە ئۆتۆمبیلی پەرلەمانەوە بەناو شارێکدا پیاسە دەکەن کە "سوپاکان"ی پارتی داگیریان کردووە. دیارە ئەم چوار سوارە و ئەوانەی تر کە لەبەر شکانی "قەڵەم"ی ئەژنۆیان نەیانتوانی نامەکە واژۆ بکەن و ببنە سوارەی پێنجەم و شەشەم و هتد... کون لە جەرگیاندا نییە و لە شارێکی داگیرکراودا سەرقاڵی خەباتی ژێرزەمینین!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دایبی و شیر و پسکیت

دادگاکەی گەرمیان کارێکی باشی کردووە کە دزێکی حوکمداوە. داواکاری گشتیش چاکی کردووە کە سەرەڕای لێخۆشبوونی سکاڵاکارانیش، هەر کۆڵینەداوە و "مافی گشتی"ی لە کابرای دایبی و شیردز ستاندووەتەوە، بەڵام ئەم کەیسە دەیسەلمێنێت کە سکی تێری سیستمی دادوەری لە کوردستان ئاگای لە سکی برسیی هەژارێکی نیومووچەخۆری تەمەن سەرووی پەنجا ساڵ نییە. بۆیەش زیادەڕەوی دەکات لە حوکمداندا.

ئەوانەی شارەزای یاسان، سەت لەسەت بڕوایان وایە دادوەر لە کەیسی پیاوە دایبی و شیردزەکەدا کەمترین سزای داناوە کە دەتوانێ بیدات. من ئەو مادانەم خوێندنەوە و لێمکۆڵینەوە کە لەسەر بنەمایان دزەکە سزادراوە. خۆم هێنایە شوێنی دادوەرەکە و تێیگەیشتم ئەگەر بمەوێ یاساکە دەقاودەق وەک خۆی جێبەجێ بکەم، بەڵام دڵیشم بە کابرای سکاڵالەسەرکراو بسووتێت، گەورەترین چاکە کە بتوانم لەگەڵی بکەم ئەوەیە کەمترین سزای بدەم کە دە ساڵ و چەند مانگێکە.

ئەمە یەکێک لە وێنەکانی کەیسەکەیە. وێنەی دووەم ئەوەیە کە فەرمانبەرێکی دەوڵەت هەیە. تەمەنی پەنجا و دوو ساڵە. منداڵێکی ساوای هەیە کە شیر و دایبیی دەوێت. دەوڵەت مووچەی ڕێکوپێکی ناداتێ و نیومووچەکەشی بەتەواوەتی وەرناگرێت. تەمەنی ڕێگەی پێنادات کاربکات. کرێنشینە و سێ منداڵی دیکەشی هەن. دۆست و هاوڕێ هاوکاریی دەکەن و کەمێک باری سەرشانی سووک دەکەن، بەڵام هەرواش ناتوانێ کێشەی شیری منداڵە ساواکەی چارەسەر بکات. ئەو فەرمانبەرە لە وڵاتێکدا دەژیت کە هۆشیاریی یاسایی تێیدا زۆر کەمە. بیری بۆ چارەسەرێکی خراپ بۆ کێشەکەی دەچێت. ئەویش ئەوەیە کە شیر و دایبی لە دووکانان بدزێت و هێندەی ئەوەش بیهێنێت کە منداڵەکەی پێویستی پێیە، نەک بچێ بیفرۆشێتەوە. ئەو باوکە دزییەکەی لێ ئاشکرا دەبێ و دەگیرێت. منداڵە ساواکەش شیر و دایبییەکەی باوکی لێ دەبڕێت. ساڵێکی ڕێک باوک دەکەوێتە زیندانەوە. خاوەن دۆزەکان لێی خۆشدەبن، بەڵام دەوڵەت پێ دەخاتە کەوشێکەوە و دەڵێت دەبێ ئەو کابرایە سزایەک بدرێت کە نەک هەر جارێکی دیکە نەتوانێ شیر و دایبی بۆ منداڵەکەی بباتەوە، بەڵکو تا گەورەش دەبێ لەگەڵی لە ماڵێکدا نەژیت. باوکە بێ پارە و بێ کەس و ئابڕووبردراوەکە تەنانەت پارێزەرێکیشی نییە داوای مافی بکات و حوکمێکی قورسی بەسەردا دەدرێت.

وێنەی سێیەم وێنەی ئێمەیە. هاونیشتمانیی وڵاتێکین کە کەیسی گەورە گەورەی گەندەڵی لە میدیاکان و تەنانەت دادگاکانیشدا ئاشکرا دەبن و تاوەکو ئێستا کەسیان لەسەر سزانەدراوە. داوامان لێدەکەن وڵاتەکەمان خۆشبوێت و خۆشیشماندەوێ، بەڵام ناتوانین دڵنیابین یاسا وەک یەک لەپشت هەموومانە و هەژار و دەوڵەمەند وەک یەک دەپارێزێت. بۆیەش لە هەڵسەنگاندن و کاردانەوەکانیشماندا بۆ کەیسێکی وەک ئەوەی کابرای دایبی و شیردز، لەجیاتی ئەوەی بە چەسپاندنی یاسا و پاراستنی مافی گشتی خۆشحاڵ بین، پێی نیگەران و ناڕازی دەبین. چونکە پێمانوایە ئەو دادوەرانەی نە کەمکردنەوەی مووچە و نە وەرگرتنی نیومووچە نەیگرتنەوە، ناتوانن لەوە تێبگەن کە بۆچی باوکێکی گیرفان بەتاڵ، لە پاڵ بژارەکانی دیکە بۆ دابینکردنی شیر و دایبیی منداڵەکەی، بەرەو ئەوە دەچێت بە ڕێگەی نایاسایی ئەمە بکات. ئەمەش دروست ئەو چیرۆکە فەرەنسییەمان بیردەهێنێتەوە کە کاتێک خەڵک لەبەر هەژاری و نەبوونی نان ڕژابوونە سەرشەقام، شاژن گوتبووی "مادام نان نییە، بۆچی نارۆن پسکیت بخۆن؟"

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## نەوەکەی سەددام حەزی لەکوردستانە

10 »


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net









